هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

ڕۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپو بڵاو کردنەوەی کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد – شارع الجمهورية – ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

(٨) لاپەڕە
نرخی
(٢٥) فلسە
لە (دارالحرية)
چاپ ئەکرێ

ژمارە (٢٥٥) ٢١-٢-١٩٧٥

لەم ژمارەیەدا

- فۆرد رەنگی نەخشەی بودجەی نوێی پەنتاگۆن چۆن ئەرێژێ ؟! ل : ٢
- فرمێسکێ .. لەیادی چیرۆك نووسێکی جوانەمەرگدا .. ل : ٣
- ماڵ ئاوایی .. ئەم هەفتەیە لەمێژوودا .. ل : ٤
- گۆشەی ئافرەتان – نموونەی ئافرەتێکی کورد .. ل:٥
- کۆمەڵە هەڵبەستی « ئاو »و چاوپێداخشاندنێکی خێرا .. ل : ٦

شۆرشگێرانی ئەریتریا ئەیانەوێ کۆماریکی سەربەخۆ پێك بێنن

٢٢ ملیۆن دینار بۆ نەخشەی نوێی کشتوکاڵ تەرخان کراوە

ئاماژەی

سەرکۆمار تێکۆشەر کاك احمد حسن بکر لە سەعات یەکی نیوەڕۆی سێشەممەی رابوردوو لە بارەگاکەیانا لە کۆشکی جمهوری پێشوازی دکتور کورت فالدهاییم سکرتیری گشتی کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکانیان کرد .. وە لە دیدەنییەکە داباسی باری ناوچەی عەرەبی گیروگرفتی وزەو پەیوەندی نێوان عیراق و ریکخراوی دەوڵەتان کرا .. وە چاوپێکەوتنەکەش نزیکەی سەعاتێکی خایاند .

ئا٠د٠ع

ئێوارەی سێشەممەی ٩-٢ بەرێز کاك طه محیی الدین معروف جێگری سەرکۆمار لە بارەگاکەیدا پێشوازی دکتور کورت فالدهاییم سکرتیری گشتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد ... وە لە دیدەنییەکەداکە نیو سەعاتی خایاند کاك عبدالحسین جمالی جێگری وەزارەتی دەرەوو دکتور عبدالکریم شیخلی نوێنەری هەمیشەیی عیراق لە نەتەوەیەکگرتووەکانیدا ئامادە بوون ..

ئا٠د٠ع

رۆژی چوارشەممەی رابوردوو چوارەمین کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکاڵ کۆتایی هات و بەشداربووانی کۆنگرەکە دوو بروسکەیان بۆ بەرێز سەرەك کۆمارو بەرێز جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ناردو چەندین بڕیاری گرنگیان دا .. ئەمەش بروسکەو بڕیارەکانن :-

خەباتگێڕێ بەرێز کاك احمد حسن بکر سەرکۆمار .

بەدڵێکی پڕ لەبڕواوە بەسەرکەوتن و سووربوون لەسەر جێبەجێ کردنی ئامانجە پیرۆزەکانی شۆرش لەکەرتی کشتوکاڵەا ، ئێمەی بەشداربوان لە چوارەمین کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکاڵ زۆر سلاوێکی گەرمتان لێ ئەکەین ئەی فەرماندەی شۆڕش و رابەری گوڕینی سوشیالیستی یانە لەلادێدا .. ئێمە داوا لە خوای مەزن ئەکەین کە بتوانێ هێڵی بۆ ڕابەری کردن لە رەونە نیشتمانی و نەتەوەییە پێشکەوتنخوازەکەدا لەژێر روشنایی ئامانجە پیرۆزەکانی شورشدا وە تاوەکو بتوانین هیوا بەرزەکانی نەتەوەکەمان لە یەکێتی و سەربەستی و سوشیالیستیدا بهێنینەدی .

عزت الدوری
لەجیاتی چوارەمین کونگرەی ساڵانەی کشتوکاڵەوە

هەروەها ئەم بروسکەیەی تریان بۆ مامۆستا صدام حسین نارد :-

خەباتگێڕ مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی بەرێز :-

هەموو بەشداربووانی چوارەمین کۆنگرەی ساڵانەی کشتوکال سوپاسی بەرێزتان ئەکەن بەرامبەر بە بەشداربونتان لە کاروبارو کۆبونەوەکانی کۆنگرەکەو ئەو ئامۆژگاری ئایابانەی پێشکەشتان کرد ، ئەمانەش دەورێکی گرنگیان هەبوو لە جێگیر کردنی ستراتیژی زانستیانەی رەوتی کەرتی کشتوکاڵ بەهەموو لایەنەکانیەوە . ئێمە بۆ بەرێزتانی ئەسەلێنین کە بەردەوام ئەبین لەجێبەجێ کردنی بەرنامە بەرهەمهێنەرە گەورەکەی کشتوکاڵ و بەڵێنتان ئەدەینێ کە خەباتبکەین لە ژێر سەرکردایەتی سەرۆکی تێکۆشەر کاك احمدحسن بکر بۆ بەجێگەیاندنی هیزا جوامێرەکانی نەتەوەکەمان نەتەوەی عەرەب لە یەکێتی و سەربەستی و سوشیالیستیدا .

عزت الدوری
سەرۆکی ئەنجومەنی بەرزی کشتوکاڵ

وەلەلایەکی تریشەوە بەپێی بڕیارەکانی ئەم کۆنگرەیە نزیکەی ٢٤٤ ملیون دینار تەرخان کراوە بۆ جێبەجێ کردنی نەخشەی نوێی بەرهەمی کشتوکاڵی و دەستەبەر بوونی کادیری نوێ کەلەمانە ٨٨٦ کەسیان لەدەرچوانی کولیجی کشتوکاڵ و ٥١١ ئەندازیارو ٢٢١ دەرچوانی کولیجی ئاداب و یاساو کۆمەلایەتی و زانیاری و چەندین کادیری تر . وە بەپێی ئەم نەخشەیە ١٣ ملیون و ٦٠٥ هەزارو ٩٢٦ دونم زەوی لەساڵی ١٩٧٥-١٩٧٦ بەکشتوکاڵی زستانە ئەچێنرێ و ٧١٠ هەزارو ٣٥١ دونمیش هاوینی ئاینده ئەچێنرێ .

ئا٠د٠ع

هەروەها مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش لە بارەگاکەیدا لە ئەنجومەنی نیشتمانی پێشوازی دکتور کورت فالدهاییم سکرتیری گشتی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکانی کرد وە لەدیدەنییەکەدا باسی باری خلیجی عەرەب و گیروگرفتی ئابوری جیهانی کرا .. چاوپێ کەوتنەکەش نزیکەی سەعاتێك و چل و پێنج دەقیقەی خایاند . لەلایەکی ترەوە رۆژی چوار شەممەی رابوردوو دکتور فالدهاییم دوای سەردانە کورتەکەی عیراقی بەجێ هێشت و لەلایەن مامۆستا نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی قطری پارتی بەعسی سوشیالیستی عەرەب و وەزیری لاوان و دکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوە بەڕێ کرا .

ئا٠د٠ع

شورشگیرانی ئەرتیریا کۆماریکی سەربەخۆ پێك ئەهێنن

هەفتەی رابوو سەرکردەیەکی بەرەی رزگاری خوازی ئەرتیریا لەبیروت لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی دا رایگەیاند کە شۆرشگێران خەریکی ئەوەن کۆماریکی سەربەخۆ لەئەرتیریا دابمەزرێنن و ئەمەش دەوڵەتێکی نیشتمانی بی لایەن ئەبێ و پەیوەندی دۆستانە لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەدا ئەبەستێ کەپشتگیری ئەکەن وە بەپێی بەرژەوەندی و پێویستی گەل رەنگی سیاسەتی ناوخۆی ئەرێژێ . سەرکردەکە لەکۆنگرەکەدا وتی ئیمە حەز ئەکەین کە وتوێژ لەگەڵ حەبەشە بکەین بەمەرجێ رێزیمی ئەدیس ئەبابا دان بەسەربەخۆیی ئەرتیریادا بنێ ، ئەوکاتەش رێگای لەشکرە ئابلۆقەدراوەکەی ئەدەین کە بکشێتەوە و دەربارەی باجێ ترافزێتی ئابوری کە لە رێگای دەریای سورەوە دێت وتووێژیان لەگەڵدا ئەکەین .

سەرکردەکە لەکۆتاییدا وتی: لەم دواییەدا شۆرشگێران دوو هەزار سەربازی حەبەشەیان کوشتوەو بریندار کردوەو (٤١) تانك و زرێ پۆشیان پەك خستوە .

ئاژانسەکان

یادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان

رۆژی سێ شەممەی رابوردوو ١٨ی شوبات یادی بیست و دوو ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستانی عیراق بوو کە بەپێی بڕیارەکانی سێیەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان دەربارەی دامەزراندن و پێکهێنانی رێکخراوی جەماهیری دیموکراتی کوردستانی ، لە سەرەتای ساڵی ١٩٥٣دا ئەم رێکخراوە ، ئەم یەکێتییە وەکو رێکخراوێکی قوتابیانی کورد کە یەکێك بی لە رێکخراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرێنرا .

لە لایەکی ترەوە بە هۆی هەنگاوێکی پێشکەوتوانەی میری لە بەندی پێنجەمی بەیاننامەی ١١ی مارتی ساڵی ١٩٧٠دا وترابوو :-

« حکومەت دان بە مافی گەلی کوردا ئەنێ بە دامەزراندنی رێکخراوی قوتابیان و لاوان و ئافرەتان و مامۆستایان ، وە ئەو رێکخراوانە ئەندام ئەبن لە رێکخراوە نیشتمانی یەکانی عیراقدا وە لە مانە ئەچن » بەم جۆرە یەکێتی قوتابیانی کوردستان شان بەشانی رێکخراوەکانی تری کوردستانی شێوازێکی رەسمی وەرگرت .

هەر بەم بۆنەیەشەوە هەفتەی رابوردوو بەسەرپەرشتی مامۆستا نعیم حداد ئەندامی سەرکردایەتی قطری بەعسی سوشیالیستی عەرەب و وەزیری لاوان لە هۆلی زانستگای – مستنصریە – ئاهەنگێکی گەورە گێڕدرا ، یەکێتی قوتابیانی کوردستان بیست و دوو ساڵە لە تێکۆشانێکی بێ وچانی سەخت دایە ، شان بەشانی هەموو رێکخراوو یەکێتییە پێشکەوتنخوازەکانی تری عیراق .

ئەو خەباتە سەختەی یەکێتی قوتابیانی کوردستان لەو ماوە دوورو درێژەی تەمەنیا کردوویەتی دوو ئەرکی سەرشانی بەجێ گەیاندووە : یەکەم شان بەشانی رێکخراوە تێکۆشەرەکانی کوردستان هەمیشە پارێزگاری لە مافی رەوای نەتەوەی کورد کردوەو لەو رێیەوە بە دەیەها قوربانی داوەو مێژوی خەباتی خوێناوی نەتەوەکەی شایەتی ئەم راستییەیە .

ئەمەش شان بەشانی ئەو خەباتە بێ وچانە بووە کە لە پێناوی مافی قوتابیانی عیراق بەگشتی و قوتابیانی کوردستان بە تایبەتی گێڕاویەتی ولەم رووەشەوە راپەڕینەکانی جەماهیری گەلی عیراق بە کوردو عەرەب و کەمایەتیەکانیەوە شایەتی بۆ ئەدەن کە لە سەر دەمی دوا بڕاوی مەلەکی چەندین قوربانی داوەو شەهیدی لە سەر راستە رێگای تێکوشانیدا پێشکەش کردوە ..

سلاو لە یادی دامەزراندنی یەکێتی قوتابیانی کوردستان .

بڕیارەکانی کۆنگرەی زانایانی ئیسلام

هەفتەی رابوردوو کونگرەی زانایانی ئیسلام کە لەبەغداگیرا کاروبارەکانی تەواو بوو وەچەندین بڕیاریان دەرکرد لەمانە :-

کونگرەی زانایانی ئیسلام کەلەماوەی ٢-٧ی سەفەری ساڵی ١٣٩٥ی کۆچی بەرامبەر بە ١٣-١٨ی شوباتی ١٩٧٥ی ز بەسەرپەرشتی سەرکۆماری عیراق مهیب احمد حسن بکر گیرا .. وە کۆنگرە دوای کۆبونەوەکانی ئەم بڕیارانەی خوارەوەی دا :-

١ – پێویستی بەردەوام – جیهاد – کردن بۆ دەستخستنەوەی فەلەستین بەگشتی و قدس بەتایبەتی .

٢ – داوا لە حکومەت و گەلانی ئیسلام و عەرەبی جیهان بکرێت پۆ پتر پشتگرتنی کاری فیدا-کارانی فەلەستین و داواش لە جەنگاوەرانی فەلەستین ئەکات کە هەموویان بێنە ژێر ئالای رێکخراوی رزگاری خوازی یەوە

٣ – بە خێرایی کارکردن بۆ رزگار کردنی خاکە پیروزەکە لە فەلەستین و بە تایبەتی قدس لە خراپکاری سەهیونی یەکان .

٤ – داوا لەو ولاتە ئیسلامانە بکرێت کە تا ئێستا پەیوەندی دیپلوماسی یان لە گەڵ سەهیونی یەکان دا هەیە ئەم پەیوەندی یە بپچڕێنن .

لە گەڵ چەندین بڕیاری ترکە لەم بارەیەوە کونگرە بڵاوی کردنەوە .

ئا٠د٠ع

پرۆژەیەکی خانە سازی لە پارێزگای نەینەوا

پارێزگای نەینەوا چەند پرۆژەیەکی خستۆتە روو تا وەکو لەمەولا جێبەجێ بکرێن .. سەرجەمی ئەو پرواژانەی پارێزگای نەینەوا دەیەوێت جێبەجێان بکات سێ ملیون و ٨٧٥ هەزار دیناری تێدەچێت .. بەشێك لەو پرۆژانەی بڕێتی یە لە دروست کردنی ٩٠٠ خانووبەرەو چەند گازینورو دوکان و بازاروو چەند مستەو سەفێك لەپارێزگاکەدا ..

کیسنجەر ستایشی شای ئێران ئەکات

رۆژی ١٨-٢ لەشاری زیۆریخ هەنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا لەگەڵ شای ئێران کۆبۆوە . وە لەکۆبونەوەکەدا هەردوولا باسی دۆخی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست و کۆنگرەی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەرو کرپارانی نەوتیان کرد لەگەڵ ئەو پێشنیازەی کیسنجەر پێشکەشی کردوە دەربارەی کەم کردنەوەی نرخی (هەرزان کردنی) پیترۆل .

کیسنجەر ئنجا دەستی کرد بەستایش کردنی شای ئێران و وتی : « شای ئێران دۆستێکی کۆن و نزیکمانەو ئەمەریکا پشتی پێ ئەبەستێ و بایەخی پێ ئەدات .

لەلایەکی تریشەوە شای ئێران سەرلەنوێ لەزیوریخ رایگەیاندەوە کەرێژیمەکەی پیترول بە سەهیونی دوژمن ئەدات . وە وتی ئیمە نەوت ئەفرۆشین و گوێ نادەینە سروشتی ئەورێژیم و ولاتەی لێمان ئەکرێ . وە ئێرانیش لەگەڵ ئەوەدایە کە ئەبێ ئەمەریکا نفوزو دەسەلاتی لە ناوچەی خلیج و ئوقیانووسی هیندی دا هەبێ .

رۆیتەر

سیاسەتی میلیتاریستی و بەرووبووی چەک گرین !

لە بەشەکانی پیشوودا ، بە کورتی باسی سیاسەتی نیزامیگەری و مەزنیخوازی ریژیمی پولیسی ئیرانمان کرد . لیرەدا نامانەوی باسی دوا روژی مەترسی داری سیاسی و نیزامی وئابووری ئەو سیاسەتە چەپەلەبکەین . تەنیا مەبەستمان ئەوەیە تا رادەیەك ئەو کەین و بەینەو فێل و فورتە دەربخەین کە دەگەل سەوداو ماملەی چەك و قورخانە دەکری . بەتایبەتی لە ئێراندا کە شا ئیدعا دەکا گویا « ئینقلابی سپی » دزی و چەپەلی و بەرتیلی نەهیشتوە .

جیمزشلیزنیگر ، وەزیری شەری ئەمریکا ٣٦ی مانگی ژوئینی سالی ١٩٧٤ لەراپورتیکدا کە دای بە کومیسیونی تایبەتی سەنای ئەمریکا رایگەیاند « کە لە ١٢ مانگی رابردوو دا دەولەتی ئەمریکا بایی ٤ میلیارد دولار چەکی بە ئێران فروشتوە » (روژنامەی لوموند ژمارە ٢١ و ٢٢ ژوئیەی ١٩٧٤) .

ئەو ژمارەیە کە بە چەشنیکی رەسمی راگەیەندراوە ، سەودای سالیکی چەك و قورخانەیە ، تەنیا دەگەل مونوپولەکانی چەك سازی ئەمریکا . بە گوێرەی راپورت و نووسینی هەواڵدەرو روژنامەکانی روژئاوا لە ماوەی سالی رابردوودا شا بایی حەوت میلیارد دولار چەکی لە دەولەتە ئیمپریالیستەکان کریوە . وەك دەبینین دەگەل زورباوونی داهاتی نەوت ، ژمارەی چەك کرینیش زیاد دەکا .

گومان لەوەدا نیە کە لەو سەوداو ماملەیەدا ، لە هەلبژاردنی چەك و شەریکەی چەك درو ستکردندا ، بەرتیلی زور دەدری و دەلالی و دەردەگیری بەشی زوری ئەو دەلالی و بەرتیلە دەدری بە شاهەنشا .

ماوەیەك پیش رووخانی ریژیمی دیکتاتوری نیزامی یونان رووداویکی سەیر هاتە دی . دوزینەوەی ئەو کارەساتە رووننی کردەوە کە بازاری کرین و فروشی چەك زورشتی دیکەشی لە ناو داهەیە . کاتیکی ریژیمی سەرهەنگانی یونان بۆ شەر دەگەل تورکیا خۆی ئامادە دەکرد ، دەرکەوت کە سندوقەکانی تفەنگی ام - ١٦ و موشەکی ئەمریکایی خشتی سووریان تێدایە . کودتاچیەکانی یونانی و دوستەئەمریکاییەکانیان لە جیاتی چەك بە ناوی « بەرگری نیشتمان » بە نرخی تفەنگ و موشەك خشتی سووریان دابوو بە لەشکری یونان . (نەقل لە گووواری دنیا ژمارە ٥) .

ئیمە نازانین کە لەو بارەوە گورینی چەك بە خشتی سوور ، داهاتی شاهەنشای ئاریامیهر گەیوەتە چرادەیەك ، جا بۆیە هەر لە خۆوە خولاش هەلناگری بوختانی پی بکەین . تەنیا باسی ئەو داهاتە دەکەین کە شاهەنشا لە مەیدانی سەوداو ماملەی چەك و قورخانەدا بە شیوەیەکی رەوا ! وەگیری کەوتوە . ئەوە هەر چەندە تەواویش نیە بەلام دیسان خوێنەرە بەریزەکان تا رادەیەك لە (مەیل و ئیشتیای) حەمە رەزاشا ئاگادار دەکاو بۆیان روون دەبیتەوە کە بۆچی شاهەنشاە ئەوەندەچەك دەکری و بە چەك کرین و بە لەشکر خورین ، خۆی بە پاریزەری « نیشتمان » نیشان دەدا .

یەکیك لەو ریگایانەی کە پارەی لێ وەگیردەکەوی ریگای « کومیسیون » یا هەقی دەلالیە بە داخەوە ژمارە وراەدی ئەو داهاتەمان بە دەستەوە نیە . بەلام هەموو دەزانن کە لە سەوداو ماملەی بازرگانی لە دنیای سەرمایەداری دا هەقی کومیسیون دەدری بە دەلالی سەوداکە . بەو کەسە کە سەوداو ماملەکەی پیك هێناوە . دیارە بە گوێرەی (سەدی ئەوەندە) حیساب دەکری . لە سەودای چەك و قورخانەدا ئەو دەلالیە پتر وەردەگیری . وەلامی سەوداو ماملەی چەك و قورخانەی ئێران دەگەل مونوپولەکانی چەك سازی شەخسی شایە .

جا خۆی لەگەل توێنەری وەزارەتی شەڕی دەولەتە ئیمپریالیستەکان پیوەندە دەگری و سەوداکەی دەبریتەوە هەقی کومیسیون یا دەلالیش هەرخۆی وەری دەگری و بە ژمارەی تایبەتی لە بانکەکانی سویسرای دادەنی . دیارە سەندو بەلگەی ماملەو سەوداکە (ئەرتەشبوو توفانیان) ئیمزای دەکا . بیجگە لەو ئەفسەرە کە خۆلامی ئالقە بەگوێی شایە کەس تر ئاگای لەو چەك کڕینە نیە . هەر بۆیەش داهاتی شاهەنشا لە بابەت دەلالی چەك کرین بە تەواوی دەرناکەوی ، تەنیا دەبی بەر ئاورد بکری . بۆ نموونە دەولەتی ئیران لە ماوەی سالیکی رابردوودا بایی کە دەگەل سەوداو ماملەی چەك و قورخانە دەکری . بەتایبەتی لە ئێراندا کە شا ئیدعا دەکا گویا « ئینقلابی سپی » دزی و چەپەلی و بەرتیلی نەهیشتوە .

جیمزشلیزنیگر ، وەزیری شەری ئەمریکا ٣٦ی مانگی ژوئینی سالی ١٩٧٤ لەراپورتیکدا کە دای بە کومیسیونی تایبەتی سەنای ئەمریکا رایگەیاند « کە لە ١٢ مانگی رابردوو دا دەولەتی ئەمریکا بایی ٤ میلیارد دولار چەکی بە ئێران فروشتوە » (روژنامەی لوموند ژمارە ٢١ و ٢٢ ژوئیەی ١٩٧٤) .

ئەو ژمارەیە کە بە چەشنیکی رەسمی راگەیەندراوە ، سەودای سالیکی چەك و قورخانەیە ، تەنیا دەگەل مونوپولەکانی چەك سازی ئەمریکا . بە گوێرەی راپورت و نووسینی هەواڵدەرو روژنامەکانی روژئاوا لە ماوەی سالی رابردوودا شا بایی حەوت میلیارد دولار چەکی لە دەولەتە ئیمپریالیستەکان کریوە . وەك دەبینین دەگەل زورباوونی داهاتی نەوت ، ژمارەی چەك کرینیش زیاد دەکا .

گومان لەوەدا نیە کە لەو سەوداو ماملەیەدا ، لە هەلبژاردنی چەك و شەریکەی چەك درو ستکردندا ، بەرتیلی زور دەدری و دەلالی و دەردەگیری بەشی زوری ئەو دەلالی و بەرتیلە دەدری بە شاهەنشا .

ماوەیەك پیش رووخانی ریژیمی دیکتاتوری نیزامی یونان رووداویکی سەیر هاتە دی . دوزینەوەی ئەو کارەساتە رووننی کردەوە کە بازاری کرین و فروشی چەك زورشتی دیکەشی لە ناو داهەیە . کاتیکی ریژیمی سەرهەنگانی یونان بۆ شەر دەگەل تورکیا خۆی ئامادە دەکرد ، دەرکەوت کە سندوقەکانی تفەنگی ام - ١٦ و موشەکی ئەمریکایی خشتی سووریان تێدایە . کودتاچیەکانی یونانی و دوستەئەمریکاییەکانیان لە جیاتی چەك بە ناوی « بەرگری نیشتمان » بە نرخی تفەنگ و موشەك خشتی سووریان دابوو بە لەشکری یونان . (نەقل لە گووواری دنیا ژمارە ٥) .

ئیمە نازانین کە لەو بارەوە

— کەمال —

***

حەوت میلیارد دولار چەکی کریوە .

ئەگەر وای دابنین کە بەلای نیوە نجیەوە سەدی پینج هەقی دەلالی و کومیسیونی وەرگرتبێ ، داهاتی (شاهەنشای ئیران) دەگاتە ٣٥٠ میلیون دولار . بەلام خۆ هەر ئەوەندە نیە . شا ئیستا چەك زورتر لەو شەریکانە دەکری کە تووشی گیروگرفتی مالی بوون . شا لەلایەك دەیەوی وەفریای مونوپولەکانی ئیمپریالیستی بکەوی ، لە لایەکی دیکەش ئەو مونوپولانە دەلالی پتر دەدەن .

روژنامەی فایننانشل تایمز ٢٢ی ئەوریلی ١٩٧٤ نووسی : « دەولەتی ئیران خەریکە ٢٢ هیلیکوپتەری باربەری لەچەشنی چینوك سی ٦٧ـ سی اچ بە سەد میلیون دولار لە شەریکەی ئاسو گوستای ئیتالی بکری . ئەو سەودایە وەزعی مالی ئەو شەریکەیە تا رادەیەکی زور باشتر دەکا » .

روژنامەی دیلی تیلگراف ٢٦ی فوریەی ١٩٧٤ دەنووسی : « دەولەتی ئیران بایی ٥٠ میلیون لیرەی سترلینگ راکیتی سیتمی (رابیر) لە شەریکەی (برتیش ئایرکرافت کورپوریشن) دەکری بەم چەشنە ئەو کارخانەیە دەتوانی تا چەند سالی تر کاربکا » لیرەدا ئەوەمان بو دەردەکەوی کە لە دنیای سەرمایەداری دا کاتیکی شەریکەو کارخانەیەك تووشی تەنگ و چەلەمەی مالی بوو . هەرزانتر شتوومەکی خوی دەفروشی . بەلام ئەو هەرزانیە لە چەك کرینی ئیران دا نابیندری .

لە بەهاری سالی ١٩٧٤ دا هەواڵدەرەکان رایانگەیاند کە شەریکەی فروکە سازی « لوکهید » « گەورەترین شەریکەی کە چەك دەدا بە پینتاگون » تووشی تەنگ و چەلەمەی مالی بوە . ئەو شەریکە ناچار بوە سەدی ٤٥ی بەشەکانی خۆی بە تیکستروون بفروشی . دەی مانگی مای ١٩٧٤ رادیو لەندەن - بی . بی . سی - رایگەیاند کە دەولەتی ئیران ئامادەیە ١٥٠ میلیون دولار بدا بەشەریکەی

بروانە ل ٧

فوردە رەنگی نەخشەی بودجەی نوێی پەنتاگۆن چۆن ئەڕێژی

— سەیوان —

بە پێی ئەو هەواڵانەی لە کۆشکی سپی واشنتۆنەوە گەیشتون فوردی سەرۆکی ئەمەریکا نامەیەکی دەربارەی بودجەی پەنتاگۆن - بۆ ساڵی ١٩٧٦ - پێشکەش بە کۆنگریس کردوە ، وە لەو نامەیەیدا داوای کردوە کە لە چاو پار لە ئەندازە بەدەر بودجەی میلیتاریستانەی پەنتاگۆن پتر بکرێ بۆ ئەوەی پارسەنگی هێزی میلیتاریستی ئەمەریکا بەرامبەر بە وڵاتانی تر بپارێزرێ !!

فوردی سەرۆکی ئەمەریکا لە کاتێکدا ئەو داواکاریە پێشکەش ئەکات ، حکومەتی ئەمەریکا دوو چاری ترسناکترین گیروگرفت و شکستی ئابوری بووە لە جەنگی دووەمی جیهانەوە . وە بە پێی ئەو راپۆرتە وا دەرئەکەوێ کە مەسرەفی فیدرالی ئەمەریکا لە ساڵی دارایی ١٩٧٦ دا کە لە مانگی حوزەیرانی ئەم ساڵەوە دەستپێ ئەکات ئەگاتە (٣٤٩٫٤٠٠) ملیون دۆلار ئەمەش لە چاو ساڵی دارایی ١٩٧٥دا کە هەر لە مانگی حوزەیرانداتەواو ئەبێ (٣٥٫٩٠٠) ملیون دولاری زیاد کردوە بەم پێیە ، لە ساڵی دارایی داهاتوی ئەم بودجەیەدا (٥١) ملیون و ٩٠٠ هەزار دۆلار ئاچوخی ئەهێنی کە ئەمەش گەورەترین شکستیە لە جەنگی دووەمی جیهانیەوە ئەمەریکاو بودجە میلیتاریستیەکەی دوو چاری بێت !

هەروەها ئاگاداران لەو باوەڕە دان کە لە مەیانی کاروباری عەسکەری دا پەنتاگۆن لەو پارەیەی بۆ بودجەی ١٩٧٦ تەرخان کراوە (٩٤) ملیون دۆلار پتر لە بودجەی پار خەرج ئەکات .. فورد لە لایەکی ترەوە لە پەراوێزی راپۆرتەکەی دا وتبوی گوایە دیپلۆماسیەتی ئەمەریکا لە لایەن « دیفاعێکی بەهێزی نیشتمانیەوە ! » پشتگیری ئەکرێ و بۆ ئەوەی پارێزگاری دەست رۆیشتویی و بەهێزی و بەرزی لەشکری ئەمەریکا بکرێ بەرامبەر بە دەوڵەتە گەورەکانی تری و بە سەر ئەو « هەڕەشە ناراستەو خۆیانەدا زاڵبین کە ناو بەناو لێمان ئەکرێن ، ئەوا پێویستە « لەشکرو هێزی چەکداری ئەمەریکا پتر بە هێز بکرێن ! » .

فورد ، دیسانەوە ، لە نامەکەیدا ئەوەی ئاشکرا کرد بوو کە پەنتاگۆن نیازی « چاککردنی چەکی ستراتیژی ئۆتۆمی و پەرەپێدانی سیستەمی ستراتیژیانەی هەیە » وە بۆ ئەم مەبەستەش ئەمەریکا درێژە ئەداو بەردەوام ئەبێ لە دروستکردنی « بۆمباو ساروخ هاوێژی نوێی ستراتیژی و سیستەمی ساروخ » وە لە ساڵی ١٩٧٦ یشدا پتر پەرە بەلێکۆلینەوەو پەرەپیدان و تاقی کردنەوەی چەکی ئۆتومی ئەدرێ لە ژێر زەوی داو تواناو ورەی شەرکەری هێزی پیادەو هێزە ئاسایی یەکان بەرزتر ئەکرێتەوەو ژمارەی ئەندامانی تیپی هێزەکانی زەوی (بری) لە ١٦ی کانونی یەکەمی ١٩٧٦دا پتر ئەکرێ و ئەو هێزانەی لەشکر بە چەك و تفاقی نوێی ستراتیژی پڕ چەك ئەکرێن ، وە بایەخێکی زۆر ئەدرێ بە پتەو کردنی هێزی دەریایی و دروستکردنی اسطولی نوێی دەریایی . وە بۆ ئەوەی (هەروەکو فورد لە راپۆرتەکەیدا وتبوی) ئەمەریکا لە پەیمانی وارشۆ دەست ڕۆیشتووتر بێ ، ئەوا بەردەوام هەوڵ ئەدا بۆ پەرەپێدان و دروستکردنی جۆری نوێی تانکی شەڕ کەرو زرێ پۆشی ترو سیستەمی هەلیکۆپتەری هێرش بردن و شەڕکەر ! وە دەربارەی ئەو یارمەتیانەی ئەمەریکا بە رێژیمە ئالقە لە گوێ و دەست نێژەکانی ئەدات ، فورد لە راپۆرتەکەیدا وتبوی :- یارمەتی دانی وڵاتانی (دۆست !) دەستی راستی دیپلوماسیەتی ئەمەریکایەو ناتوانرێ پشت گوێ بخرێ .. ئەمەریکا لە مەوڵاش بە راشکاوی یارمەتی ئیسرائیل و چەند دەوڵەتێکی رۆژهەلاتی ناوەراست ئەدات ، وە پێویستیشە لە جاران زیاتر یارمەتی عەسکەری و ئابوری بۆ رێژیمی سایگۆن و لۆن نۆلی فنوم پن بنێردرێ ..

ئا ئەمەیە نەخشە دوژمنایەت کاری و نیازە چەپەلەکانی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا سەرکردەی ئیمپریالیستەکانی دنیاو دوژمنی خوێنە خوێی تێکڕای گەلە چەوساوەو میللەت و نەتەوە زۆرلێکراوە کانی جیهان .

بەلام لەم سەردەمەماندا کە ئاشوبی سەرانسەری جیهانی گرتۆتەوەو رەوڕەوەی مێژو بەپێی ویست و بە رژەوەندی گەلانی سێیەمی جیهان بەرەوپێش ئەڕوات .. ئەك هەر ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بگرە ، تێکڕای ئیمپریالیستەکانی دنیاش ناتوانن مێژوو بەرەو دواوە بگێڕنەوەو تۆزقاڵێك لەورەی لەبن نەهاتووی گەلان کەم بکەنەوە .. ئیمرۆکە گەلانی سێیەمی جیهان ، نەتەوە ژێردەستەو گەلە چەوساوەکان چاکی خەباتی سەختی درێژخایەنیان لێ کردوە بەلاداو پەیڕەوی پشت بە خۆ بەستن و دەست پێشخەری و سەربەخۆبون ئەکەن جابۆیە هەرگیز بەچۆکانایەن ..

بۆ ئەم باسە سوود لەچەند سەرچاوەیەك وەرگیراوە

شکستی ئابوری وڵاتانی رۆژئاوا خەباتی کرێکارانی توندوتر کردوە .

توانا ئامادەی کردووە

هەروەکو ئەزانین ساڵی ١٩٧٤ ساڵی چارەڕەشی و شکستی و گیروگرفتی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی رێژیمە سەرمایەداری یەکانی رۆژئاوای ئەوروپاو ئەمەریکا بوو ، هەروەها ئەنجامی ئەم گیرو گرفتانەش زیادبوونی بێکاری و گرانبوونی شتومەکی ژیانی رۆژانەی زەحمەتکیشان و نزم بوونەوەی ئاستی ژیانیان بوو . وەهەر وەکو هەواڵی ئاژانسەکانی دەنگوباس دەریان خست و راپۆرتی دەزگاکانی سەرژمێری دەریان بڕی و ئاشکرایان کرد ، سەرمایەدارە مۆنۆپۆلە خوێن مژەکان ئەوەندەی تر دڕ بوون و تا کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ نزیکەی ١١ ملیۆن کرێکاریان لە ئەمەریکاو بەریتانیاو فەرەنساو ئەڵەمانیای فیدرالی و ژاپۆن و ئیتالیا لەسەرکارو فابریقەو کارگەکان دەرکردو بەبێکار کردن مانەوە ..!

وە لەسەرەتای ئەم ساڵیشدا (دەزگای بینای تێکڕای ئەمەریکا) ٧٠٠ هەزار کرێکاری دەرکرد ، لەم بارەوە (ئاژانسی دەنگوباسی یونایتەدپریس) وتبوی : لەسەرەتای ساڵی (١٩٥٠) تاوەکو ئێستا ئەمە گەورەترین کارەساتو شکستیە کە بەتێکڕایی ئەمەریکاو شارەگەورەکانی وە بەتایبەتی شاری نیۆیۆرك بەخۆیانیەوە ئەبینن .. رۆژنیە کە تیپو پۆل پۆل ، خەڵکی کەتەمەنیان لە ٣٠ی ساڵ بەرەوژوورو کەمترە لە مەیانەکاندا ریز ئەبن و چاوەروانی کارن ، ٤٠٪ی گەل کارێکی هەمیشەیی بۆ خۆی مسۆگەر نەکردوە .. خۆئەگەر زانستگا کانیش بێنینە بەرچاو ئەوا مەسەلەکە چەواشەتر ئەبێ ، چونکە دەرچوانی زانستگاش هەر لەیەکەم رۆژەوە مەترسی و پەژارەی بێکاری و جادە پێوان دایان ئەگرێ !

وە بە پێی راپۆرتێکی رۆژنامەی « بوید ئوم سونتاج » کە لە ئەڵەمانیای فیدرالدەرئەچێ بێکاری نەك بەتەنیا کرێکارانی گرتۆتەوە ، بەڵکو ئەو مەسەلەیە تووشی رۆشنبیرانی ئەندازیارو تەکنیکی یەکانیش بووە .. رۆژنامەکە وتویە ساڵی ١٩٧٤دا لە چاو ساڵی ١٩٧٣ ژمارەی بێکاران بەرزبوتەوە ٤٠٪ی زیاتر بووە . لەپەنا ئەم بێکاری یەشەوە نرخی خۆراك پێویستی ژیانی رۆژانەو کرێخانوو ئاوو کارەباو نەوت گازی بەکارهێنانی نێو مال لەرادەبەدەرگران بووەو ئەمانە بەتێکڕایی ئەوەندی تر ژیان و گوزەرانی گەلی کارگەرو کرێکار رەنجبەرو چینە مام ناوەندی یەکانی ناخۆش کردوە .. گۆڤاری گاردیان کە هەفتەی جارێك لە ئەمەریکا دەرئەچێ نووسیوی ئەڵێ :-

« **گیروگرفتی ئێستای ئابوری خەڵکی زۆر نارەحەت کردە ناپاری کردون لەمانەی خوارەوەیە . کەکیان هەڵبژێرن و - نەخۆی - رۆژ بەسەر بەرن ، یان ئەوەی دەستی ئەکەوێ بیدا خۆراك یاخود بەجلی زستانە ، یان بە دکتورو دەرمان یان کرێی خانوو ، ئەبێ لەمانە یەکێکیان هەڵبژێرێ و بەدەست ئەوەی ترەوە بنالێنێ** » .

خۆ ئەگەر دوور نەڕوین ئەواچەندین بێکارهەن یەکیك لەمانەشیان بۆ مسۆگەر نا کرێ چونکە رۆژ بە بێکاری بەرەو ئەبەن و بەدەست و گیرفانی بەتاڵ ئێوارە بەرەو ماڵ ئەڕۆنەوە .

جابۆیە سەیرنیە کە لە شارەگانی ئەمەریکاو بەریتانیاو ئەڵەمانیای فیدرالو ژاپۆن ، دوای ئەوەی سەدان بەیانیەوە تاوەکو زەردەپەڕی بێکاران بەتایبەتی کرێکاران جادەو شەقامەکان بێ سەمەرەئەبێون وە لە ئەنجامدا :

ناچار ئەبن کە بە هەرزانی خوێنی خۆیان ، بەشوشە دەزگاسەرمایەداری یانە بفرۆشن کە بازرگانی بەخوێنەوە ئەکا ئائەمەیەپراستی شارەستانیەتی ئەلکترۆنو ئۆتومو تەکنەلۆژی رۆژئاوا ...

مەسەلەیەکی لەمەش سەرنجراکێشتر راپۆرتێکە کە گۆڤاری هەفتانەی ناردیان لەدوا ژمارەی ساڵی ١٩٧٤دا بلاوی کردوە ... لە راپۆرتەکەدا وترابووهەژارو پیرو خانەنشینو کراوەکان - متقاعدین - لە ئەمەریکا زۆرن گرانیو دەستی کورتیو - تضخم - ی دارایی و گیروگرفتی ئابوری دەستی بینە قاقەی ئەم چینەش گیرکردوە .. گۆڤارەکە وتبوی کرێکارو فەرمانبەرو پیرەخانەنشین کراوەکان ناچارن ٨٠٪ی موچەی تەقاوینتی مانگانەیان بدەن بەکرێ خانوو وە ئەو ٥٠ دۆلارەی بۆیان ئەمێنێتەوە ناچارن بە کوڵەمەرگی ئەو مانگەی پێ بەرنە سەر ، خۆراکی رۆژانەو چینە هەژارو دەستکورتە ، هەروەکو گۆڤارە ئەمەریکایی وتویە - لەو خۆراکە کەمتروخراپتر کە لە شوێنی تر بە سەگ و پشیلەدائەنرێ ئەخرێتە بەرمیلی پوش و پەلاشەوە کە رۆژانە کەناسەکان فڕێی ئەدەن ..

جالیرەوە ، لەگەڵ تەشەنەکردن و گەورەتر بونی شکستی و گیروگرفتی ئابوری و - تضخم - ی دارایی و گران بوونی شت و مەك لەوڵاتە سەرمایەدارەکانی ئەوروپاو ئەمەریکا ژاپۆن و پتربوونی بێکاری و ناخۆشتر بوونی ژیان و گوزەرانی گەلی رەنجبەرو زەحمەتکیش و کرێکاران ... لەگەڵ ئەمانە ناکۆکی و زۆرانبازی - الصراع - ی چینایەتی لەو وڵاتەنەداو لە ساڵدا توندو تیژ ئەبن

ئایا شەر لەخواروی ڤێتنام هەڵگیرسێتەوە و یان نا

***

هەروەکو لەژمارەی پێشوماندا بڵاومان کردەوە ، کۆنگرەیەکی گەلی لە بەغدا گیرا بۆ کۆمەك کردن بەگەلی عێراق و چەندین وەفدی رێکخراوی گەلی و پیشەیی دۆست لەم کۆنگرانەدا بەشدار بوون . وەفدێك لەم وەفدانەش نوێنەری گەلو شۆرشگێڕو جەنگاوەرانی گەلی خواروی ڤێتنام بوو .. وەفدەکەش بەسەرۆکایەتی تێکۆشەر « فونوگ هو » ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بەرەی رزگاریخوازی خواروی ڤیتنام بوو .. بەریز فونوگ لە ئوتیل - بەغدا - کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسی بەست تیایدا باسی چەندین خاڵی گرنگی خەباتی گەلی ڤیتنام و پاشەرۆژی خواروی رۆژهەلاتی ئاسیاو ریککەوتنەکەی پاریسی کرد .. وائێمەش بەشێك لە قسەکانی نوێنەری شۆرشگێڕانی خواروی ڤیتنام بلاوئەکەینەوە ..

ریککەوتنەکەی پاریس

هەندێ دەزگای راگەیاندن لە رۆژئاوا بەندو بالۆرەی ئەوە لێ ئەدەن گوایە ئێمە « شۆرشگێڕان و حکومەتی کۆماری دیموکراتی ژووروی ڤیتنام » ریککەوتنەکەی پاریس مان پێشێل کردوە ، بێگومان ئەو قسەیەش فڕی بەسەرراستیەوە نیە بۆ ؟ چونکە ئیمپریالیزمی ئەمەریکا بەدەست تێکەڵاوی لەگەڵ رژێمی سایگۆنی دەست نێژی ، دۆخێکی وایان خولقاندوە کە جێبەجێ کردنی ناوەرۆکی ئەو ریککەوتنامەیە مەحاڵەوە بەپێی ئەو ریککەوتنامەیە ئەبوو بەپێ هیچ مەرجێك ، هێزە دەست درێژی کەرەکانی ئەمەریکا لە خواروی ڤیتنام بکشێنەوەو خەڵکی ڤیتنام خۆیان وە بەپێ دەست تێوەردانی هێزەکانی بێگانە ، مەسەلە ناوخۆییەکانی خۆیان چارەسەربکەن . کەچی ئەمەریکاییەکان بێوچان هەر خەریکی بەهێزکردنی دەزگاو دامەزراوە جەنگی یەکانی سایگۆنن و یارمەتی عەسکەریان بۆ ئەنێرن و ٢٥ هەزار سەربازو پسپوریان ناردوە بۆ پاراستنی رژێمە بەکرێگیراوەکەی ڤان تیو کە ئێستا کە دوو چاری ناخۆشترین دۆخی سەربازی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی بووە . بەڵام ئێمە لەلای خۆمانەوە دڵسۆزانە پەیڕەوی ئەو ریککەوتنەمان کردو ئەوناو چانەمان ئاوەدان کردەوەکە بەکرێگیراوو دەست درێژکەرە ئەمەریکاییەکان وێرانیان کردبوو .

چارەسەرکردنی ئەوانە

لەوانەیە پرسن و بڵێن ، نیوەریککەوتنەکەی پاریس - تان مۆرکرد ، ئەو مورکردنەش ئەوەئەگەیەنێ کە بۆ رزگارکردنی سەرانسەری ولات ، رێگای بەئاشتی رزگارکردن و شێوازو ئسلوبی دیموکراتی یانە ئەگرنەبەر ؟! لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا ئەڵێین : ئامانجی سەرەکی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە ناوبردنی هەموو هێزە شۆڕش - گێڕەکانی خواروی ڤێتنامە ، لە ژێر پەردەی رێککەوتننامەکەی پاریس دا .. راستە بەپێی ئەو پەیمانەی پاریس بەئاشکراوەوانی دانی بەوەدا ناوە کە دوو هێزی عەسکەری و دوو ئیدارەی لەیەکتری جیاواز هەن و پێویستە لەگەڵ لە رێگای وتووێژەوەحکومەتێکی ئیئتلافی نیشتمانی پێك بهێنن بۆ رێگا خۆش کردن بەرەو دەنگ دان و هەڵبژاردنێکی گشتی یانە ... بەڵام بەپێچەوانەی ئەمانەوە حکومەتی سایگۆن سیاسەتی توندوتیژی و تۆقاندن دژی گەل ئەگرێتەبەرو بەلای کەمەوە ئێستاکە ٢٠٠ هەزار هاوڵاتی ڤێتنامی لە بەندیخانەکانی رژێمی سایگۆن دا گیراون .

قارەمانی نەبەرد هۆشی مین

ئنجا نوێنەری پارتیزان و جەنگاوەرانی خواروی ڤیتنام لە کۆنگرە رۆژنامەنووسی یەکەیداباسی مێژوی تێکۆشانی گەلی ڤیتنام و چۆنیەتی دامەزراندنی لەشکری گەل و بەرەی رزگاری کردو وتی :- ڤیتنام بەدرێژایی مێژوو لە چوار هەزار ساڵ لەمەوبەرەوە یەك نیشتمان و یەك نەتەوەبوو ، ئەوە بوو لە ١٨ی ئابی ١٩٤٥ دووچاری ئەوکەرتبوونە بووین کاتێك فەرەنسا خاکەکەی داگیر کردین و گەلەکەمان بەسەرکردایەتی قارەمانی نەبەردو نەمر « هۆشی مین » بەرەبەرەکانی داگیرکەرانی کردو لە شەڕی « دیان بیان فودا » فەرەنسایەکانی بەزاندو ناچاری کردن بکشێنەوەو ئەوە بوو ئیمپریالیزمی ئەمەریکا جێگای داگیرکەرە فەرەنسایەکانی گرتەوەو رژێمێکی کۆنەپەرستو ئالقە لە گوێی خۆی دامەزراندو بە تازەترین چەك بەگژ گەلەکەماندا دەچێ !

دۆخی عەسکەریی ناوچەکە

جەنگاوەرو پارتیزانانمان هیچ کاتێك بەرامبەر بەهێرشی دەست درێژکەران بێ دەنگ نەبوون ، بەپێی فەرمانی سەرکردایەتی بەرزی بەرە بەگژ هەموو ئەو دەست درێژو هێرشانەدا ڤیتنام چارەنووسی خۆی بریاردات و دەست نیشان بکات .

چوینەوە کە دوژمن کردویەتیە سەرمان ، لە مانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٧٣) ی ئەو شۆڕش - گێڕانمان سەرکەوتنی گەورەی وە دەست هێناوەو هەروەکو ئاژانسی دەنگوباسی شۆڕشی « گیای فۆنگ » بڵاوی کردەوەنزیکەی ٢٥٥ هەزار سەربازی ئەفسەری دوژمن فەوتاون و بێسەرو شوێن و نن و ... چەك و تفاقی گەورەو بچوك و هەمەجۆری شەڕمان لە دوژمن گرتوەو ٣٩ کەتیبەمان لە ناوبردووەو ١٣٠ لادێمان لە ژێردەست هێزەکانی رژێمی دەرهێناوەتەوە ... جگە لەمە هاوڵاتیان و کاسۆلیك و بوزی و ورۆشنبیران چەندین جار لە شارانەدا کە لە ژێر دەسەڵاتی سایگۆنداە خۆپیشاندانیان ساز کردوەو داوایان کردوەکە رژێمی فان تیو لەسەر کار لابچێ حکومەتێکی ئیئتیلافی پێك بهێنرێ بۆ یەکخستنەوەی گەلە نەتەوە .

شۆڕشی گەلانی هیندی چین

وە دەربارەی باری ناوچەی هیندی چین بەرێز فۆنۆگ وتی ، شۆڕش لە سەرانسەی هیندی چین دا هەڵگیرساوە دەرکردنی ئیمپریالیستو نۆکەرانی ، ئێمە لەگەڵ گەلانی ناوچەکەو دژی دوژمنێکی هاوبەش کە ئیمپریالیزمە خەباتی ئەکەین و درێژە بە تێکۆشانمان ئەدەین ، جا بۆیە هەمیشە هەوڵ ئەدەین کە پەیوەندی و هاوپەیمانیمان لەگەڵ شۆڕشگێڕانی لائوس و کەمبۆدیا پتەوتر بکەین ... هەڤاڵو هاوپەیمانانمان لە کەمبۆدیا دەستی دلێرانە لە دوژمن ئەوەشێنن و خۆیان لە دەوروبەری فنوم پنی پایتەخت نزیك کردۆتەوەو رۆژبەرۆژ رژێمە چەپەڵەکە لەسەرەمەرگ نزیك ئەکەنەوە ... بەرنوێنەری جەنگاوەرانی ڤێتنام لەکۆتایی دا وتی : ئێمە لە ٨ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ دا داوای دوو شتمان کردو ئێستاکەش هەر سوورین لە سەری کە ئەمانەن :

● هیچی تر حکومەتی ئەمەریکا دەست نەخاتە ناو کاروباری ناو خۆی ڤێتنام و لەمەولا یارمەتی عەسکەری و ئابوری بۆرژێمی تیو نەنێرێ .

● لەسەرکار لاچونی ڤان تیو بۆ ئەوەی حکومەتێکی یەکخستنەوەی گەل و نیشتمان پێك بێت و گەل خۆی لەخواروی ڤیتنام چارەنووسی خۆی بریاردات و دەست نیشان بکات .

institut kurde de paris

بە پەراوێزی رەخنەکانی ئەشاد موحەممەد ئەمینەوە لە مێژوی کوردستانی :

بامنیش لێرەوە پەنجەیەکی تێ وەردەدەم!

فرمێسکێ... لەیادی چیرۆک نووسێکی جوانمەرگ دا

هەر چەند ئەم هەڵبەستەی مەحوی دەخوێنمەوە کە ئەڵێ :-

غائب لە دیدە ، چاوی سەرم ، دڵمە پێتەوە(١) ،
دەستم بە ئاسمانەوە ، چاوم بەڕێتەوە ..

یەکسەر ئەوەم بەخەیاڵادێت ، ئاخۆ مەحوی شاعیر ، ئەو خۆشەویستە وون بووەی ، کەوا بەو شێوەیە دەیلاوێنێتەوە، و هەمیشە دڵی خۆشەویستی بەلاوەیە ، ئەبێ چ شۆخ و شەنگێ !.. یا چ ناسک و نازداری بووبێت ؟!.

خۆشەویستی شاعیر ، بەرامبەر دڵدارەکەی ، پێش هەموو شتێك پێم وایە ، خۆشویستنێکی (ڕۆح)ی بووە ، و ئاشێ لە هەمان کاتیش دا ، خۆشویستنێکی (گیان)ی هاندەری شاعیر بووبێت ، بۆهەستدەربڕینی ئەو خۆشەویستی یە !!

ئەوەی خۆشەویستی شاعیری ، پێ لەخۆشەویستیم جیاکردۆتەوە ، بێشك ئەو (زەمینە) تایبەتی یە ، کە شاعیری تیا ژیاوە ، و خۆشەویستیشم خۆشەویستی یەکی (مرۆڤانە) و (دەروون)ی یە ، بەرامبەر خۆشەویستەکەم ، هەتا هەتا دەمێنێ و مەگەر مەرگ لە گۆری نێت ..

خۆشەویستی وون بووی دڵەکەی من ، چیرۆك نووسێکی جوانمەرگە ، و مەرگ لەناوەختا ، و بەدەردێکی بڕ لە سوێوە ، سەری پێ نایەوە ، و ناوات و رەنج و ئەو هەموو ووتە بەرشت و چرانەی لە پاشەڕۆژا ، لێ چاوەروان ئەکرا .. بە مردنی مردن ..

خۆشەویستی وون بووی دڵەکەم ، مامۆستایەکە !... چیرۆك نووسێکە !.. مرۆڤێکە !.. کە زمانی نووسینی ، بەبیری نوێ .. ووتەی نوێ .. کرداری نوێ ، ڕاوڵە ئاکامیش دا بەکارامەیی-یەوە توانی ئەو دروشمانە ، بەسەر گلێنەی چاوی گەشی ،ڕۆژنامەو گۆڤارەکانەوە بمێنێ ، و بەپێچەوانەی زۆریشەوە ، کە بەناو هەڵگری ئەو دروشمانە بوون ، و نوێ کردنەوەی ئەدەبی کوردیان مەبەست بوو ، هیچ تەن تەنەو من منەیەکی نەبێت ،و بۆ مەرامی تایبەتی خۆی شایی لۆخان و خەڵکی لەخۆگردنەکاتەوە ..

(لەتیف حامید بەرزنجی)(٢) سەرەرای ئەوەی چیرۆك نووسێکی شارەزا بوو ، مامۆستایەکی سەرکەوتوو ، و مرۆڤێکی کۆمەڵایەتیش بوو .. زۆری-کردو بۆ بەجێ هێشتین .. بەڵام بەداخەوە کەمان لێ وەرگرت و چاکەشمان کەم دایەوە !!

ڕەنگە هەندێ خوێنەری خۆشەویست ، بەم قسانەمدا وا هەست بکەن ، کە گوایە مامۆستا (لەتیف حامید) دۆستایەتی-یەکی یان پەیوەندی یەکی لەگەڵماهەبووبێت ، بۆیەڕا بەم جۆرە دەیلاوێنمەوە و فرمێسکی پڕ لەنازداری بۆ هەڵئەڕێژم؟! بەڵام ئەو برایانە بووە دڵنیادەکەمەوە کە هەرگیز مامۆستام نەناسیوە، و تەنانەت وێنەیەکیش چی یە ؟! نەمدیوە ، و زۆریش خولیای دیداری بووم .. لەو بڕوایەیام، ئەوەی پێتێکی !.. ووشەیەکی ! دێرێکی لە چیرۆکەکانی خوێندبێتەوە .. بێ گومان وەك من هەردەم بۆی دەمرێت و دەژێتەوە ..

من پێ بزانم تا ئێستا دوونووسراوە ، لەسەر مامۆستا تۆمارکراوە . ئەوە بوو پێش مردنی کاك (عمر معروف بەرزنجی) لەنووسینێکیا« القصه الکردیه ومسأله المضمون »(٣) پەنجەی بەرزێتی بۆچیرۆکی (بەشێك لەداستانی سوالکەرە نەناسراوە کە)ی ڕاکێشاوە ، و دوامردنیش کاك « نوری حەیران » لەسەر کۆچ کردنەکەی ستوونێکی بە ناوی (مالاوایی لەتیف)(٤) پڕکردۆتەوە ، و ئیتر وەك دەڵێن :- (ئاو بێنەو دەست بشۆ) .. خۆڕۆژنامەو گۆڤارەکانیش لەو ساتەیا ، گەرچی بەسەرزارەکیش ببوایە بە « ئەلفێ » دەمیان هەڵنەهێنایەوە ، و ناویان نەبرد !!

بۆیە بۆم هەیە ئێستا ڕوو لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان بنیم و بڵێم :- لام وابێت کاتی ئەوەهاتووە ، یەهۆی (تێپەڕ بوونی ساڵێك بەسەر مردنی) مامۆستا لەتیفدا ، وەك یادکردنەوەیەك هەریەکە لە ئاستی خۆیەوە باسێك لەسەرژیانی !... چیرۆکەکانی !.. چاوێ کەوتنە ئەدەبی یەکانی سازبکات و لایەڕەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی پێ برازێننیەوە ..

لێرەدا نامەوێ لەبەرماوەکەمی و شوین گرتنێکی زۆر لەم ڕۆژنامە خۆشەویستە ، بەخەست و خوری لە چیرۆکەکانی بکۆڵمەوە ، بەڵام ئەوەندەهەیە ، بێجگە لە چیرۆکی (خەوالویەکی شاری سەلجووقی) و (بەشێك لە داستانی سوالکەرە نەناسراوکە)(٥) و (زەرد ، سوور ، سەوز ، شین)(٦) کەهەریەکەیان لە پوختە ترین ناوەرۆك و نوێترین شێوەداخۆیان دەنوێنن .. خوالێ خۆش بوو چەند (چاوێ کەوتنێکی ئەدەبی)یش لە ڕۆژنامەی هاوکاری خۆشەویستا هەیە ، کەبەلای ئەدیب و ئەدەب دۆستانەوە ، بەشاکاریکی ئەدەبی دەژمێرێت و داخوازیم لەکەس و کاری مامۆستا ئەوەیە، لە دەرفەتێکا هەموو بەرهەمە ئەدەبی یەکانی بەچاپ بگەیەنن و کتێبخانەی کوردی پێ ڕازاوەو دەوڵەمەند بکەن ..

ئیتر لە کۆتاییدا هەزار سڵاو :-
بۆ گیانی (لەتیفی) مامۆستاو ڕابەر !..
بۆ گیانی (لەتیفی) چیرۆك نووس و بلیمەت !.
بۆ گیانی (لەتیفی) مرۆڤ و مرۆڤایەتی !.

پەراوێزی ئەم باسە :

(١) دیوانی مەحوی ساڵی ١٩٢٢م سلیمانی
(٢) لەتیف حامید بەرزنجی یەکێکە لە چیرۆك نووسە نوێ خوازەکان و دەرچووی خوێندگای بەرزە ، لە کولیجی ئاداب ... مامۆستای زمانی عەرەبی بووە لەقوتابخانەی ئامادەیی کوردستان و لە ڕۆژی ٢٢-٢-١٩٧٤ ڕێکەوتی ڕۆژی هەینی بە نەخۆشی شێرپەنجە گیانی سپاردوە ..
(٣) جریدە التاخی عدد ١٣١١ ساڵ ١٩٧٣ .
(٤) ڕۆژنامەی هاوکاری ژمارە ٢٠٧ ساڵی ١٩٧٣ .
(٥) گۆڤاری بەیان ژمارە ١ ساڵی ١٩٧٢ .
(٦) گۆڤاری بەیان ژمارە ٩ ساڵی ١٩٧٣ .

سۆران مەحوی

بەشی دووهەم

ئەوانەی کلەپی لە ناسەرکەوتوویی شاعیرە سیاسی یەکان ئەکەن ئەوەیان لەیاد ئەچێ کە شیعری سیاسی خۆی لە خۆیدا ناڕادەیەکی زۆر توخمی سەرنەکەوتنی پێوەیە . ئەبوو بەمانە هیچ نەبێ ئەوەندەیان لێك بدایەتەوە شیعر تێکڕا واتە خەیاڵو ، سیاسەت واتە چارەی باری بووی ژیان . سیاسەت نەیەوێ سیاسیی ورد قسە بکا و بزانێ چی ئەڵێ و بۆچی تێ ئەکۆشێ و دژی چی یەو ئەمە لە قسەکانیا بە جۆرێکی وا روون بکاتەوە زیادو کەم هەڵنەگرێ چونکە هەر ناڕۆشنی و زیادە ڕەوی و زۆرو کەم کردنێکی قسەی سیاسیی بە زیانی ئەو مەسەلەیە دوایی دێ کە شاعیرەکە لێی ئەدوێ . ئەمە سەربەسەر لە مەبەستو ڕێگای شیعری دەروونی یەوە دوورە کە لە زۆرلادا لەسەر خەیاڵبازی و زیادەڕەوی و کەمڕەوی و شتی وا ئەڕوا . شیعری سیاسی شیعری مامەڵەی ڕۆژانەیە ، ئامانجی ڕۆژانەی هەیە ، ئەبێ پڕ بە پێستی ئەو ئامانجە بێ . بۆیە تێکڕا ئەوەندەی لە قسەی سیاسی جیایە مۆسیقاو وەزن و قافیەی هەیە .

ئێمە ئەکەر باوەڕمان هەبێ هەر کارێ بکرێ بۆ کۆمەڵە خەڵکی ئەکرێ خوا ئەوانە زۆر بن کە کەڵك لەو کارە وەرئەگرن یا کەم بن ، ئەبێ بزانین ئەم جۆرە شیعرەی ئەمڕۆ هەندێ کەس بە چاوی سووك سەیری ئەکەن و بە هیچی نازانن ، شتەو دەورێکی کاریکەری هەیە ئەك تەنها لەبارەی زمانەوە - کە بەش بە حاڵی ئەتەوەی کورد شتێکی زۆر بەبایەخە - بەڵکو لەبارەی وریا کردنەوەی گەل و هاندان و بزواندنیشیەوە بۆ ئەوەی تێ بکۆشێ و مافی خۆی دەست خاتەوەو لە ئەنجاما پلەی تێ گەیشتن و خوێندەواری یشی بەرز بێتەوەو نەك تەنها هەر لە شیعری سادە ، بەڵکو لەشیعری بەتوێکلیش بگاو بەوە رازی نەبی کە شیعر هەر لە چوار چێوەی قسەی عادەتی دا بێ . بەم هەندەکەسە لەو پەیوەندە دایلەکتیکیی یە ناگەن کە لەنێوان سوودی ئەو شیعرانەدا هەیە کە بە سادەو بێ خوێیان دائەنێن لەگەڵ ئامادە بوونی لەمەوپاشی کۆمەڵانی فراوانی کەلدا بۆ تێ گەیشتن و ویستنی شیعری گەلێ قووڵو بەمەعنا .

سەد ساڵ لەمەوبەر شیعری کەسانی وەك پووشکین و لێرمەنتەف لە چوار دیواری هەندێ ڕۆشنبیری لێبرالی ڕووس دەرنەئەچوو . شیعری ئەمانە نەبوو ڕێگای بۆ ڕەشە خەڵکەکە ڕوون ئەکردەوە .. شیعری سادەی میللی بوو دەوری خۆی لە ڕاپەڕاندنی گەلا ئەگێڕا و بەش بە حاڵی خۆی جۆگەلەیەك بوو ئەڕژایەڕووباری خەباتەوەو ڕێگای بۆ ئەکتۆبەری مەزن نەخت ئەکرد .. ئەو ئەکتۆبەرەی ئەمڕۆ پلەی خەڵکی کرێکارو جووتیارو ئافرەتانی گەیاندووەتە ڕادەیەك دیوانی هیچ کام لە شاعیرە مەزنەکۆن و تازەکانی رووس و سۆڤیەت و بێگانە لە یەکێتی سۆڤیەتدا ناکەوێتە بازاڕەوە ، لە تەنها چەند ڕۆژێکدا هەمووی نەقۆزنەوە . ئەمڕۆ کە سەر لە کتێبخانەکانی مۆسکۆ ئەدەی ئەبینێ دیوانی شیعری شاعیرە قووڵو پڕ مەعناکان لە گەڵێ کتێبی تر کەمتر دەسگیر ئەبێ . باوەڕم پێ بکەن گەلێ جار لەگەڵ بیرەژنێك یا کچێکی گەنجا ئەکەومە قسە ، ئەویان لەسەر جادە بەفرماڵێکی بەدەستەوەیە بەفر ئەماڵێ ، یا لە دەرگای ماڵێکدا دانیشتووە دەرگاوانەو ، ئەمیشیان لە چێشتخانەیەکدا چێشت تێ ئەکا یا لە کۆگایەکی بەقاڵیدا خواردەمەنی ئەفرۆشێ کەچێ لە گەڵێ لە شا ڕۆشن- بیرەکانی خۆمان لە ئەدەبی کۆن و نوێی خۆماڵی و بێگانە شارەزاترەو لە جانتاکەی دەستیدا بەرگێکی کتێبێکی وەك « شەڕو ئاشتی »ی تەلستۆی و «تاوان و سزا»ی دەستەیەفسکی و هەڵبژاردەی شیعری لێرمەنتەف و پووشکین و مەیەکۆفسکی و لەم جۆرانەی داناوە ، هەر تۆزێ پشوو شك بەرێ ئەیگری بەدەستیەوە . بۆیە ئێمەش ئەگەر بمانەوێ گەلەکەمان لە جوانی پەرستی گۆڕان و وردەکاری نالی و مۆسیقای سالم و توێکلی مەحوی و فەلسەفەی خانی بکا ، ئەبێ لەڕێگای شیعری قانیع و بێکەس و هێمن و ع . ح . ب و هەژار و ئەمانەوە کە خەڵك بەئاسانی تێیان ئەگەن ڕای یەڕێنین بۆ خەبات تا ئەگاتە ئاواتی خۆی و دەرگای ڕۆشنبیری بۆ ئەخرێتە سەرپشت و ، وەچەی نوێمان وەك ئێستا بە نەخوێندەواری پێ ناگاو هەر لە منالی یەوە وەك منالی قوتابخانە سەرەتایی یەکانی سۆڤیەت کە نموونەی شیعری پووشکین و نووسینی ئەسترۆفسکی یان بۆ ئەکەن بەسەرمەشق بە شاکاری ئەدەبی نەتەوەکەمان گۆش ئەکرێ .

هەڵەیەکی تری کاك دڵشاد ئەوەیە لەو حوکمانەی دا ئەیان دا بەسەر هێمن و شیعری هێمن دا، تەماشای ئەوە ناکا ئەم شاعیرە خەڵکی کوێ یەو بە چ ئاوو .. هەوایەك پەروەردە بووەو ڕۆژەی کام زەمینەیەو بۆکێ شیعر ئەڵێ .. تەنانەت لەوە ئەچێ سەرەتای دیوانەکەشی نەخوێندبێتەوە یا هیچ نەبێ لە بڕیاردانا سەنگێکی ئەوتۆی بۆ دانەنێ .

بۆ ئەوەی بزانین ئاخۆ شیعری هێمن ئەرکی سەرشانی خۆی بەجێ دێنێ یا نە ئەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کەهێمن کوردێکی ئێرانی یەو بەشی زۆری ئەو شیعرانەی کە دڵشاد بۆیەباخەکانی ملیان ڕۆژانەی ئارەق ڕشتنی سێ کرێکاری پێ دراوە .

بریقەی قۆنەرەکانی قاجیان ئاوی چاو ئەبات ، دیدەی ئونوبیلەکان حەماڵ و کرێکارو پاکەت فرۆشەکانی ئەهێنایەوە بەخۆیاندا ، ئەکشان بەرەو کۆشکی بەرزو دیمەنی باغ و گوڵ و گوڵزاری هەمە چەشنە .

باخەوانێکی ریش سپی جلك دڕاوی فڕ ئالۆزاوی دەست قوڕاوی ، گۆڵەکانی ئەلاواندەوە بەفرمێسکی چاوو ئارەقی ناوچەوان ئاوی ئەدان .

ئافرەتێکی ڕەش پۆشی خێر لەخۆ نەدیو لەو دیوەوە شان و باڵ ئەکوتێ ، هەناسەکە بڕکێ یەتی ، یەخەو پەرداخو قاپ و قاچاغی سپی ئەکردەوە ، ئامادەیان ئەکات بۆ شەوی ڕابواردن و پێك لەیەك دان و چەرێو . حەماڵە یەك دەستەکە لە ژێر بارێك میوەو مریشکی سەر بڕاوو خواردنەوەی چەشناو چەشناو ئارەقی شین و مۆری دەرداوە .

جار جار کۆڵەکەی دائەنا و هەناسەیەکی هەڵ ئەکێشا . دەستی ئەبرد بۆ ناو زەرفەکان و لیمۆیەکی ترشی دەرئەهێنا .

- نا ، نا نای خۆم حەرامە .

خوا لەوە دونیا لێم ئەپرسێتەوە . ئەڵێ لیمۆیەکی ترشت دزی و خواردت .

بەهیواشی ئەینایەوە ناو زەرفەکەو کۆڵەکەی ئەدایەوە بەکۆڵیاو دەستی ئەکردەوە بەڕۆیشتن .

دەنگێك لە گوێی دا زرنگایەوە ، سەیرێکی ئەملاو ئەو لای خۆی کرد ، کەس نەبو (تۆ بڵێیت میوەکان هاتبنە زوبان)

- بەڵێ هاتونەتە زوبان ، بەرد دێتە زوبان ، جا ئەوان چۆن نایەنە زوبان .

- (بمخو ئەگەر تۆ نام خۆیت ئەزانیت چۆن ئەخزرێم) ؟

- (نە بەخوا ، نە دیومە . نە ئەش زانم) .

- ئەکرێم بەمەزە ، ئەکرێم بەدوای عارەق و بیرەو ویسکی دا .

ئەنرێمە نێو دوو لێوی بویەکراو ، بە دەستو پەنجەی خانمێکی نەرمو نیان هەڵ ئەگیرێم ، بە چەقۆیەکی دەسك زیو کەرت کەرتو پارچە پارچە ئەکرێم بەسی و دوو دانی سپی صەدەفی هەنجن هەنجن ئەکرێم .

هەر ئەو دەستانە دوای یێکی سێیەمو چوارەم شل ئەبێت . تێکەڵ بە پێنج پەنجەی کە ئەبێت لە ژێر مێزەوە ئەگوشترێت .

- (ئاخر حەرامە) .

حەرام ، کام حەرام ، کامەیە حەرامو کامەیە حەلاڵ . بۆ تۆ وائەزانێت بەپارەی ئارەقی ناوچەوان ئەکڕێم . نەخێر سەهویت ، ئەم خواردنو خواردنەوەیە ، ئەو کۆشکەی روی تێ ئەکەیت ، ئەو ئوتومبیلەی لەبەر دەرکا وەستاوە ناو ماڵەکە هەموی هەر بەپارەی حەرام کڕراوە .

- حەرام چی یە ؟

حەرام ئەوەیە بەبێ ئارەق پارەیەکی زۆرت چنگ کەوێت .

حەرام ئەوەیە مافی تۆی پێوە نەهێت و زەوتی بکەیت .

حەرام ئەوەیە بۆ هەڵ بگەڕێیت و بە پارە ئەو هەڵ رزگاری ببێت .

حەرام ئەوەیە پارو لە دەمی هەژارو داماوە دەستە وستان بفرێنیت .

حەرام ئەوەیە منال هەتیو بکریت .

حەرام ئەوەیە ئارەقی ناوچەوانی جوتیارو کرێکار بماشیتەوە .

حەرام ئەوەیە نیشتمان بفرۆشیت بە دوژمن .

توند دەستی گرت بەسەری-یەوەو هاواری کرد من دورم لەمانە .

(ئاخر بۆیە هەر حەمالیت) .

کەواتە ئەوانەی حەماڵ نین هەمو حەرام خۆرن ؟..

(نەخێر هەرچی وەك ئەمانە ئەڵێی و بیر لە هەژارو دامااوو دەستە وستان ناکاتەوە حەرام خۆرە) .

- (جا من بە پارەی یەکێك لەمانە کڕراوم) .

تەنانەت بگرە ئافرەتەکەش کڕراوە .

- ئافرەتەکەش !.

(بەڵێ ئافرەتەکەش)

چۆن !

- پیاوەکەت دی کە ئەم شتانەی کڕی .

- بەڵێ دیم ، پیاوە کەیان بو .

- نەخێر خاوەنی ماڵەکەیە ، خاوەنی ئەم کۆشکە بەرزەیە خاوەنی ئافرەتەکەیە ، خاوەنی ئوتومبیلەکەیە ، خاوەنی سامانێکی زۆرە .

چۆن ! ئەو پیرەو ئەم شۆخە ! ئەڵێی مانگی تابانە-ئەدرەوشێتەوە .

- بەڵێ ، پارە ، وئوتومبیل ، جل کۆشك ، خواردن ، خواردنەوە ، کەس و کارو باوك و دایکی کوێر کرد .

- ئەی کچە ؟

- ئەوە نی یە ئەڵێی گوڵەو هەڵپوچورکاوەو سیس بووە .

ویستان مێز شەراب و مەی پێ برازێننەوە .

- بەڵام .

- بەڵام چی ؟.

نابینیت خەمو پەژارەو نائومێدی و ئازار دایگرتووە .

- ئەم شۆخە کە تۆ ئەیبینیت حەز لێ کردوی لاوێکی تازە پێگەیشتو بو .

چاوەروانی سەر لە سەر سەرین و دەست لەناو دەستو خەندەی سەر لێو بوون . چاوەروانی بەیەك گەیشتن بوون .

بەڵام وا دیار بو ڕۆژگار ستەم کار بو ، نەخێر پارەستەم کاربو . ئەم پیرە بەدبەختە خاوەن پارەیە قۆزتی یەوە کۆشك و قەمەرەو پارە لەشی گرتە باوەش .

بەڵام دڵ نەگرایە باوەش ، وەك مۆم ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژا ئەتوێتەوە ، هیچ شتێ یەك نی یە لە جیهان دا بتوانێت دڵ بگرێتە باوەش ، ئەگەر هاوەدەم و هاو چەرخ و هاوپەیمان نەبن .

بڕوانە ل -٧-

سەرنج

هەروەکو خوێنەرانی خۆشەیستی هاوکاری ئەزانن و ناوەڕۆك و ئەو بابەتانەی تا ئێستا لە ڕۆژنامەکەدا بڵاوکراونەتەوەو ئەو خامەو نووسەرانەی تیایدا نووسیویانە وەکو بەڵگەو نیشانەیەکی پرشنگدارن و ئەو ئەرکە گەورەیە ساغ ئەکەنەوە کە هاوکاری خستونیەتە سەرشانی و وەکو ڕۆژنامەیەکی کوردی کە بەفرمانێکی خۆی زانیوە لە مەیدانی پان و بەرینی ژیانی ڕۆژنامەگەری دا هەوڵ و تەقەللای خۆی داوە .چەندین لاوی خوێن گەرمی هان داوەو بەرهەمی بۆ بڵاوکردونەتەوەو یارمەتی داون. ڕێبازێکی زانستی و پێشکەوتنخوازانەشی گرتۆتەبەر ، بە تێکرایی مەبەستی هەرە گرنگیشی لەمەدا خزمەت کردنی نەتەوەکەمان بووە .. خۆ ئەگەر لە هەندی جاردا ڕۆژنامەکەمان (وەکو هەندێ کەس ئەڵێن !) نەیتوانیبێ ئارەزوی چەند نووسەرێك بهێنێتەدی ئەوا بەلای ئێمەوە، هەر سەبارەت بەو ڕێبازە پێشکەوتنخوازەیەتی کە هەرگیز نایەوێ لابدا .

جابۆیە بە باوەڕی خۆمان هاوکاری نەك هەر لەهاندانی نووسەرانی پێشکەوتنخوازو ڕاکێشانیان بۆ مەیدانی نووسین و ڕەخنەو ڕەخنەگرتن درێغی نەکردوە ، بگرە هەروەکو لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکە ئاشکرای ئەکەن ، هەمیشە ویستومانە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم نیازە گۆمە وەستاوەکانی ئەدەب باشتر بشلەقێنرێن و خەرمانەکان چاکتر شەن و تەتلە بکرێن و بۆ ئەوەی بیروڕای جۆربەجۆری خزێنراو بۆ ئاو خەرمانی ئەدەبی کورد کۆزەرە بکرێن و دوور بخرێنەوە . کە ئەمەش بێ گومان بەبێ لێدوان و هەڵسەنگاندن و لێکۆڵینەوە نەبێت ناگونجێ .. کە نیازێکی خاوێن و سنگێکی فراوان و سەربەستی یەکی تەواوی ئەوێت جا هاندانی ڕەخنەگرو نووسەران لەسەر لێکۆڵینەوەی (تاریك و ڕوون)ەکەی ماموستا هێمن هەر لەو پێوودانەوە هاتبوو کە لە سەرەوە باسمان کرد .

● جا لێرەوە ئەمانەوێ بە خوێنەرانی خۆشەویستی ڕابگەیەنین کە نووسینەکەی ئەمجارەی کاك محمدی مەلاکەریم دەربارەی ڕەخنەو ڕەخنە گرتنەکە لە دیوانی ناوبراو دوا نووسین ئەبێ کە لەم بارەیەوە لە هاوکاری دا بڵاو ئەکرێتەوە ، ئەریش وەکو ئێمە بۆی ئەچین ئەو بابەتە بە تەواوەتی مافی خۆی پێ دراو نووسین و لێکۆڵینەوەکانیش پڕ بەپێستی خۆی بوون .. خۆ ئەگەر نووسینی ترمان لەم بارەیەوە بۆ بێت وە دەرفەتیشمان هەبێ ئەوا دوور نیە بیر لەوە بکەینەوە کە لە پاشە ڕۆژدا تێکرای ئەو نووسین و ڕەخنانەی لە دیوانەکەی ماموستا هێمن گیراون لە نامیلکەیەکدا چاپی بکەین ..

هاوکاری

بازاڕەکانی ژیان

کورتە چیرۆك

***

ظاهیر ئەحمەد سەوز

باران وردە وردە ئەباری ، قوڕو چلپاوێکی نالەباری دروست کردووە ، هەیە چەتری پێ یە ، هەیە پاڵتۆیەکی لەبەر خۆی هەڵکێشاوە . تاریکایی جیهانی کش و مات کردووە ، پەڵە هەور بەری تیشکی ڕۆژی گرتووە ، لەو دیو هەورەوە بێ باك تیشکی خۆی پەخشان کردۆتەوە ..

دەست بۆ هەر شتێ یەك ئەبەیت وەك مار پێتەوە ئەدات ، شار ڕازاوەتەوە ، هەرچی دڵ حەزی لێ بکات و بۆی ببزوێ هەیە .

میوە فرۆشەکان ، میوەکانیان بەچەشنێك داناوە پیاو لە تەماشا کردنیان تێر ئەخوات نەك خواردنی .

خاوەن ئۆگاکان بە دیکۆرێك کۆگاکانیان ڕازانۆتەوە هەر پێویستی بە شاعیرێك هەیە و خەیاڵی ببزوێنێت و کاریزاوی شیعری هەڵڕژێت .

ئافرەتە برجواکان بە شێوەیەك خۆیان ئارایشت کردووە بەرد دێنێتە جۆش ، نەك مرۆڤ .

پۆزی سپی ، ناو قەدی باریك شلکەی ڕانی خڕو پڕی بێ کەرد، پرچی دەست کردی تێکەڵ بە زوڵف و بەرچەمی ڕاستەقینە ، دەمو چاوی ئارایشت کراوی پرشنگ دار ، نینۆکی درێژ ، قۆنەرەی باژنە بەرزی بێ گەرد ، بلوزو تەنورەی ڕەنگاو ڕەنگ .

ئوتومبیلەکان بریقە ئەدەنەوە خۆتی تیا بەدی بکە ، ئەوانەی لێیان ئەخوڕن ڕومەتیان سوور هەڵگەڕاوەو ئەدرەوشێتەوە . بۆن بان پیاو بێهۆش ئەکات ، دەنگێك لە گوێی دا زرنگایەوە ، سەیرێکی ئەملاو ئەو لای خۆی کرد ، کەس نەبو (تۆ بڵێیت میوەکان هاتبنە زوبان)

- بەڵێ هاتونەتە زوبان ، جا ئەوان چۆن نایەنە زوبان .

- (بمخو ئەگەر تۆ نام خۆیت ئەزانیت چۆن ئەخزرێم) ؟

- (نە بەخوا ، نە دیومە . نە ئەش زانم) .

- ئەکرێم بەمەزە ، ئەکرێم بەدوای عارەق و بیرەو ویسکی دا .

ئەنرێمە نێو دوو لێوی بویەکراو ، بە دەستو پەنجەی خانمێکی نەرمو نیان هەڵ ئەگیرێم ، بە چەقۆیەکی دەسك زیو کەرت کەرتو پارچە پارچە ئەکرێم بەسی و دوو دانی سپی صەدەفی هەنجن هەنجن ئەکرێم .

هەر ئەو دەستانە دوای یێکی سێیەمو چوارەم شل ئەبێت . تێکەڵ بە پێنج پەنجەی کە ئەبێت لە ژێر مێزەوە ئەگوشترێت .

- (ئاخر حەرامە) .

حەرام ، کام حەرام ، کامەیە حەرامو کامەیە حەلاڵ . بۆ تۆ وائەزانێت بەپارەی ئارەقی ناوچەوان ئەکڕێم . نەخێر سەهویت ، ئەم خواردنو خواردنەوەیە ، ئەو کۆشکەی روی تێ ئەکەیت ، ئەو ئوتومبیلەی لەبەر دەرکا وەستاوە ناو ماڵەکە هەموی هەر بەپارەی حەرام کڕراوە .

- حەرام چی یە ؟

حەرام ئەوەیە بەبێ ئارەق پارەیەکی زۆرت چنگ کەوێت .

حەرام ئەوەیە مافی تۆی پێوە نەهێت و زەوتی بکەیت .

حەرام ئەوەیە بۆ هەڵ بگەڕێیت و بە پارە ئەو هەڵ رزگاری ببێت .

حەرام ئەوەیە پارو لە دەمی هەژارو داماوە دەستە وستان بفرێنیت .

حەرام ئەوەیە منال هەتیو بکریت .

حەرام ئەوەیە ئارەقی ناوچەوانی جوتیارو کرێکار بماشیتەوە .

حەرام ئەوەیە نیشتمان بفرۆشیت بە دوژمن .

توند دەستی گرت بەسەری-یەوەو هاواری کرد من دورم لەمانە .

(ئاخر بۆیە هەر حەمالیت) .

کەواتە ئەوانەی حەماڵ نین هەمو حەرام خۆرن ؟..

(نەخێر هەرچی وەك ئەمانە ئەڵێی و بیر لە هەژارو دامااوو دەستە وستان ناکاتەوە حەرام خۆرە) .

- (جا من بە پارەی یەکێك لەمانە کڕراوم) .

تەنانەت بگرە ئافرەتەکەش کڕراوە .

- ئافرەتەکەش !.

(بەڵێ ئافرەتەکەش)

چۆن !

- پیاوەکەت دی کە ئەم شتانەی کڕی .

- بەڵێ دیم ، پیاوە کەیان کە ئەو ئەمەی کڕی ئەو ئەمەی کڕی ئەو ئەمەی کڕی

پرۆژەی کەڵەکی یاسین ئاغا لە هەولێر

● پلەی دووهەمی پرۆژەی کەڵەکی یاسین ئاغا لەپاریزگای هەولێر ئەم ساڵ کوتایی دێت

● پلەی دووهەمی پرۆژەکە دوو ملیون دیناری بردووە

لەوەزارەتی ڕەسەرچاوەیەکی ئاگادار ، ڕایگەیاندووە کە ئەم پلەیەی پرۆژەکە دەوروبەری ٢٠ هەزار مەشارە لە زەوی وزارە کشتوکاڵیکانی دەوروبەری ئەو پرۆژەیە ئاو دەدات •

بەشی دووهەمی پرۆژەکە بریتیە لە دامەزراندنی دوو (مزەخەی) کارەبایی و هەندی کاروباری خانەسازی و کارەبایی لە گەڵ تەواوکردنی دووجۆگای گەورە کە درێژایی هەردووکیان دەگاتە ٥٧ کیلۆمەترە ، لە گەڵ چەندجۆگایەکی تر کە لەو دووجۆگایە هەڵگیراون ئەم لقانەدرێژی هەمویان دەگاتە ٧٢ کیلومەترە وەك ئاشکرایە وەزارەتی (ڕەی) پێش ئەم پلەیەی پرۆژەکە پلەی یەکەمی تەواو کردبوو کە ئەویش بریتی بوو لە گەلێك جۆگای گەورەو بچووك و هەندی پردی هەمەچەشنە لەگەڵ ئەنجامدانی کاروباری تری ئەوتۆکە پەیوەندی بەوانەوە هەبووە• پلەی یەکەمی ئەم پرۆژەیە لە باریدا هەیە (٢٠) هەزارمەشارە زەوی وزاری کشتوکاڵی ئاو بدات ، لەو زەوی و زارانەی کەوتونەتە ڕۆژهەڵاتی خواروی ڕوباری زابی گەورەوە سەرجەمی پلەی یەکەمی ئەو پرۆژەیە دوومیلیون و ٥٧ هەزار دیناری تێچوو بوو •

ئەوەی شایانی باسە ئەوەی وزاری ئەو پرۆژەیە بەتاقی کردنەوەدا دەرکەوتووە کە زەوی وزارێکی بە بەرەکەتەو هیچ شوێنێکی ئەوە نیە ، ئەوەش ڕێگای ئەوە خۆش دەکات کە ئەو زەوی وزارە بە کەڵکی ئەوە بێت هەموو جۆرە کشتوکاڵیکی تێدا بچێندرێت و بەشێوەیەکی زۆر چاك لە سەر تازەترین ڕێگای زانستی کشتوکاڵەکەی بێتە بەرهەم ئەو کشتوکاڵەش هاوینە بێت یا کشتوکاڵیکی زستانە

لە لایەکی تریشەوە وەزارەتی (ڕەی) توانیویتی ٧٠٪ی پرۆژەی ئاودیری بلاجۆ - خانەقین تەواو بکات ، وە واش بەتەمایە لە ناوەراستی ئەمساڵ پرۆژەکە بە تەواوی کۆتایی پێ بهێنێت •• ئەو پرۆژەیە ٤٢٥ هەزار دیناری تێچووە ئەم پرۆژەیەش بە نیازی ئەوە کراوە کە ئاوی ٣٦ هەزار مەشارە لەو زەوی وزارانە ئاو بدات کە کەوتوتە دەوروو بەری پرۆژەکەوە •

ئەو پرۆژەیە بریتیە لە جۆگایەکی گەورە کە درێژیکەی ١٢ کیلۆمەترە دەبێت لە گەڵ ئاوبەستێکی سەرەکی کە ئاوی ئەو جۆگایە ڕێك وپێك دەکات بەشێکی تری پرۆژەکە بریتیە لە جێبەجێ کردنی چەند ئاو بەستێك بوریك خستنی ئاوی ئەو پێنج جۆگا بچوکەی لە جۆگا گەورەکە هەڵدەگیرێت لەگەڵ چەند پردوو وردە ئیشێکی تردا •

بانگەوازی وەزارەتی ئاو خۆ

کاك عزت دوری ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ، وەزیری ئاوخۆ بانگەوازی هەموو پارێزگارەکانی وڵاتی کردوو ، کە خۆیان زیاتر گورج کەنەوە بۆ هەستەلەی قەلاچۆکردنی نەخوێندە واری لە پارێزگاکانیانداو داواشی لێ کردوون ، کە ئەو پارێزگارانەخۆیان سەرپەرشتی جێبەجێ کردنی ئەو فرمانانە بکەن کە پەیوەندی بەقەلاچۆکردنی نەخوێندەواریەوە هەیە ••

وە داواشی لە ئەنجومەنی پارێزگاکان کردووە کە دەسەلاتی بەڕێوەبەری بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پارێزگاکان زیادکەن و ڕێگایان بۆ خۆشکەن هیچ کۆسپێك لە ڕێگایاندا نەهێلن تابتوانن بەچاکی فەرمانەکانی خۆیان لە قەلاچۆکردنی نەخوێندەواریدا جێبەجێ بکەن •

وە داوای ئەوەشی کردووە کەهەرچی پێش نیارێك دەربارەی ئەومەسەلەیە هەبێت پیشکەشی سکرتیری گشی دەستەی باڵای قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بکرێت ، تاوەکو بەگوێی ئەورایانە بکرێت کە سودبەخشەبەو مەسەلەیە •

بەرژەوەندی یەکی کشتوکاڵی

(ڕۆژنامە ڕەسمێکە) ڕۆژی دووشەممەی ریکەوتی ١٧ی ئەم مانگە مەرسومێکی کۆماری بڵاوکردۆتەوە •• کە داوای پێك هێنانی بەرژەوندیەك دەکات بەناوی (بەرژەوەندی ئەبو غرێبی کشتوکاڵی) یەوە •

ئەو زەوی وزارەی بۆ ئەم بەرژەوەندیە نویە دانراوە خۆی دەدات لە ملیونێك دۆنم زەوی ، دەکەونە ناحیەی (مأمون) و ئەبوغرێب و (زات و سلاسل) و (تاجی) و (لەتیفی یەو) (یوسفی یەو) (فەلوجەو) ناو جەرگەی قەزای مەحمودی یەوە •

دامەزراندنی ئەو بەرژەوەندی یە بە مەبەستی ئەوەیە کە زەوی و زاری ئەو ناوچانە چاك بکرێت و بۆ کشتوکاڵ بەکاربهێنرێت تا ڕادەی بەرهەمی کشتوکاڵی و ئاژەڵی وڵات زیاتر پەرەبسێنێ و بڵندتر بێتەوە ، وە بۆ ئەوەش پەرەبدرێت بەمستەوای لادێکانی ئەو ناوچانەو زیاتر پێش خرین لە پێناوی پەروەردەکردنی دێهاتێکی سۆشیالستیانەی پێشکەوتووی کەشاوەدا ••

ئەوەی شایانی باسە ساڵی پار لیژنەی سەربە کاروباری نەوتو جێبەجێ کردنی ڕێکەوتن نامەکان ، ئەم پرۆژەیە بە یەکێك لە پرۆژە گەورەکانی وڵات ژماردبوو ••

وە لە لایەکی ترەوە وەزارەتی کشتوکاڵ بۆ پلانی پێنج ساڵ ئایندەی نیوان ٧٦ - ٨٠ دەیەوێت پلەی یەکەمی ئەم پرۆژەیە جێبەجێ بکات ، بۆ ئەو مەبەستەش (١٥٠) ملیون دیناری تەرخان کردووە ، تا (١٥٠) هەزار دۆنم لە زەوی و زارەکانی ئەو پرۆژەیەی پێ چاك بکرێت تاوابێت بە کەڵکی کشتوکاڵ کردن بێت •

مالی ئاوایی

ئەم هەفتەیە لە مێژوودا

نەریمان

لەوساوە ئادەمیزاد لەسەر ئەم زەمینەدا پەیدا بوە گەلێ کارەسات و ڕووداوی بەسەردا هاتوە ، کە نوسین داهات و مێژوو هاتەکایەوە ئەو ڕوداوو کارەساتانە چ بە تاڵی چ بەشیرینی تۆمارکران •

ئەو تۆمار کردنەش هەر بۆ ئەوە نەبووە بەنەخش و نیگار لەسەر بەردو خشت هەڵکەندرابێ و لاپەرەکانی مێژووی پێ ڕەش کرابێتەوەو بەس ، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستەیە نەوەی پاش ئەو وەختە کەڵکیان لێ وەرگرت ، بۆیە ئەبینین ئەوی بۆ خۆی و نەتەوەکەی وە دەست ئەخات بەڵام ئەوی بۆ لەبەرکردن و پۆل بازدانی بێت ئەوا هەر ماندوێتی بازدانەکەی بۆ ئەمێنێتەوە •

ئەو کارەسات و ڕوداوانەی کە لاپەرەی مێژووی پێ ڕازاوەتەوە ئێمە لە گۆشەی (ئەم هەفتەیە لە مێژوودا) تەنها شوێن پێیانمان پێشان دابوو و سەرە دەزویەکمان بۆ خوێنەری بەرێز دەرخستبوو ، چونکە ماوەی گۆشەیەکی وا تەسك لەوە زیاتر نەبوو ، بەپێی ئەو نوسراوولێ پرسێنەوانەی وەرمان گرتبوو مایەی سەرنج ڕاکێشانی جەماوەرێك بوە •

ئەم گۆشەیە پێش ساڵێك سەری دەرهێناو لەو ساوە گۆی زەمین سورێکی بەدەور خۆردا تەواو کردو ساڵ گەڕایەوە لەو ماوەیەدا چ ڕوداوێکی گرنگ هەبوو لە دێر زەمانەوە پیشان درا بەمە گۆشە بەئامانجی خۆی گەیشت و ئەوی لەسەری بوو بەجێی هێناو ئیتر بە سوپاسەوە ماڵ ئاوایی تان لێ ئەکات و بەڵینتان ئەداتی ئەگەر لە لاپەرەکانی ڕۆژنامەی هاوکاری بەرێزدا بوارێکی دەست کەوت ئەوا لەمەوپاش لەسەر بناغەی پێشوو هەرجاری ڕوداوێکی مێژووی بەسوودتان بۆ شی ئەکاتەوە ••••

هەواڵێك بۆ قوتابیانی دور وڵات

ئەنجومەنی سەرکردایەتی لەمەودوا ، هەموو ئەو شۆرش بریاری داوە کە قوتابیانەی کە بۆ خوێندن چوونەتە دەرەوی وڵات ، ساڵی جارێك مافی ئەوەیان هەیە بێنەوە بۆ دیدەنی وڵاتو بگەڕێنەوە بۆ ئەو وڵاتەی لێی دەخوێنن بە مەرجێك وەزارەتی پەروەردە ئەم سەرو ئەو سەر ئەرکی ئەو هاتوو چۆیە بگرێتە ئەستۆی خۆی •

بێ گومان ئەم هەنگاوەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش ناویەتی دەست کەوتێکی بایەخدارە کە قوتابیانەی دوور وڵاتن دەستیان کەوتووە • بەو جۆرە هەموو ساڵێك دەتوانن بێنەوە بو دیدەنی وڵاتو پێ لە کەس و کارو دۆستو ناسیاویان نەبڕنو هەمیشەش ئاگاداری باری گۆزانو پیشکەوتنی وڵاتەکەشیان بن ، بەتایبەتی لەو پلانانەی کە بۆ پەرەپیدانی مەیدانە بەرهەمێکانی وڵات دانراوە ••

ئەوەی شایانی باسە وەزارەتی پەروەردە ئیستاکە خەریکی جێبەجێ کردنی ئەو بریارەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرشە •

وەفدێکی پیشە سازی بەرەو قاهیرە کەوتە ڕێ

سەر لەبەیانی ڕۆژی سێشەممەی ڕێکەوتی ١٨ی ئەم مانگە کاك عەلی حسنین حەمدانی سەروکی ڕەزگای گشتی پیشاسازی ئەندازیاری ، لە گەڵ وەفدێکا بەرەو قاهیرە کەوتنە ڕێ •

کاك حەمدانی بەشداری کۆبوونەوەکانی لیژنە دووقۆلێکەی نیۆان عیراق و میسر دەکات ، بۆ هاوکاری پیشەسازی لە نیوان عیراق و میسردا ••

وزیاتر لەوە ئەکۆڵنەوە کە ئەگەر ماوەی ئەوە هەبێ هەر دو وڵات هاوکاری یان زیاتر بکەن لە مەیدانی شارەزای و پیشەسازی تراکتۆرو کەرەسەی جوت و فەلامەتدا •

بانگێشتنی وەزیری پیشە سازی سۆڤیات

کاك تەها جەزراوی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ، وەزیری پیشەسازی و کانەکان ، بانیگشتنی (باخریف) وەزیری پیشەسازی مەکینەی سۆڤیاتی کردووە ، کە بێت بۆ دیدەنی عیراق بەو مەبەستەی کە ئەو سەردان و دیدەنی یە پەیوەندی دۆستایەتی ئابووری لە نێو هەردوو دەولەتدا بەتین تر بکات وە لەلایەکی ترەوە وەزیری سۆڤیاتی پیشەکەوتنی پیشە سازی ئەم وڵاتە بەچاوی خۆت ببینێ •• مەبەستێکی تری ئەو سەردانە ئەوەیە کە هەر ددولا گفت و گوە بکەن لەبارەی ئەوەوە ئەگەر ماوەی ئەو هەبێت وڵاتی سۆڤیاتی •

هاوکاری عێراق بکات بۆ بنیاتنانی چەند پرۆژەیەکی ئەنجومەنی مەکینە دروست کردن لە وڵاتدا •

چەسپاندنی نرخی شت ومەك لە بازاڕەکان دا

لە بەڕێوەبەرایەتی بازرگانی ناوخۆ سەرچاوەیەك ڕایگەیاندووە کە زوربەی کە لوپەلە پێویستەکانی ناوبازار نرخیان لەسەردانراوە ، کە ئەوکەلوپەلانە بەشێکی زۆری ئەو پێویستیانەن کە خیزانەعێراقیکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندابەکاری ئەهێنن •

وتوشێتی : ڕێوشوێنی بۆ ئەوە دانراوە کە بەشی زۆری ئەوکەلوپەلەی تا ئیستا نرخیان بۆ دانەنراوە نرخیان بۆدانرێت ئەویش بەپێی بەیان نامەی ژمارە(٥) وەزارەتی ئابووری کە لە ساڵی ١٩٧٤دا دەری کردبوو •

وە ئەوشی ڕوون کردۆتەوە کە هەتا ئیستا نرخی (٣)سێ هەزار کەلوپەلی هەمەجۆر دنراوە ، ئەو کەلوپەلانە خۆماڵی بن ، یا لەو کەلوپەلانە بێت کە لە دەرەوەی وڵاتەوە دەهێنرێن ئەویش لەبەرئەوە ماوەی ئەوە نەمێنێت کە دووکاندارەکان بەئارەزووی خۆیان نرخیان زیادووکەم کەن یا بی شارنەوەو لە گۆڕیدا ڕایهێلن •• بۆ مەیسەر کردنی ئەو کارەش لیژنەیەك دانراوە کە چاودێری بازاروو دووکانەکان بکەن ، ئەوانەی لەو لیژنانەشدان هەموو کەسانی لێهاتوو شارەزان •

ئەو سەرچاوەیە ئەوشی باس کردووە • کە ئەو سەرپێچیانەی ساڵی پارکراون گەیشتوونەتە دوو هەزارو ٤٧٦ سەرپێچی •• (٤٥) لەوسەرپێچیانە ئەوانە کردوویانە کەشت بو (مەسەلەی موباياعات) دەفرۆشن (٤٢١) کەس تر کە سەرپێچیان کردووە لەوانە بوون کەلەلوپەلی ئورزدیباك ئەفروشن (١٠٠) کەسیشیان لەوانە بووە کە کەلوپەلی کومپانیای کشتی ئۆتۆمبیل دەفرۆشن •

وە ئەوەشی وتووە کە هەندی سەرپیچی ترکراوەو گشت ئەوانەی ئەو سەرپێچیانەیان کردووە سزای ڕەوای خۆیان وەردەگرن تاکو ببن بە نموونە بۆ ئەوانی تر کە لەمەودوا بەدڵیاندا نەیێت نرخی کەلوپەل بەئارەزووی خۆیان بگۆڕن •

جێبەجێ کردنی سێ پرۆژەی (مەملەحە)

کۆمپانیایەکی فەرەنسایی ماوەیەکی کەم لەمەوبەر لە نەخشەکێشانی پلەی دووهەمی هەر سێ ئەو مەملەحانە بۆتەوە کە بریاروایە لە پارێزگای موسەناو بەسرەو نەینەوادا دروستبکرێن لە ناوچای سەماوەو فاوو ئەلبواردا •

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەوکۆمپانیایەدا ڕایگەیاندووە کە وزەی بەرهەم هێنانی ساڵانەی (مەملەحەی) فاو خۆی دەدات لە دەوروبەری ملیونێك تەن خوێ •• بەڵام وزەی بەرهەمی مومملەحەی سەماوە لە ٢٠٠هەزار تەن تێناپەڕێت ، مەملەحەی ئەلبوار وزەی بەرهەم هێنانی لەو مەملەحانەی تر کەمتر دەبێت ، بەو پێیە ناتوانێت لەساڵێکدا لە ٢٠ هەزار تەن خۆی زیاتر بەرهەم بێنێت ••

وە ئەوشی ڕاگەیاندووە •• کە بەرهەمی ئەو مەملەحانە بێ جگە لەوەی کە بۆ چێشتوخواردەمەنی بەکاردێت ، بۆ پیشەسازیش بەکار دەهێنرێت بەتایبەتی لە پرۆژەی پیشەسازی کاربۆناتی سۆدیومداکەوا چاوەروان دەکرێت بەم زووانە لە سەماوەدا دابمەزرێت هەروەها لە پیشەسازی پتروکیمیاویدا بەکاردێت ، کەئیستا وەزارەتی پیشەسازی لە پارێزگای بەسرادا خەریکی جێبەجێ کردنێتی ••

ئەو سەرچاوەیە ئەوەی ڕوون کردۆتەوە کە بەرهەمی ئەو مەملەحانە لە سەر تازەترین شێوەی زانستی خوێی لێ هەڵە بنجرێت وبەکار دەهێنرێت ئەوەش ڕاگەیاندووە کە ئەو کومپانیایە جێگای دەستنیشان کردوە بۆ دروست کردنی ٣٥٠ خانوبەرە بۆ فەرمانبەروکرێکارانی مەملەحەی فاو بە مەرجێك ئەوجێگایە لەپاشەڕۆژامادەی ئەوەی دەبێت لەدواروژاو خانۆکانی بگاتە ١٠٠٠ خانووو وتوشێتی کە کۆمپانیای ناوبراو ئیستا چاو بۆ دوو جیگادەگیرێت کە لە سەماوەو بۆ فەرمانبەران و کریکارانی ئەودوو مەملەحەیە •

چاپ کراوی نوێ ••

بەیان

هەفتەی ڕابوردوو ژمارە (٢٢)ی گۆڤاری بەیان کەوتە بازارەوە •• لەژمارەی ئەمجارەی ئەم وێنەو بابەتانە بەرچاو ئەکەون :-

● هەردوو وێنەی بەڕێز بابەتێکی فۆلکلوری و دیمەنێکی لە کوردستانەوە •

● وێژەی دوێنێ و ئیمڕۆ بەقەڵەمی مامۆستا شەمەمەدی خاڵ •

● خاڵو گۆناز : ڕەشەباو عوسمان •

● یادێکی ٢٥ ساڵە کاکەی فەللاح •

● فۆنیم لەبەر ڕۆشنایی لێکۆڵینەوەی بەراوردی دای محەمەد ئەمین هەورامانی •

● ملوانکەیەك - چیرۆك کەریمی حیسامی کردویە بەکوردی •

● خەوی سەوز : دلشاد محەمەد ئەمین •

● عەبوودی - حەمەبۆر

● گۆشەیەك لە ئەدەبی فۆلکلوری ژن : سەعید

● دوو ڕازی سەرەڕۆ بەشمیل : شیعر : مارف ناسر

● کۆشکی تاوان : زاهیر ئەحمەد سەوز

● بۆ کەوەکەم : محەمەد فەریق حەسەن •

● هەوارگەی وڵات : کوردی

● فەلەستین - هەڵبەست هەڤاڵ کوێستانی

● ئیندێکسی گۆڤارەکە مامۆستا نەریمان نووسیویەتی

● لەگەڵ چواروێنە کە بەڕێزان : دلدار ، عەلی مەردان حەسەن زیرەك ، خالەرەجەب لەلاپەڕەی پێش دواییدا بڵاو کراوەتەوە •

فراوان کردنی کارگەی باتە

کۆمپانیای گشتی باتا ، دەستی کردوە بەجێبەجێ کردنی پرۆژەیەکی نوی لە کارگەکانیدا بۆدروست کردنی ملیونێك جوت پێلاوی چەرمی هەمەجۆر •• وە واچاوەڕوان دەکرێت ئەم پرۆژەیە لە ساڵی داهاتوودا تەواو ببێت ••

سەرچاوەیەکی ئاگاداری ئەوکارگەیە ڕایگەیاندووە • کە ئیستا بەردەوام لە ئیش کردنی جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیەدان پرۆژەکە بریتیە لەدامەزراندنی چوار خەتی بەرهەم هێنانی نوێ کە کۆمپانیای باتا ماوەیەك لەمەوبەر لەگەڵ چەند کومپانیا یەکی جیهانیدا ڕێك کەوتبوو کەرەسەی ئەو خەتانەی بۆ ئامادە بکەن ••

ئەوەی شایانی باسە لە پرۆگرامی بەرهەم هێنانی ئەمساڵدا لیژنەی ڕێنیشاندەری ئەنجومەنی هێلکیشان بریاری لەسەر جێبەجێ کردنی ئەو پرۆژەیە دابوو ، وە پارەیەکی تەواویشی بۆ تەرخان کردبوو •

پرۆژەی ڕوباری (ئوم قەسر)

ڕۆژی شەممەی ریکەوتی ١٥ی ئەم مانگە کاك سەعدون غیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری « مواسەلات » سەبارەت بەهەڵکۆلینی پرۆژەی ڕوباری (ئوم قەسر) لەگەڵ کۆمپانیای (تۆاهابر)ی ژاپۆنیدا ریکەوتنامەیەکی مۆرکردووە • پرۆژەی هەڵکۆلینی ئەو ڕوبارە ملیون و ٩٠٠ هەزار دینار تێدەچێت •

بە گوێرەی ئەوریکەوتن نامەیە کۆمپانیای ناوبراو دەبێت لە ماوەی ٣٦ مانگدا ڕوباری نەهەڵکۆلن •• درێژی ئەو ڕوبارە سێ کیلومەترەیەو پانیەکەی •• مەترەیە ••

بە گوێرەی هەڵسەنگاندنی لیکدانەوەی ئەو کۆمپانیایە ئەو پرۆژەیە پێویستی بە ٣٦ ملیون مەترە سێ جار (مکعب) هەیە کە ئەویش ٣ شوێنی ئاوی لێدروست دەکرێت ئەو شوێنانەش بەکەڵکی چیمەنتۆو دەغلودان ناردن بۆ دەرەوە دێت ••

کۆنگرەی وەزیرانی تەندروستی عەرەب لە بەغدا ئەگیرێ

ڕۆژی شەممەی ریکەوتی ٢٢ی ئەم مانگە کۆنگری چوارەی هەمی وەزیرەکانی تەندروستی عەرەب لە بەغدادا دەبەسترێت •• کۆنگرەکە ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوام دەبێت •

کاك عزت مستەفا ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری تەندروستی سەرۆکی وەفدی وڵاتمان دەکات لە کۆبوونەوەکانی ئەوکۆنگرەیەدا ••

کۆنگرەکە لە لێکۆڵینەوەکانیدا بایەخی گەورە دەدات بە یاسا تەندروستیکانی وڵاتەعەرەبیکان و هەوڵدان بولێکدان و وەك لیکردنی ئەو یاسایانە لەگەڵ پەرەپیدانی یارمەتی یەکتر دان لە مەسەلەی داوەرماندا •• کۆنگرە لەوەش دەکۆڵێتەوە ، کە خوێندنی پرویشکی بکرێت بە عەرەبی •

ڕێککەوتنامەیەك دەربارەی دروست کردنی ١٥ هەزار خانوو

وەزیری کشتو کاڵ کاك حەسەن فەهمی جومعە ، ڕۆژی سێ شەممەی ڕێکەوتی ١٨ی ئەم مانگە ، لەگەڵ یەکێك لە کۆمپانیایە جیهانیکاندا ڕێکەوتنامەیەکی مۆرکردووە ، بۆ دروست کردنی ١٥ هەزار خانووبەرە لە شەش لە پارێزگاکانی وڵاتدا ، کە بریتین لە پارێزگای بەغدادو دیالەو واسطو بابل و کەربەلاو قادسیە •

ئەو خانوو بەرانە(٢٤) ملیون دیناریان تێدەچێت ، بەسەر ١٢٢ دیهاتدا دابەش دەکرێت هەریکە لەو دیهاتانە لە ١٠٠ خانوەوە تا ٤٠٠ خانووی تێدادەکرێت ، لەو گوندە هاو چەرخانەدا دووکان و بازاروکازینۆو قوتابخانەو باخچەی گشتی و یانەی تیادا دروست دەکرێت ، وە هەموو ئەو دیهاتانە شەقامو شۆسەکانیش قیرتاو دەکرێت •

گشت ئەو خانوانەلەکونکرێت دروست دەکرێن ، گەورەی هەریەکەیان لە دەوروبەری ٤٠٠ مەترەی چۆرارگۆشەدا ئەبێت بریتی دەبێت لە سێ هۆدەلەگەڵ موبەق و حەمام و شتی پێویستی تر •

هەموو خانۆکان ئاوی خواردنەوەو کارەبایان بۆدا دەکێشرێت واچاوەروان ئەکرێت ئەم ١٥ هەزار خانووبەرەیە لە ماوەی سێ ساڵدا تەواوبکرێت ، ئەم ژمارەخانوە بەشێکە لەو ٥٠ هەزار خانووەی وەزارەتی ناوبراو نیازی وایە لە پێنج ساڵی داهاتوودا لە پارێزگاکانی وڵاتدا دروستیان بکات •

institut kurde de paris

گۆشەی هونەر و ئەدەب

هونەر و ئازادی



ئافرەت لە دراما ی نوێی «ئیبسن»دا

فاضل علی جاف

-١-

لەم بوارەدا بەدی هێناوە تاوەکو بتوانین بڵێین ئیبسن سەرەتای شانۆگەری نوێیە •

تەمەنی شانۆگەری کە دوو هەزارو پێنج سەد ساڵ بێ ، ئەتوانین بڵێین کە ئەم ماوە دوورو درێژە تەمەنی ئەو شانۆ گەریانە بوو کە لە قالبێکی شیعریدا حەشار دراوەو چەندین پێوەندی « ئەرستۆ »ی - کە لە کتێبەکەیا « هونەری شیعر ووتن »دا دای نابوو - پێوە مابووەو بوو بو بەسیمای شانۆ گەری تا ئەو سەردەمەیش بەڵام ئیبسن ئەم قالبە شیعری یەی شکاند لە دوای نووسینی شانۆگەری «براند» و «پیرجنت» کە ئەم دووانەش هەر بە شیعر نووسرابوون ، بەڵام ئەم قسەیەمان لە شانۆگەری « ماڵی بوو کە شووشە»و «بەری دەریا» و « کۆلکەکانی کۆمەڵ » و « ئەیولیفی بچووك » و «بنەماڵەی رۆزمێر »و « کاتێ ئێمەی مردوو لەخەو رادەچەنین» و «مراوویەو وشکانی » بە تەواوەتی دووبات دەبێتەوە • دوای ئەوەی ئیبسن بە شیعر شانۆگەری «پیرجنتو براند »ی هۆنیەوە ویستی ئەم قالبە شیعریەیە لە شانۆگەری داهاتوودا بشکێنێ ، بۆیە لە نامەیەکیدا کە بۆیەکێ بۆ برادەرێکی ، نوسیبوو ئەڵێت : « لەمەودوا ئەبینی شانۆگەری داهاتووم شیعر نابێت ، بەڵکو پەخشان ئەبێت ، من ئەمەوێ وێنەی راستە قینەی ژیان بخەمە روو • زمانی پاڵەوانەکانیشم شیعر نیە، چونکە هەموو مرۆڤی ئاساییو هیچیان شازادەو شاو خواوەندەکانی یۆنان نین تاوەکو زمانی حاڵیان شیعر بێت •• ئەمانە هەموو پاڵەوانانی شانۆ گەریەکانی شکسپیرو پاڵەوانی شانۆ گەریەکانی من نین ••• »

دیارە هەر لەم نامەیەی ئیبسندا کە باسی ئەو هەموو شێوە کلاسیکیانە ئەکات ، ئەتوانین ئەوە بسەلێنین کە تا چ رادەیەك ئەم نووسەرە ریالیستی بووەو توانیویەتی بەو پەری راستگۆییەوە رووپۆش لە سەر دەیەها نەخۆشی ناو کۆمەڵ لابەرێتو بیانکاتەبابەتی شانۆگەریەکانی • پاڵەوانەکانیش لە جیاتی ئۆدیپو ئیلکداو قەیسەرو (عطیل) و کیۆپاترا هەموو فەرمانبەری ئاسایی و ئەو کەسانەن کە لە دەریادا کار دەکەن ، یا ئەو ئافرەتانەن کە بوونەتە قۆچی قوربانیی یاساو نەریتەکانی کۆمەڵی بۆرجوازی •

ئیبسن بەرامبەر بە هەموو ئەو کۆتو پێوەندانەی کۆمەڵ یاخی بوو ، یاخی بوونێك کە لەو سەردەمەدا بە تاوانێکی گەورە دەژمێردرا ، بەتایبەتی ئەگەر مەبەست لەو یاخی بوونە تێکدانی ئەو هەموو پێوەندو قالبانە بێتو هێرش بردنە سەر کۆمەڵو رەوشتەو نەریتەکانی بێت • ئەو رەوشتانەی کە لەو سەردەمەدا زۆر زۆر باو بوونو بۆ خۆیان چەندین نەخۆشیو دەردی گەورە گەورەی ناو کۆمەڵیان پێك دەهێنا• بەرامبەر بەمانە هەموو پاڵەوانەکانی ئیبسن هەمیشە هەوڵی ئەوەیان دەدا کە لەو کۆتو زنجیرانەی کۆمەڵ خۆیان دەربازکەنو سرەوەی سەربەستیو ئازادی هەڵمژن • بۆیە مەسەلەی سەرەکی بابەتەکانی ئەم نووسەرە هەموو دەربارەی ئازادیو سەربەستی ئادەمیزادەو رزگاریو سەربەستی مرۆڤ وەکو (خودی کەسایەتی) بوون نەك وەکو ریکخراوێکی کۆمەڵایەتی ، هەر ئەمەش دەرگای رەخنەی لە ئیبسن کردەوە ، خۆ ئەگەر ئیبسن ئەو هەموو پێوەندیە کۆمەڵایەتیانەی کە لە سەر بناغەی ناراستیو دەلەسە بنیات نراون ، هەڵوە شاندبێتەوە دیارە بۆ ئەم مەبەستەش پێشەکی پەنجەی تاوانی بۆ ژیانی خێزانیتی درێژ کردووە • ئەمە ئەگەرخێزان هەر لە سەرەتاوە بریتی بێت لە پیاوێکی زاڵو سەربەست بە شێوەیەکی تێکڕایی بەرامبەر بە ئافرەتێکی بەشخوراوو دەستەو ستانودوور لەو سەربەستییەی کە ئەم داوای دەکات بۆیە وەکو پێویست مەسەلەی ئافرەتو سەربەستیو ئازادی لە شانۆی ئیبسندا بابەتێکی سەرەکییە

ئەو بابەتەی کە لەم باسەدا هەوڵ ئەدەین لێی بدوێین •

- ماوێتی -

مامۆستای هونەرمەند جەواد سەلیم

تەقەڵادانی هونەرمەند جەواد عیراقیدا وە وایلێکرد کە زۆر دەزگاکانی چاپو بڵاوکردنەوە لەگەڵیا ماندوو ببێ وە بە دوایا بگەڕێ ئەوە بوو کە وای لە ئەکەین بۆ هونەری ئیسلامی لە شەوە لەچاپ بدەنو بێرازێنەوە بەوێنە هونەریە سەرنج راکێشەکانی جەواد سەلیم کەرەگو ریشەی وێنەکانی لە هونەری وێنەکیشانی ئیسلامی چەرخی عەباسیەوە دەست پێ ئەکات •

ئەمەش وێنەیەکی بچکۆلەی بەشی ناوەراستی (ئابلۆی ئازادی) یە لەلای راستەوە بەندکراوی سیاسیو وە لەناوەند سەربازو لەلای چەپەوە بەکراو کە داوای سەربەستی ئەکات وە لەسەرەوەش خەپلەی رۆژەکە مژدەی ژیانی ئازادیو سەربەستی ئەوەخشێ •

فکرت عزت
ئامادەی کردوە

★

وەڵامێکی سەر پێی دەربارەی: ئەم گاڵتە پێکردنە بۆچی؟

کاکە نەریمان لە ژمارە (٢٥٤)ی رۆژنامەی هاوکاریدا دوو ئەستوونی لەسەر گۆشەی پۆستەی خوێنەران نوسیبو •• نوسەر لەسەرەتاوە وەکو نوێنەری قوتابخانەیەکی پێشکەوتنخواز هاتۆتە پێشەوە بەڵام داخەکەم رواڵەتی بێ لایەنیو جموجوڵی دڵسۆزی تیا بەدی ناکرێ •• ئێمە کارمان بەوە نیە ئایا نوسەر مەبەستی خزمەتکردنە بە ئەدەبی کوردی (بەتایبەتی رۆژنامەی هاوکاری)یان نەء ؟ هەر لە ژمارە (٢١٥) وە تا (٢٥٠) هەموی داوەتە بەر سەرنجو رەخنەی خۆی گرتوەو بەموکێش چەند وەڵامێکی تاکێش کردوەو لەسەر سفرەی رەخنەگرتن یەکالای کردونەتەوەو بەناشارەزایی دەستی گردوە بەشی گردنەوەیان ••

نووسەر ئەوە بە گوناح ئەزانێ کە نوسراوە : (با منو تۆ بە کوردیەکی رەسەن بنوسینو بخوێنینەوە) خەلکە بۆ خوا بڵێین ئەمە کوفرە ؟ یان نوسیومانە (لەسەر رویەکی قاقەزەکە بنوسە) یان لە وەڵامی نووسینکیدا کە ناونیشانەکەی ئەڵی (با سنعاتەکە رەزیل نەکەین) ئێمەش هەمان ناونیشانی خۆیمان کردوە بە وەڵامیو وتومانە (ئێمەش ئەڵیین باسنعاتە کە رەزیل نەکەین) لێرەدا نوسەر بانێکو دو هەوا دروست ئەکات ئینجا بۆ ئەبێ هەوایەکیان سازگاربێو ئەوی تریان ناسازبێ ••؟

نوسەر لە کاتی خۆیا لە گوڤاری (بەیان)دا داوای لە خوێنەران کردبو کە لەسەر رویەکی قاقەزەکە بنوسن ئەمەش بانێکیترو دو هەوایترە •• یان نوسین بەکوردیەکی رەسەن گوناهی چیە ؟ و ئەبێ کێ لاری لەم ئامۆژگاریە هەبێ••؟ کاکی (نوسەر نەبێ !) •

ئێمە چەند جار وتومانە پوستەی خوێنەران قوتابخانەی رێنیشاندانی رێبازگەی رۆژنامەگەریەو لە هەمان کاتا پردێکە راستەو خۆ رۆژنامەی هاوکاری بەخوێنەرە بەرێزەکانەوە ئەبەستێو تۆزی خەواڵویی و تویژی کەموکورتی لەسەر روی بەرهەمی تازە نوسەرەکانمان ئەسرێ •• تا ئیستە دەستی چەندەها لاوی تازەنوسەری گرتوەو رای کێشاوەتە روی مەیدانی بەربەرەکانێی ئەدەبیەوە •• هەرگیز نەیویستوەو نایەوێ فێڵ لە خۆیو لە نوسەرەتازەکان و لە رێبازگەی شۆرشگێرانەی ئەدەبی کوردی بکات •• بوختان بەدەم کەسەوە ناکاتو بەدرۆش بەشانو باڵی کەساهەڵنانێ •• بەرهەمە ئەدەبیەکانی تازە نوسەرەکان والا بیژئەکاتو لەگەڵ زەمینەی رۆژنامەگەری ئەمرۆدا هاوتەریباق ئەکات •

ئەگەر لەماوەی (٣٥) ژمارەدا (٤)وەڵام بەدڵی کاکی نوسەرنەبێ مانای ئەوە نیە ئەم گۆشەیە (خوانە خواستە !) گاڵتەی بە خوێنەرە بەرێزەکان کردبێ •• وە رەنگ بێ نوسەر بیری لەوەش نەکردبێتەوە کە هەرکەس ئیش بکات هەڵەش ئەکات ، هەر چەند ئێمە ئەم وەڵامانە بەهەڵە دانانێین •

نا مانەوی نوسەرەتازەکان بەنازیدرۆو لاوکو حەیرانی خوشەویستی دەستکرد پەروەردە بکەینو خەویان لێ بخەین ، بەرویەکی گەشەوە کەمو کورتیەکانی بەرهەمەکانیان دەستنیشان ئەکەینو لە هەمان کاتا ئامادەین لەگەڵ هەر خاوەن بەرهەمێکدا کە وەڵامی ئەدەینەوە گفتوگوی لەگەڵا بکەینو بەرهەمەکەی بدەین لە سەنگی محەك •

پیشینان وتویانە (سوارتانە کاتێ نابێ بەسوار) ئەگەر تازە نوسەرێك دوجار نووسینەکەی شی نەکرێتەوەو کەموکورتیەکانی بۆ دەستنیشان نەکرێ چۆن ئەبێ بەنوسەر ؟ چون ئەتوانی خزمەتی ئەدەبی نەتەوەکەی بکات ؟

پینە پەڕۆکردنی واقیعی روخاو لە ئەدەبا ، یا دانەوەیە بەلای دواکەوتنو سەرگەردانیدا و لە هەمان کاتا هۆیەکی بنەڕەتییە بۆ زیندوکردنەوەی ئەدەبی دەرەبەگایەتیو هێنانە پیشەوەی رواڵەتی ئەدەبێکی کۆنەپەرستانەی ترسنۆك کە لەگەڵ رەوتی شۆرشگێرانەی ئەدەبیو نوێنی کۆمەڵایەتی هاو چەرخدا هەرگیز ناگونجێ• وخزمەتی بەرژەوەندی فراوانی چینە زەحمەتکیشەکانی کومەڵ ناکات •

ئەونوسەرەی کەناتوانی بنوسی گیرۆدەی دەستی کەمتەرخەمی خۆیەتیو نایەوێ لەناو جوغزێکی داخراو سەر دەربێنێ •• ئامۆژگاریەکانی کاکی نوسەریش ئەوەندەی تر دەرگای فیکری سەرکڵۆم ئەکات •

کرێکارێك ئەگەر لە کارگەیەکدا تەوزەل بێتو خۆی بخلافێنێ رەوانیە رێزی لی پرساوی بۆ بسپێرێ•• ئەگەر ریبوارێکی ناشارەزا رێگا هەڵەبکات رەوایەوازی لێ بهێنیو نەیخەیتەوە سەر رێگا ؟ ئەگەر توشی هەزاران ماندوێتی ببێ؟! ئامۆژگاریەکانی نوسەر ئەیەوێ لیبرالیەت لە ناخی ئەدەبی شۆرشگیری ئەمرۆدا بخولقێ بۆیە داوای لاوانەوەی نەخۆش ئەکات ••

ئەدەبی وڵاتانی دراوسیمان بەتایبەتی لەقوناغەکانیرابوردوا گەلیك تیشکیان داوەتە سەر ئەدەبی کوردیو تیکەڵ بە واقیعی ئەدەبی رەسەنی کوردی

بڕوانە ل -٧-

نوێشکی لە ئەدەبیاتی تورکمانەکان

محمود زامدار

بە درێژایی مێژوی سەرفرازی نەتەوەی کوردو بەسەرهاتی خوێنینی خاکەکەی ، برا تورکمانە رەنجدەرەکان کە لە گەڵ کوردا تەبان ، بەشداریان لە خۆشیو ترشیو چاو روونی ئەم کوردەی ئێمەدا کردوە، بە جۆرێکی وایش ئاوینەی یەکتر بوون ، چ لە رێی پەیوەندییە ئابوریو کۆمەڵایەتیەکانەوە ، چ لە رووی شیعرو فیکرو نەریتو ئەدەبیاتەوە ، کە بە زەحمەت یەکێ - لە کوردو تورکمان - ئەدۆزیتەوە ، بە باشی ئاگایان لە یەکتر نەبێو بەو پەڕی خۆشەویستییەوە ، یەکتریان خۆش نەوێ ، با هەزاران روداوو دو دڵی جگەر بریش کەوتبێتە ناوەوە ، با دەیەها کەسیش گەرەکیان بووبێ - بەرقو کینەو بە ناحەقەوە - ئەم پەیوەندیو دۆستایەتییە ، تێك بشکێنن •• یا تورکمانەکە لە کوردەکە دوور خەنەوە

برا تورکمانەکان ، وەك هەر میللەتێکی تری سەر ئەم خاکە پاکەی کوردەواری ، خاوەنی خامەو بیرو لێکدانەوەو شیعرو ئەدەبیاتی خۆیانن ، هەر چەندە بەندەواری راستەوخۆی ئەم ئەدەبیانە ، لە بنچدا ، بە ئەدەبیاتی سەرجەمی تورکەوە هەیەو لقێکە لە درەختی سایەداری ئەم ئەدەبە بەربڵاوە ، ئەوەندەیش بەندەواری بە ئەدەبیاتی فارسو عەرەبو کوردەوە هەیەو لە نێو ئەم چوارچیوەیەدا ، گەشە ئەکاو رێ ئەبڕێو بەرهەم ئەداو شت دائەهێنێ ••

بەراستی ئەدەبیاتی ئێمە - زۆر قەرزاری ئەدەبیاتی تورکە ، کە ئەمەیش ئەو پەڕی لێوە شاوەیی شارستانی کورد پیشان ئەدات لە مەسەلەی (دانو وەرگرتن)دا ، هەر وەك چۆن ئەوانیش قەرزاری ئێمەنو سەدەها شاعیری کورد بە زمانی ئەوان شیعرو فیکریان هۆنیوەتەوەو بە زادەی بیرێکی کوردیو مۆرکێکی کوردانەوە ئەم ئەدەبیاتەی ئەوانیان بە پێزتر کردوە •• بەس نیە کە گەورەترین نوسەری هاوچاخی ئەمرۆی تورك (یشار کمال) کورد بێ ، تا ببێتە مایەی ئەوەی خەڵاتی (نوبل)ی ساڵی ١٩٧٢ی پێ رەوا ببینرێ • خۆ ئەگەر بێو ئەو لێهاتوە کوردانەی کە لەم مەیدانەدا خامەو بیریان تاو داوە بژمێرین ، ئەبێ لیستەیەکی بە نرخی بۆ ئامادە بکەین • تا بزانن کورد حەقی ئەوەی هەیە میللەتانی دوورودەرو دراوسێ شانازی بە برایەتی ئەمگەلە وە بکەنو لە بەردەم مافی رەوایدا چاوی ریزو میهرو سۆزداگرن!! ئەی بەس نیە کە دایەنی شاعیری شۆرشگیر (نازم حیکمەت) پیرەژنیکی جوانکیلەی کورد بووبێ - خۆی گوتەنی - ئەدەبیاتی تورك - یا (تورکمان) بریتییە لە سێ بەش :

یەکەمیان : ئەدەبی میللی

دوەمیان : ئەدەبی کلاسیکی

سێهەمیان : ئەدەبی هاوچەرخو نوێ

ئەوەی یەکەم ، بریتییە لەو بەیتو بەندو ئەفسانەو حیکایەتو داستانە فۆلکلۆریانەی وەك : (هینگنو - توك یوو - ئۆیغور - بەتاڵ غازی - دانیشمەندنامە - جەنگیز نامە - کورۆغلو - شاه اسماعل - ئەسلی کەرەم - ئەرزی قەمبەر - لەیلاو مەجنون- قوریات •• تاد) کە رەنگی هەرە دیاری ئەم میللەتەو خودو سایکۆلوجیەتی ئەم میللەتەمان بۆ ئەرێژێ •• کۆنترین تێکستێك کە لە بارەی ئەدەبی میللیانەوە مابێ ، تێکستەکانی (دەهانی)و (یونس ئامر)ە ••

ئەوەی کەیان : بریتییە لە ئەدەبی کلاسیك ، یا وەك خۆیان ئەڵێن : (ئەدەبی دیوان) ، کە لە نێوان سەدەی (١١-١٢)ی زایینییەوەو لە کۆنترین پاشماوەی تۆمار کراوی (قوتادگوبیلیگ)ی یوسف خاس حاجیبەوە دەس پێ ئەکاو ئینجا پەیتا پەیتا بەرەو ئەم کەڵەشاعیرو نەدیبە کۆنانەی تورك ئەکشێت ، وەك : (گول شەهری - عەشق پەشا - عماد الدین نسیمی - میهری - نەوایی - فزولی - حەکیم زادە - زیهنی - نەورەس - غەریبی ••• تاد) کە هەریەکەیان بۆ خۆیان ستوندەیەکی بەرزی ئەم ئەدەبیاتەن ، بە تایبەتی (فزولی) یان •• لە لایەن برا تورکمانەکانی لای خۆشمان ، دیاردەی ئەم کلاسیکیەتە لە سەر دەستی شاعیرانی وەك : (جلال رەزا - أسعد نائب - عبدالله سافی - محمد سادق - خدر لطفی - ملا صابر - توفیق أورخان - مستەفا گوك قەیا - رشید داقوقلی - عثمان مظلوم - حسن گورەم - علی معروف - فەلەك ئوغلو •••) بنیات نراوە ••

سێهەمی : بریتییە لە ئەدەبیاتی نوێو هاو چەرخ کە لە سەدەی نۆزدەهەمەوە چەکەرەی کردوەو سەری هەڵداوە ، لە سەر دەستی شاعیرانی وەك : (رەحمی - عبدالحق حامد - صباح‌الدین علی - ضیا پەشا - شناسی - احمد مدحت) و شاعیری هەرە دەنگ بەرزی تورك (نامق کمال) •• ئینجا نەوەیەکی کارامە تر ، هاتە کایەوەو پەیامەکەی وەرگرتو کەوتە رێگا ، لەمانەیش : (عمر سیف‌الدین - زیا گوگ ئالپ - **محمد عاکف** - خالدە ادیب - رضا توفیق ••• هتد) ئینجا نەوەیەکی تازەو سەر دەرکردوی تورکمانیش ، بەچوختێتی هەوڵ داو خۆی لە قالبە کلاسیکیە مردوەکان رزگار کردو راپسکاند ، کە بەمەیش ، رەنگی هەرە گەشی ، چینی رەنجکێشو هەژارو چەوساوەکانی تورکمانەکانی رژاند ، ئەو ئەدەبەی کە لە گەڵ مەنتیقی ژیان رێ بکاو لە رووی رەوتی نەسرەوتی مێژوداً نەوەستێت ، بە رەوانترین زمانو بە جوانترین دەستەوازەو هەڵچونی مەردانە ••• دیارترین شاعیری ئەم وەچەیەش : (علی صائب - عزالدین عبدی - نەسرین عطا - اسماعیل - سرت تورکمان - خیرالله کاظم - عبدالخالق بیاتلی - عبد اللطیف بندر ئۆغلو - صلاح نەورەس - حسین مبارك) ئەگرێتەوە ، کە هەر یەکەیان جێگایەکی دیاریان لە ئەدەبیاتی تازەی تورکمانا ، گرتۆتەوە ••• تا ئێرە ، بە شێوەیەکی تێکڕاییو بە خێرایی ، رەنگی دیاری ئەدەبیاتی ئەم برایانەیە ، وەك چۆن ئێمە بە (لاوكو حەیرانو هۆرەو قەتار ئەڵاوەیسیو سیاچەمانە)وە ناودارینو پەڕی شانازیەوە ، ئەدەبیاتی نەتەوایەتیمان ، هونەری کوردیمان ، شانازی پێوە ئەکات ••• برا تورکمانەکانیش ، بە چەشنێ لەم ئەدەبو هونەرە میللییە بە ناوبانگن ، کە بە تەواویو بەو پەڕی دڵنیاییەوە ، ئەتوانی بڵێیت : ئەم چەشنە ئەدەبە ، رەنگی هەرە ئاشکرای برا تورکمانەکانو نا بەڵکو هەمو میللەتی تورك ئەرژێت ، ئەمیش کە بە (قۆریات) مەشوورە •••

ئەم قوریاتە یش : چەشنێکە لە شیعری میللیو تۆمار نەکراوی - زۆربەی - بێ خاوەن ، بە شێعرەیەکی تێکڕایی پێك هاتوە لە (چوار خشتەکی) کە سەر لێوە لە وێنەی بەرزو لە خۆشەویستیو پەندی کۆمەڵایەتیو ئەخلاقیو فەلسەفی ، روخساری هەرە دیاری قۆریات ، بریتییە لە چەند ووشەیەکی هاوجووت (جناس) بە شێوازێکی سادەو رەوانو دڵگیر •• هەر ئەم قۆریاتەش ، بیست مقامی تایبەتی خۆی هەیە وەك : (مخالف - بشیری - یتیمی - موجیلا - عمر گلە - احمد دایی - قرە باغلی - مال الله - کوردۆ - ••• تاد) کە لە تەکیا ئەگوترێت •• لەوانەی کە لەم مەیدانەدا ئەسپی خۆیان تاو داوە (رشید کولە رەزا - عمثان تەپلە باش - خۆیان نجار - عزالدین نعمت - فاضل صمد - عمر چوڵ بۆین - تۆپەڵ حەمە - صدیق بەندە غفور - عبدالواحد گوزەچی ••• وگەلێکی تر ••)

هەر بەم بۆنەیەشو لە دەروازەی سەر ئاوەڵەی ئەم لاپەڕەیەش زۆر خۆشحاڵم کە چەند تاکێك لەم قۆریاتە ، بۆ ئەوانەی کە لە تورکمانی ئەگەن ، یا هەر برا تورکمانە کوردی زانەکان خۆیان ، پێشکەش بکەم هیوادارم لە بارو بەر دڵ بێت :

أصلان آغزی
قوخلە گول آصلان آغزی
داغلردە تولکی قەملاز
آچلسە أصلان آغزی

واتە : (دەمی شێر - جۆرە گولێکیشە - بۆن بکە ، خۆ گەر دەمی نەڕەشێرانی ئەمشاخو کێوانە بکرێتەوە ، هیچ جۆرە تورگێك لەم ناوەدا نامینێ !)

سەرچاوەکان

١ - فنون الادب الشعبی الترکمانی - ابراهیم الداقوقی
٢ - کرکوك شاعرلری - عطا ترزی باشی
٣ - چاغداش تورکمان شاعرلری - مدیریە الثقافە الترکمانیە •
٤ - چەند ژمارەیەك لە گۆڤارو رۆژنامەی (قرداشلق - یورد - برلك سسی) •

institut kurde de paris

کتێبی هاوکاری



مێژووی ماد

٣٠١ دیاکۆنۆف نوسیویەتی
بڕهان قانع لە فارسیەوە
کردویە بە کوردی

- ٤٥ -

لە کۆتایی سەردەمی دەسەڵاتداریتی زنجیرەی سێیەمی (ئور) زوربەی زەوی‌زاری دەوروبەری روباری دجلە و ئەوبەری بە دەست (ئانسی) (حاکم - جی‌نشین)ی ٩٠ شاری (لاگاش)ەوە بوون • هەروەکو (ئاراد - ناتار) جی نشینی (لاگاش) لە سەردەمی پادشای (شو - سوئن) « ٢٠٤٦ تا ٢٠٣٨ پیش زایینی » هەندێکی تر نازناویان بە (ئانسی) (سابوم) ٩١ وە کیشوەری کوتیوم ٩٢ وە حاکم (دیمات‌ئین‌لی‌لیا) و (ئال- شو - سین) وە (ئانسی) (خامازی) و (گانخار) و ئەمیر (ئیشار) و هۆزی (سو) (سوباریان - هوریان) وە کیشوەری (گارداك) و هی تر نرابون٩٣ • سەرچاوەی دال کە لە بەر ئەوەی لە لایەن دانیشتوانی ناوچەی باسکراوەوە مەترسیەك روی کردە دوروبار (بین النهرین) کە سوڵتانەکانی زنجیرەی سێیەمی (ئور) ئەیانویست لەشکرکەشی تیا بکەن ، بە دەستەوە نیە • لەو کاتەدا لەو سەر زەمینە باسکراوانەدا شەقامەرێیەك کە دو روبار بە ناوچەکانی (موهنجو - دارو)وە (خاراپی) ٩٤ کە خاوەنی فەرهەنگێکی هیندیانە بوون و بەیەکیەوە ئەبەستن ، بە دەراوی دیالەدا تێ ئەپەڕی • بەڵام هۆی بنەڕەتی لەشکر کەشیەکانی پادشایانی سومەرو ئاکاد بۆ کوێستان زەمینەکان زۆر تری لەبەر گرتنی دیلەکان بووە • لەوە ئەچێ لەو سەردەمەدا هەروەکو هەزارەی دووەمی پێش زایینی وەکو لولویی‌و گوتیەکان بووبن لە بین النهرین‌دا ٩٥ •

ئاکاد میسین (و•و• ئاستروو٩٦ گەلێك سەنەدی سەرنج راکێشەری لە بارەی شێوەی پێویستی‌و ئازوقەی هوردوگای ژنە دیلەکانەوە کە لە سەردەمی یەکێك لە پادشاهانی زنجیرەی سێیەمی (ئور) دا بە تالانی گرتبونیان بڵاو کردۆتەوە (ئەو سەنەدو بەڵگانە بە میژووی سالی پینجەم سەڵتەنەتی شا) (بور - سوئن) واتا رەنگ بێ لە ٢٠٥١ پیش زایینیدا نووسرا بێت) ئەو وێنەو شێوە نووسینانە کە تەنیا چوار مانگ لەگەل یەکتردا ماوەیان هەیە شێوەی رواڵەتی درندانەو ژیانی ناخۆشی ژنە دیلەکانی دەر ئەخات •

ئاکادمیسین و•و• ئاستروو لەو باوەڕەدایە کە بە لای کەمەوە هەندێك لەو ژنە دیل کراوانە هوریانی بون ، بەڵام لەبەر ئەوە لەناو ئەو نووسراوە باسکراوانەدا ناوی سومەری٩٧ و ئاکادی٩٨ بەرامبەر هەندێك ناوی هوریانی٩٩ هەیە، بەرای ئێمە ناتوانین‌زوربەی ئەو نامانەبە نوسراوی هوریانی دابنێین •

ئاکادمیسین « و•و• ئاستروو » وتویە لەوە ئەچی زوربەی ئەو دیلانە لە کاتی لەشکر کەشیدا بۆ سەر (ئوربیلوم) (ئاربل)١٠٠گیراوون• ئەم ناوچەی ناو پارەی ناوچەکان‌و شوێنی بە یەك گەیشتنی ناوچەکانی نژادی ئاکادی (ئاشوری) و هوریانی‌و گوتی بووە • وە لەوە ئەچێ گەلیك لە نوسراوەی ژنان کە لەو نووسراوانەدایە گوتی بو بێت ١٠١ • ئەم سەنەدانە شێوەیەکی روناکی تایبەتی پەیوەندی بەرامبەر دەوڵەتی بردەداری دوو روبارو هۆزە کوێستانیەکانی زاگروس ئەدات بە دەستەوە • پلەی بەرزی فەرهەنگ‌و شارستانێتی دوروبار لەو رۆژەدا لە میژووی جیهانا هەرچی بووبێت ، ئەمە راستە کە لە بارەی هوزەکانی گوتی‌و لولوئی‌و سومەری‌و ئاکادیەوە زوزدارو ستەمگەر بون وە ئەم هۆزانەیان بە گەنجینەیەك دائەنا کە تالانیان تیا ئەکرد •

٥ - دانیشتوانی مادی رۆژ ئاوا لە هەزارەی دووەمی پیش زایینی دا - کاسیتەکان ١٠٢

لە سەرەتای هەزارەی دووەمی پیش زایینیدا چونیەتی نەختیك گۆڕا • لە هەزارەی دووەمی پیش زایینیدا گەلێك گوڕانی کۆمەڵایەتی‌و هاتنە پێشەوەی باری ژیانێکی نوێ لەو سەرزەمینەی کە لە دواییدا پێیان ئەوت ماد (وە ناوچەکانی دەورو بەری وەکو قەفقازو ئیران) دەستی پێ کرد ، لەو سەردەمەدا سەرەتای چەرخی گۆزەگەری لە هەمو شوێنێکدا دەستی پێ کردو پەیدا بوو ، هەمو جۆرە شتێك گۆڕاو جۆری رازاندنەوەی بەرهەمە دەستیەکان گوڕا • بە کورتی بەگشتی شارستانیەتێکی نوێ‌و فەرهەنگێکی روناك کەوتە ناو مادەوە ، بەم هۆیەوە دانشمەندانی رۆژئاوا لەو کاتەدا دیسان لە بارەی رووداتی یەکێك لەو کۆچکردنانەوە کە بە شێوەیەکی کەمو زۆر ریکخراو روی ئەدا قائل‌بون١٠٣

لە سەردەمی کوچەریەکانا هیشتا سودیان لە تالانی‌و دیل کردنی خەلك وەرئەگرت‌و ئەم کارە چەند جار دوپات ئەبوەوە ، لە سەردەمی سەرکەوتنی گوتیەکانا دیل گرتنی بێگانەکان بوو بوو بە شتێکی ئاسایی • لە هەڵکەندراوەکەی (گوی‌تپە) لەناو ١٢ گۆڕدا کە هەڵدراوەتەوە (چوار سنوقی بەردین‌و هەشت سنوقی گڵین) دوزراوەتەوە لە چوار سنوقە بەردینەکەدا و بەلای کەمەوە لە سێ سنوقی گڵین‌دا - لە هەریەکێکیانا دوو لەشی ئیسقانی ئادەمیزاد وەیان زۆرتر لە دوان دۆزراوەتەوە • لەوە ئەچی یەك بنەماڵە گۆڕستانێکی

بڕوانە ل -٧-

ئەو چیرۆکەی ئێستا بۆ تان ئەگێڕمەوە، لە ١٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤دا رووی داوە • لەو رۆژەدا بۆلگراد کەوتبوە ژێر دەستی ئەڵمان ، جگە لەو پردە نەبێ کە روباری سافای نە بڕی ، لەگەڵ ئەو پارچە زەوی‌یەی کە لە بەردەم روبارەکەدا بوو ، لە بەرە بەیانی ئەو رۆژەدا ، پێنج کەس لە سەربازەکانی سوپای سور بڕیاریاندا کە بەنهێنی لە پردەکە بپەڕنەوە • ریگاکەیان بە ناو ئەو باخچەبچکۆلەیەدا تێ ئەپەڕی کە پڕ بوو لە دەبابە و زرێ ڕۆش و قازیفەی گڕاوی کە لە شێوەی نیوە بازنەیەکدا وەستابوون • چ ئێمە و چ ئەڵمان ، بڕێ دارمان بەپێوە نەهێشتبوو ، وەك دەستێکی بێ بەزەیی بکەوێتە قەلاچوو لە چەند بنچکێکی دامالراو نەبێ کە لە باڵای مرۆڤ تێپەر نە ئەبوون هیچی تر نەئەبینرا •••

لەم باخچەیەدا پیاوەکانی سوپای سور پێنج جار بە تۆپی هاوەن هێرشیان برد ، کە پتر لە کات ژمێرێکی خایاند ، بۆ هاوەی نیو سەعاتێکیش لە ژێر ئاگر بارانی دوژمندا مانەوە •• سەرکەوتن ئەهوەن بوەوە، دوو سەرباز بریندار کرابون بەڵام بریندارەکانیان سوك بوو ، بەرەو دواوە کشانەوە •

لە کاتی کەرانەوەشیاندا دوانی تریشیان بریندار کران ، بەڵام ئەمان بریندارەکانیان کران بوو ، سەربازی پێنجەهم کوژراو لە ناو باخچەکەدا بەجێیان هێشت •

دەربارەی ئەم کوژراوە هیچ نازانم جگە لەو نوسراوە نەبێ کە **لە تۆمار گری نهێنیدا دەربارەی** نوسرابوو ، ناز ناوی « تیشیکولیین » لە بەیانی ١٩ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٤٤دا لە شاری بەلگراد لە سەر لێواری روباری سافا شەهید کراوە • بەرامبەر ئەو هەوڵدانە کە لەلایەن پێنج سەربازەکەی سوپای سورەوە بۆ بڕینی پردەکە کرا ، پێویست بوو ئەڵمان پەستی خۆیان دەرخەن ، بۆیە بە درێژایی ئەو رۆژە تۆپ بارانی باخچەکەیان ئەکرد • بەتایبەتی سەر رێگاکە •

سەرلقەکەمان بڕیاری دا کە چەند جارێکی تر ، بۆ بڕینی پردەکە پێش ئەوەی رۆژبێتەوە هەوڵبدەین ، ووتی هەر بەگەیشتنمان پێویستە لاشەی تیشیککولیین بنێژین ، هەروەها نەرکی سەرشانمانە کە پردەکە بگرین ، ئەڵمان بە درێژایی رۆژ لە تۆپ بارانی خۆیان نەگەوتن کاتێ رۆژ ئاوابوو ، تاریکی داهات وادیار بوو کە لە دووری باخچەکەوەچەند ماڵێك مابێتەوە لەوە ئەچوو کە زۆر دوربن ، وەکو کەلاوەی کۆنی بەردین ئەهاتنە بەر چاو ، لەوە نەئەچو کە کەسی تیادا ژیابێت •• خانوەکان لەگەڵ زەویەکەدا جیا نەکرانەوە ، وەکو کەسی تیادا نەمابێ ، لە ناو ئەم کۆمەڵە بەردانەدا خانوچکەیەکی بچکۆلە ئەبینرا ، کە لە رێگاکەیانەوە بۆی ئەچوی ، خانویەکی‌لابراوی تەختە شکاو رەنگ خۆڵەمێشی ، نیوە سوتاو ، لەم خانوچکەیەدا پیرێژن ماریا جوکێش ئەژیا ، کە لە کژنەوە مێردەکەی ژورێکی بۆ بەجێ هێشتبوو ، پاش‌ئەوەی کە ژووری خۆی ومێردەکەی بەپێوە نەما ، ناچار بوو کە بچێتە ئەم خانوچکەیەوە •

هەر لەوێدا ئەژیا ، رۆژی ١٩ی مانگ چوارهەم رۆژ بوو کە پیرێژنەکە لەناوخانوچکەکەدا مابووەوە لە بەیانی ئەم رۆژەدا ، بە ئاشکرا سەرۆکی تیپەکەیانم بینی ، کە بەتەنها لە ناو باخچەکەدا ، بەدوای پارچە ئاسنە سووتاوە کانا ئەگەڕا ، هەروەها پێنج سەربازیشم بینی لە دوایەوە ئەرۆیشتن تەقەیان لە ئەڵمان ئەکرد ••• تۆپە هاونەکانی ئەڵمانیش بەچڕی لە دەورو بەریاندا ئەیاندا بەزەویدا •• پیرێژنەکە نیوەی لەشی هێنایە دەرەوە ویستی بەزمانی روسی بانگیان کا ، بۆ ئەوەی لە خانوچکەکە نزیك بنەوە ••• چونکە لەو پەڕی بڕوادا بوو کە شوێنەکەی ئەوی تیایە زۆر پەنایە بۆ خۆشاردنەوە باشە ،

کونستانتین سیمونوف
فوزیە کردویە بە کوردی

لەو کاتەدا قومبلەیەکی هاوەن لە نزیکی خانوچکەکەوە تەقیەوە پیرێژنەکەی دا بە زەویداو سەری وا دا بە دیوارەکەدا بێهۆش بوو ، زمانی لە گۆ کەوت •• کاتێ چاوی هەڵهێناو هۆشی هاتەوە بە خۆیا چاوێکی بە ناو باخچەکەدا گێڕا ، بەڵام هیچ کەسی نەدی ، جگە لە سەربازێك نەبێ کە لەتەنیشتیۆە کەوتبوو ، دەستێکی لە ژێر سەریدا ، بەدەما راکشابوو ، هەروەکو لە خەوێکی قوڵی شیریندا بێت • جارێ دوو جار بانگی کرد بەڵام وەڵامی نەدایەوە ئیتر زانی کەوا شەهیدبوە • هەر جار ناجارێکیش ئەڵمان ئاگر بارانی ناو باخچەکەیان ئەکرد ، دوکەڵ لە زەوی هەڵسا پارچەئاگر ئەپڕژایەناو باخچەکە لە سەر ئەو لقانە ئەنیشتەوە کە بە هەندێ دارەوە مابونەوە • شەهیدەکەش لە ناوەڕاستی باخچەکەدا راکشابوو•• دەستە مردۆکەی خستبوە ژێر سەری روسی لێ بەجێ مابوو •

زۆر بەناڕەحەتی **توانی**سەری بەرزکاتەوەو ، روی وەرگێڕی بەرەو ئاسمان سەرنجی‌دا کوڕێکی گەنجی رێك‌وپێکی قژ زەرد چاوی بڕیە تالە ئاڵتونیەکانی قژی کە ئەبریسکانەوە توانی دەستەکانی لە سەر سنگی چێگیر بکا •• پاشان لە سەر زەویەکە لە تەنیشتیەوە دانیشت، ئەڵمانیش لە بوردمان کردنی خۆی نە ئەکەوت، بەڵام هەروەکو جاران تۆپەکان لە دوری پیرێژنەکە ئەکەوتنە سەر زەوی •

پیرێژنەکە ماوەیەکی زۆر پتر لە سەعاتی دوان بەبێ دەنگی دیاریەوە دانیشت رۆژێکی زۆر ساردبوو ، هەموو شتێ لە بێدەنگی و خامۆشیدا بوو ، بێجگە لەو چەند چرکانەی کە قومبلەکانی تیا ئەتەقینەوە ، پیرێژنەکە چەند هەنگاوێکی ناو لەلاشەی‌شەهیدەکە دورکەوتەوە هەروەکو لە شتێ بگەڕی ، لە دوری چەند هەنگاوێ چاڵێکی گەوری بینیی ، کە قومبلە قورسەکان دروستیان کردبوو ، هەر لەو کاتەی قومبلەکە چاڵی کردبوو ، بوو بوو بە زەنگاو ، پڕ بو لە ئاو ، پیرێژن چوە ناو چاڵەکەوە ، هەتا ئەژنۆکانی تیا وون‌بوو • دانەویەوە بۆ ناو چاڵەکە ، بە هەر دوو چنگە کزۆڵەکانی ئاوی لە چاڵەکە دەر ئەدا ، لە شیشی تەڕبوو ، لە بەر ئەوەی نەی ئەتوانی هەر جار ناجارێك ئەوەستا تا ماندوی ئەحەسایەوە ، پاشان سەر لە نوێ دەستی ئەکردەوە بە ئاو دەردان تاکو ئاوی تیانەما • پاشان گەڕایەوە سەر سەربازە روسیەکە لە دەستە-

لاپەڕە : - ٧ -

بچکۆلەکەی کە بە درێژایی ئەوچوار رۆژە لە خانوچکەکەدا لە گەلیابوو ، لەم بوردمانەی ئەمدواییە بو بەقوربانی پڕیشکی بەردێك ••؟!

لە بیرێکی زۆر قوڵدا گێژی‌ئەخوارد ، تا بیرێکی کردەوە بۆ ئەوەی لەو شاڵە رەشەی شانی‌کەلك وەرگرێ ، پاشان لەسەر سك کشا لە خانوچکەکەچوەدەرەوە •

لەبەر ئەوەی نەی ئەتوانی بەئاسانی لە سەر سك بخشێ ، ئینجا چۆن ئەتوانی رابکا !؟ بەچەند هانگاوێکی لەسەر خۆی پیرانە بەرەو باخچە کە رۆیشت•• هەتا گەیشتە ئەو پارچە ئاسنە کە وەك لێوارێك لە سەرپردەکە بە ساغی مابوو ، بە تنیشتیەوە رێگای گرتە بەر ،هەر چەندە نەی ئەتوانی پیا هەڵگەڕێ ، یان بەناو یا تێپەڕێ‌لە بەر ئەوەی پیرێژنەکە زۆر بە سالاچوو بوو ، زۆر لە سەر خۆ بەدرێژایی لێوارەکەدا ئەرۆیشت هەتاوەکو گەیشتە ئەو پەڕو ،لەوێ وە پێچی کردەوەو چوەناو باخچەکەوە •• هەتاوەکو ئێستائەڵمان بەردەوامە لە سەر تۆپ بارانی خۆی بۆ ناو باخچەکە ،لەگەڵ ئەوەشدا هیچ قومبلەلە-یەك لە نزیك پیرێژنەوەنەئەکەوتەوە •• رۆیشت تا گەیشتە ئەو شوێنەی لاشەی‌سەربازە کەی سوپای سوری روسی لێ بەجێ مابوو •

چاوپاخشاندنێکی خێرا

ڕەفیق سابیر

ئەو هەشت پارچە هۆنراوانەی کاك « عباس عبدالله یوسف » لە بەرگێکدا بەناوی « ئاو »ەوە خستووتیەڕوو ، هەوڵو تەقەلای لاوێك دەردەخات کە بیەوێت شوێن-پێی‌خۆی قایم‌کات‌و دەنگێکی تایبەتی بۆ خۆی پێکەوەبنێت • هەربۆیە نەیویستووە ئەو شتانە بڵێتەوە کە سواون‌و پەکیان کەوتوون‌و هەرلەیەکەم هەنگاوەوە بیری لە هەندێ « موغامەرە »ی شیعری کردۆتەوە کە شایەنی ئەوەن سەرنج بدرێن •

لەو هۆنراونەدا رەنگە تەنیا لە هۆنراوەی «سوتان» دا هەندێ لەو شتانە گەڵاڵەبوبێت کە شاعیر مەبەستیەتی‌و پەلی بۆ دەهاوێت • ئەو هۆنراوەیە هەستیکی یاخی‌بووانەو خۆشەویستی‌یەکی سۆفی‌یانەی تێدا بەدی دەکرێت •• لە کاتیکدا دەبینێ سپارتاکۆس - کە رەمزی یاخی‌بوون‌و شۆرشە دژی کوێلایەتی‌و زۆرداری - لەناو « ئەلفو بێی دا خۆی حەشارداوە » کەچی بەو پەری تاسەوە داوا لە خۆشەویستە « خاوەن روخسارە دراماتیکەکە »ی دەکات نەك هەر ئەلفو بێی بەلکو جەستەشی بسوتێنێ :

خۆشم‌دەوێی ئەی خاوەن روخسارە دراماتیکەکە
دەتۆش وەرە
خۆمو سپارناکۆش ئەلفو بێو جەستەم
بسووتێنە •• بسوتێنە

بەڵام هۆنراوەکانی تر ، دوای خوێندنەوەیان هەست بەدەنگدانەوەیان ناکەی لەناو مێشکتداو شتێکی روون‌و ئاشکرات بەجێ ناهێڵن ئەمەش - کە خاسیەتێکی سەرەکی هۆنراوەکانن - وە نەبێت لە ئەنجامی قوڵی‌یەکەوە بێت کە لە رادەی تێگەیشتنی خۆینەر بەرزتر بن ، بەلکو وادەزانم دەگەڕێتەوە بۆ ئەم هۆیانە :

١ - مەسەلەی زمان

دیارە هەموو گۆرانێك بەسەر شیعردا بێت زمانی شیعریش دەگرێتەوە • شاعیری نوێ لە کاتێکدا دەیەوێت بەرهەمی نوێ بەدەستەوە بدات‌و هەموو کۆت‌و سنوزو پێوانەیەکی کۆنی ئەدەبی بشکێنێ هەوڵیش دەدات بەجۆرێکی نوێ رەفتار لەگەڵ زماندا بکات‌و لەو شێوە ئاسایی‌و سواوو بیرۆکراتی‌یەی جاران دوری بخاتەوەو لە رێگای وێنەی تازەی شیعری‌یەوە وشە مانا تەسکە قاموسی‌یەکەی خۆی دەربازبکات‌و مەوداوگیانیکی نوێ‌و فراوانتری پێ‌بدات ، بە شێوەیەك کە ئەو زمانە سەرەرای ئەوەی هۆیەك بێت بۆ لەیەکتری گەیشتن ، وەسیلەیەکیش بێت بۆ کەشف‌کردنی دیوی ناوەوەی مرۆڤ‌و حەقیقەت‌و پەیوەندی‌یە شاردراوەکانی نێوان شتەکان‌و ، بۆ رزگار کردنی شیعر لەو خوێندەوارە تەوەزەلانەی لە کاتێکدا گوێیان بۆ رادیۆ شل‌کردووە شیعریش دەخوێننەوەو ، دەشیانەوێت وەك چۆن لە هەوالێکی ئاژانسەکان دەگەن ئاوا بەئاسانیش بچنە ناو جیهانی شاعیرەوە •

رەنگە کاك عباس هەوڵی دابێت بەم شێوە نوێ‌یە مامەڵە لەگەل وشەو زماندا بکات - کە دیارە هەوڵدانیکی رەواو پیرۆزە - بەڵام دەبوایە ئەوە فەرامۆش نەکات کە ئەم کارە بەقەدەر ئەوەی کارێکی پیرۆزو ئازایانەیە - ئەوەندەش مەترسی لە دواوەیە ، مەترسی ئەوەی لە کاتێکدا ئەم وشانە لە ماناقا موسی‌یەکەی خۆیان رووت دەکرێنەوە نەتوانرێت مانایەکی فراوانتریان بە بەردابکرێت ، وشەکان « لە هەردوو دین ببن » وە لە ناو هۆنراوەدا وەك لاشەیەکی بێ‌گیانیان لێ‌بێت • چونکە ئەو کاتە هەوڵدانەکە دەبێتە هەوڵدانێکی تێکدەرانەی رووت بەبێ ئەوەی لە جێگای ئەو تێکدان‌و روخاندنە شتێکی باشترو پێشکەوتوتر بنیات بنرێت • ئەوە تا لە ئەنجامی ئەو روخاندنەبێ بنیات نانەوە ، یان لە ئەنجامی دەست - نەرۆیشتنی کاك عباس بە سەرزماندا ، هەست ناکەی وشەکان - لەناو شیعرەکاندا - مانایەك‌و مەبەستێك دەدەن بەدەستەوە :

هیچت زانیوە دەربارەی :
هێڵی شکاوی ، ووتن‌و گوتن‌و تووتن
دەربارەی :
دەنگوباسی کۆمەڵ لە ژێر ئاڵای منالان
پێویستە •
ماجرونەجات
جەستەی مەسەلەکە بدرن
باگەشتێ بکەم بۆ
کیشوەری مێرو
توانیم - توانی ببێ بەبرادەری ئەو
پیرۆزە
بروسکەو گەواڵە
کۆڵان
مامز (پلکە مامز خوشکی بەجیسی‌یە)
مۆرکی گشتی ••• ل١٢

ع عبد الله یوسف

لێرەدا ئەگەر وشەکان تاکە تاکە مانا قاموسی‌یەکەی خۆیان بدەن بەدەستەوە « هێڵ ، توتن ، چاو ، وتن ، کۆمەڵ ، مامز ••• هتد » ئەوا لە دێری شیعرەکاندا ماناکەی خۆیان بەتەواوی بزرکردووەو بێ ئەوەی‌مانایەکی تر بدەن •

مامەڵەکردن بەو شێوە میکانیکی‌و کاڵو کرچ‌و سادەی‌یە لەگەل زمان‌و تەوتێ‌گەیشتنە سەرپێی‌یە لە شیعرو نوێ‌بوونەوە نەك هەر خزمەتێك بە شیعری نوێ ناکات‌و تەکانی‌پێ‌نادات بەلکو زیانێکی گەورەشی لێ‌دەدا وە دەبێتە چەکێك بەدەست دوژمنانی شیعری نوێ‌وەو بەربەرەکانی هەموو تاقی‌کردنەوەیەکی پێ‌دەکەن کە بە مەبەستی پێشخستنی شیعری کوردی بێت •

چونکە هۆنراوەکان لە هەموو حالێکدا بیرێك یان هەڵویستێك‌و بەشێك لە تاقی‌کردنەوەی شاعیریان تێدا بەدی ناکریت‌و خوێنە رشتێکیان لێ هەڵناکرێنێت ، بۆیە

بڕوانە ل ٧

پۆستەی خوێنەران

× بۆ خاوەنی پەنجەرەی :
کاکی برا ئەگەر ناوی شیعرەکەت بە بیرو شۆرشگیرانەی هاوچەرخ وا موتوربە بکرابایە لەگەڵ رۆژنامەگەری ئەمرۆدا بایەن ئەگونجا •• ئینجا لەبەر چەند ورده هۆیەکی تر پەیوەندی بە شێوەی تەکنیکی شیعرەکەوە هەیە بڵاونەکرایەوە ببورە •

× کاك دلیر عەونی :
ئەو پارچە فۆلکلۆرەی ناردوین ئەگەر لە دەرەوەی رۆژنامەگەری سەرنجی‌دا بابەتێکی زیندوو بەتامە داخمان ناچێ هەندێك شت بۆ بڵاو کردنەوە ناشێ •

× کاك مەهداوی ئەحمەد :
وتەکان بەراستی بەجێ بەڵام بەداخەوە زۆر جار بیستراوون ••

× کاك تارق منتك :
ئەمە بەشێکە لەو پەنجەرەی بۆت ناردوین
- ئەوەی لە ئاشەوانی مەزانە
- چی‌بچێنی‌ئەوە ئەدرو
- ئەگەرنە خۆشی دەرمانی ئاسانە
.....

× کاك ماتەم ئەڵێ :
نازانم چۆن باست بکەم بەهۆنراوە
بەجوانترین وشەی رازاوە
بەسورترین مەرەکەبی لەشم
لەناو دڵما ناوێ تۆ نوسراوە

× کاك عەباس صالح :
شیعرەکەتان وەکو کەلەکە خوشەویستەکەت بکەی وا ئینجا بەلکو وانەبێ ••!

× کاك فەیسەل عوسمان :
ئەو پەندەی جەنابت ناردوین ئێمە تا ئیستە بەجێ بیستومانە ••

× کاك ئیسماعیل ئەنور :
ئێستا ئەو جۆرە بابەتە بڵاونا‌کرێنەوە ، بابمێنی بۆ خۆی •

× کاك خالد شیخانی :
لەم‌بەینەدا چەند بابەتیکمان لەسەر جگەرە کردەوە نووسینەکەی ئێ دوپات کردنەوەی هەمان بابەتن •

× کاك پەنگر :
ئەبوا ناوونیشانی بنوسیبایە چونکە هیچ شتی بەبێ ناوونیشانی تەواو ناکرێتەوە •• ئینجا لەبەر داوای لێبوردن ئەکەین •

× کاك خالید شیخانی :
ئەو پارچە شیعرەی کە ناونیشانی (ئەستیرەکان) ئەیانەوێ بەرەو روناکی بڕۆن ناردوتە وابزانم لە بۆتە شیعردا بەقەدەر پیویست نەبووە ، هەرچەند وردتر لە شیعر دانان بکەیتەوە باشە سەر ئەکەوی تیایا •

× کاك دلگیر محەمەد ئەمین :
ئەمە پوختەی شیعرەکانی هەڵمان بژاردوە :
ئەستیرەکان پێ ئەکەنن
خەمی دەرون ئەشۆنەوە
نازدارەکان
لەسەر روخی روبارەکان
ئاوێنەی دڵداری ژیان
وەك ملۆینك
ئەگرنەوە •••

institut kurde de paris

با ڕەوشتی پاڵەوانە بەرزەکانی جیهان ئیلهام بێ
ۆ وەرزشیانی کورد با نەخشەو ڕێبازی ڕاستەقینە بکەین
ەیاسا لە مەیانی وەرزشدا بەم جورە ئەتوانین کۆمەڵێکی
ەرزشی سەرکەوتوبەدی بهێنین ٠

● ئایە کێ بو ؟٠٠ لە منالیەوە بلدی ٠٠ لە تەمەنی
ووانزە سالیەوە یاری ئەکرد ؟٠٠ تۆپەکەی لەچنگێ
ەڕوی چلکن دروست کردبو ٠٠ پانتولێکی دریژی کۆنی
ەبەر بو ٠٠ ئایە کێ بۆ بەپێی پەتیو یاری ئەکرد ٠٠
ێ پەروەردە ٠٠ تاکو توانی خوی ڕابهینیو لەئەنجاما
بالاکی پیشاندا تاکو دەستی پشتگیریو پەروەردەی
ێ گەیشتو پلە بەپلە بو بە ئەستێرەی تۆپێنی جیهانو
وشەویستی هەمو دانیشتوانی جیهان ٠٠ ئایە زانیت
ێ بو ؟ ٠٠ بیلێ ٠بیلێ قارەمان پاشای تۆپێنی جیهان٠
با ڕەوشتو ڕێ ڕەوی ئەم پاڵەوانە ببێ بە ڕێبازی
وانی کورد ٠٠ با ئەستێرەی پرشنگداری گەلی کوردیش
گەشێتەوە لە ئاسمانی روناکی وەرزشی جیهاندا ٠ با
بەن تیپێك هەلکەوی و ببێ بەمەشخەڵی ڕێگای لاوانی
اماتومان لە پێناوی کۆمەڵێکی چالاك وپڕ تەندروستی ٠
دهۆك : بەڕیوەبەرایەتی لاوانی پارێزگای دهۆك
ئەنجاوپێکەوتنو چەن یاریەکی کۆتایی پێهێنا لەگەل لاوانی
پارێزگای کربلاء وئەو یاریانەش ئەنجامی بەم شێوە
ە : لە یاری (طائرە) تیپی لاوانی کربلاء ب ٢-١ مات
ەسەر دهۆکا سەرکەوتن ٠ بەڵام لە (سلە) دهۆك
ەسەر کربلادا ب ٥٠-٤٠ خال سەرکەوت ٠
یاریەکان لە ئەنجامی سەرلێدانی لاوانی دهۆك بۆ
ربلاء گران ٠

سلیمانی : بەبۆنەی سەرلێدانی یانەی سیروان بۆ
ربلاء لە ڕۆژی ٤-٢-١٩٧٥ یاریەکی دوستانەی گێڕا
ەگەل یانەی (الطف) لە یاری (طائرە) لە ئەنجاما
وڕاندی ٠ بەڵام لە یاری (سلە) بەسەر یانەی
الطف)دا بە ٨٤-٦٠ خال سەرکەوت ٠
کرکوك : ئاهەنگێکی وەرزشی فراوان لەم شارەدا
گێڕاو چەن تیپێکی وەرزشی لە پارێزگاکانی بابل وبغداد

وەرزش لە هەفتەیەکدا

محمد علی کلای
لەوئەکانی ئەم دوایەدا

تەمەنیان لە بیست ساڵ کەمترە لە بارەگای لاوانی ئەم شارەو لە ئەنجاما لە بەژن کورتیدا ترکی عبدالله صالح لەلایەن یانەی لاوانی کرکوك بە یەکەم سەرکەوت ٠ یاسین عارف لە لایەن یانەی سۆلاف بەدوەم سەرکەوت ٠ لە بەژنی ناوەنجی فوزی ابراهیم لە لاوانی کرکوك بە یەکەم سەرکەوت عبدالله محمد نامق لە یانەی (الثورە) بە دوەم دەرچو ٠ لە بەژن درێژی زکی عبدالله محمد - یانەی لاوان - بە یەکەم دەرچو وسلام داود سلیم لە هەمان یانە بە دوەم دەرچو بەلام ئەنجامی پاڵەوانیەتی هەمو تیپەکان لەم یاریەدا ٠ یانەی لاوانی کرکوك بە کۆکردنەوەی ٢٩ خاڵ بە پلەی یەکەم سەرکەوت ویانەی (الثورە) بە پلەی دوەم بە کۆکردنەوەی ١٢ خال سەرکەوت ٠

وسلێمانی وهەولێر وموصل لەگەل یانەکانی کرکوك

● یانەی هندیە - پارێزگای بابل- لە پاڵەوانیەتی تیادا بەشدار بون وئەنجامی یاریەکان بەم شێوە بون ٠ (طائرە) دەورەی (صاعقە) یەکەم دەرچو بەسەرکەوتنی بەسەر یانەی (الثورە)ی کرکوك ب ٣-١ مات ٠

● لە فوت بۆڵێن تیپی کۆمپانیای نەوتو هێزی (قعقاع) ب ١-١ گۆل بەرامبەر بون ٠ یاریەکە لەسەر یاریگای کۆمپانیای نەوتی عیراق کرا ٠

● کۆمبانیای نەوت پاڵەوانیەتی (پایسکل)ی گێڕا بۆ ئیشکەرانی کۆمپانیاکە بۆ برینی ٢١ کیلومتر لە ناحیەی یایچی بۆ ناو شاری کرکوك ٠ لە ئەنجاما (کشافە)ی کۆمپانیا بەیەکەمو (حقول) بە دوەم دەرچو ٠

● یەکیەتی عیراق لە لەش جوانی لقی کرکوك ئاهەنگێکی پاڵەوانیەتی لەم یاریەدا گێڕا بۆ ئەوانەی کە

- میدیا -

(ئاو) وچاو - پاشماوە

ناچارە بێتە سەر ئەو ڕایەی کە شاعیر تەنیا مەبەستی و شەریزکردنەو بەس :

ئافرەتێکی جل شۆڕ لە ماڵی مامما لەبەر تیشکی
یەیشتی ستراتیجیەتدا
شەقامەکانی پەرەسەندنی لە ژێر دارسنەو بەریکا لە
سێدارەدا
ئێوە ئەلێن چی ؟٠٠٠ ل١١

یان دەڵێت :

قەرەجی گەراجی ئوتۆمبیلان
دەرۆزەکەرانی چاخانان
یا من دەمرم یا ئەو
لە دواییدا
درەخت گەلارێژیەتی
هیچ نامینێ لە پاش مەرگم ٠٠٠ ل١٠

٢ - مەسەلەی کێش و قافیە :

ئەو کاتەی شیعر بەوە دەناسیندرا کە « چەند وشەیەکی بەکێش و قافیەیە» دیارەکێش و قافیە هەموو شتێك بوو ، سەرکەوتنی شاعیریش بەوە دەپێورا تا چەند توانیویەتی کێش و قافیەیەکی پتەو بەکاربێنێ ٠ بەڵام ئەمڕۆ لەپاڵ ئەو هەموو گۆرانە شۆڕشگێریانەی بەسەر جیهاندا هاتوون ، شیعریش پێشکەوتنیکی گەورەی بەخۆیەوەدیوەو ، ئەو پێوانە ئەدەبیانەی دوێنی هەموو شتێك بوون ڕەنگە ئەمڕۆ نرخیان نەمابێت لە جیگای ئەوان پێوانەی نوێ پەیدابێت کە لەگەڵ گیانی ئەم سەردەمەو ئەرکی شیعردا بگونجێن ٠ کێش و قافیە یەکێکە لەو پێوانانەی کە - ئەمڕۆ - تەنیا تا ئەو ڕادەیە نرخی هەیە کە نابێتە کۆسپێك لە بەردەمی شاعیرداو ڕێگەی داهێنانی لێ ناگرێت ٠ بۆیە شاعیری نوێ لە هەموو هۆنراوەیەکدا ئامادەیە -کە بە پێویستی بزانێت- دەستبەرداری ببێت ٠

بەڵام کێش و قافیە کە بە سەدان ساڵە لە شیعری کوردی داچەسپاوە جێگایەکی گەورەی لای خوێنەر گرتووە ، تەنانەت تا ئیستاش زوربەی خوێنەری کورد شیعر بەگوێچکە دەخوێنێتەوە ، یان بەواتایەکی تر بە گوێچکە تام لە شیعر وەردەگرێ بۆیە پشت گوێخستنی کاریکی ئاسان نییەو دەبی شاعیر لەجیاتیان « بەدیل » بدات تاجێگەی ئەوانی پێبگرێتەوە ٠ جا ئەوە لە ڕێگای موسیقای ناوەوەی شیعرەکەوەیان لە ڕیگای ریکخستنی ئیقاعەکەیەوە بێت٠٠هتد ، تا ئەو مۆسیقایەی کێش و قافیە لە دەرەوەی هۆنراوەکەدا دروستی دەکات لەبیر خوێنەرببات‌ەوە ٠

شاعیر لە هەموو ئەو هۆنراوانەی لە « ئاو »دا خستونیەروو گوێی نەداوەتە کێش و قافیەو وەلای ناون ، بۆیە شتێکی ئاسایە کە بەلای خوێنەرەوە ئاشنا نەبن ، بەتایبەتی ، هۆنراوەی « سەر = جیهان » و « سوتان »ی لێدەرچێت لەوانی تردا نەیتوانیوە شتێك لە جیگەی کێش و قافیەکە بکات بە « بەدیل »و ئەو چالانەی پێپرکاتەوە کە لە هۆنراوەکاندا دروستیکردون ، وە نەبوونی کێش و قافیەیان بەرادەیەك پێوە دیارە کە لە زۆر شوێندا ئەوەندە شێوەی پەخشانیان وەرگرتووە کە لە شیعر دوورکەوتوونەتەوە ٠٠ بۆ نمونە :

ئەوە تا ئێوە دەبنە مێوانی
ئاینەو دەرۆن دەرۆن
دڵم بکەن بە دوو شەق
شەقێ ڕەشە نەخۆشە
درۆزنە بۆشە
ئەوی تری
گریانە ٠٠ بۆ ئەو چاوە جوانە ٠٠٠ ل٦

یان دەڵێت :

وایان بلاوکردەوە
وایان وت
کەوا لە هەرێمی ئێمەدا
شاعیرێك ٠٠ تەمبەڵێك
لە هەمو قۆناخەکانی خەمو ستەم
یاخی بوون ٠٠٠ ل١١

پاشماوەی ئازارە کانی ژیان

حەماڵەکە لە کۆشکەکە نزیك بووەوە تەماشایەکی دەرگاکەی کرد ، خۆی کرد بە باخچەکەدا ، گوڵەکان هەمو سیس بون ، پێویستیان بە دڵ دانەوەو خەندەی سەر لێوی خانمە (بەڵام لەکوێ دەست کەوێ ، لە کوێ هەڵ قولێ ؟)

سەرچاوە تاریکە شەوە زەنگە ، هەڵ دێرە ، تونی بابایە ئەشکەوتی تاریکو پر مارو میروو ، زەهری مارە ، درکو دالە ، بیابانە ، جنو چنوکەو خێوی چیرۆکی داپیرە یە ، مێردزمەی خەوی پر ئێشو ئازارە ، قەبرە ، گۆڕەو شارە ئازارو تلانەوەو شەو نوخنی نەخۆشە ، جلی ڕەشی ڕەش پۆشانە ، قوڕو چلپاوی کۆلانەکانە ٠

قوڕو جلپاو هینامییەوە بەخۆما ٠

هاوار هاواری مەزادخانەکە ، منال ، پیر ، گەنج ، ئافرەت وەك پورەی هەنگ ئەهاتن و ئەچون ٠

ئەوەڵ مەزاد ، دوو کورسی نایلۆن ، بەسێ پەنجایی ، چوار پەنجایی ، چوارپەنجایی و دەفلس چوارپەنجایی و بیست فلس ، روبعێك ٠

کەس نییە ، کەس نییە ٠
شاف ئەلخێر ٠
- وەرە خوشکم ئەوە چوار پەنجایی و بیست و پێنج فلس ، بیست و پێنج فلسی بۆ منە ٠
- ئەیهاوار بەماڵم ، ئافرەتێکی ڕەش پۆش ، دوو منالی بچوکو دوو کورسی نایلونو چوار پەنجایی و بیست و پێنج فلس ٠
دوایان کەوتم ، خۆم ئۆنەگیرا ، منالەکان تا بینەقاقایان لە قورایە ، پێیان پەتیە ، وەك شۆڕە بی ناو ئاو هەڵ ئەلەرزن ٠
جار جار ئافرەت دەستی ئەبرد بۆ سەریان و بەچمکی عەبا شرەکەی سەری ووشك ئەکردنەوە ٠
خۆیان کرد بە نانەوا خانەکە یەك دا ٠
بایی صەد فلس نان ٠
- دوو کورسی نایلۆن ، [illegible] ئەکو حەماڵو [illegible] ئێش و حواردنو خواردنەوەو [illegible] ئاو کۆشك و ئافرەتی [illegible] پۆش و دوو منا[illegible] بۆ [illegible] بایی صەد فلس [illegible] ٠
هەزا[illegible] ڕوداوی [illegible] ئەم ڕوداوە وەك شریتی سینەما هەمو ڕۆژێك دێتە پێش چ[illegible] ئەبە هەر[illegible] چیرۆکیکی تا[illegible] ٠

مۆم - پاشماوە

[illegible] ڕایکێشا ، هەر چەند ئەژنۆی داناوە کاتێ قومبلە [illegible] وەیە لە دە هەنگاو زیاتر هاوەنەکان لەدورەوە ئەتەقینەوە ، بەڵام پیرێژنەکە هەر گری مۆمەکە ئەجولاینەوەشەبۆلی [illegible] وە کورتەدا سێ جار ئەدا ، بەڵام کاتێ تەقینەوەکە لە [illegible] ت تا ماندوی بحەسێتەوە، نزیکەوە ڕووی ئەدا مۆمەکەیان [illegible] ۆنێك بێت گەیاندیە [illegible] ەو ڕایکێشایە ناو [illegible] وە ٠

[illegible] کاتەدا هەستی بە ماندوو [illegible] ل زۆر کرد، بۆیە پێویستی [illegible] وانەوەیەکی زۆر بوو ٠ [illegible] ێستاش ئەڵمان تۆپەکانیان [illegible] ەدەن بەڵام قومبەلەکان [illegible] کو جاران دوور لە [illegible] ئەکەوتنەوەو ئەتەقینەوە [illegible] ئەوەی هەستی بە [illegible] ەوەی تەواو کرد ، لەسەر [illegible] کانی دانیشتو نیشانەی [illegible] ی لە سەر لاشەی [illegible] ازەکە کێشا ، ناوچەوانو [illegible] ی ماچ کرد و هەستا ٠ [illegible] ۆڵەی کە لە دەورو بەری [illegible] کۆمەڵ بوو بوو ، زۆر بە [illegible] ئەیکردە ناو چاڵەکەوە ، [illegible] کو بە تەواوی لاشەی [illegible] دی داپۆشی تەنانەت هیچ [illegible] یکی بەدیار نەما ، بەڵام [illegible] بەدڵ نەبوو ، بەڵکو [illegible] ست تۆڕێکی ڕاستەقینەی [illegible] وستکا ، دانیشتکەمێکی [illegible] دوی حەسایەوە ، سەر لە [illegible] ەستی کردەوە بە زەوی [illegible] ندن ، پاش چەند کات [illegible] توانی گردێکی بچکۆلە [illegible] ر لاشەیمردوەکە دروست [illegible] ئیواری داهات ئەڵمان [illegible] کو ئیستاش بوردمانی [illegible] شتێ ئەکەن ٠ پیرێژن [illegible] کەی کردەوەو لە پێچ [illegible] کانیدا ، مۆمێکی گەورەی [illegible] دۆزیەوە کە یەکێك بوو [illegible] وو مۆمەی ئیکیلی شەوی [illegible] ی پێ ڕازابوەوە ماوەی [illegible] پێنج ساڵ لە لای خۆی [illegible] گرتوە ، کەلە ڕۆژی [illegible] ییەوە ٠٠٠ دەستی برد بۆ [illegible] نی پاڵتۆکەی شقارتەکەی [illegible] ینا مۆمەکەی لە بەرزی [illegible] کەدا چەقان ٠٠ دای [illegible] ساند مۆمەکە لە سەرەتادا [illegible] ی کەم بوو ، شەوێکی بێ [illegible] ٠٠ گری مۆمەکە وردە [illegible] بەرز ئەبوەوە ٠٠ شەوێکی [illegible] و ئاسمانێکی بێ دەنگ [illegible] پیرێژنەکە هەتاوەکو [illegible] اش لە نزیك گۆڕەکەوە [illegible] ستوە ، شوێنی خۆی [illegible] ڕیوە ٠٠٠ هەر دوو دەستی [illegible] ر شاڵەکەوە لە سەر

قومبلەکان فڕیان دابوە دەرەوە گردێکی بچوك دەرکەوت ، بە پەپۆکەیەوە پارچە تەنەکەیەکی سوتاوی نیمچە چەماوە چەقی بوو مۆمێکی لە ناو خۆیا لە با ئەپاراست ، مۆمەکە بە هێمنی ئەسوتا ، پرسیاری کرد لەگەڵ ئەوەشدا گڕە بچکۆلەکە هەر ئەسوتا هیچ شتێ کاری تێناکا ئەمە بوە هۆی ئەوەی سەربازەکان شەفقەکانیان داکەنن و بەتەنیشتیوە بەبێ دەنگ بوەستن ، خۆیان هەستیان بە سەر سۆڕمانێك ئەکرد کە نەیان ئەتوانی بدوێن هەتا ئەم کاتەش شتێکی تایبەتی سەرنجی ڕانەکێشان - لە باخچەکەدا پیرێژنێکی باڵا بەرز دەرکەوت کە شاڵی ڕەشی پێوەژنی لەسەر شان بوو ، بەبێ دەنگیوەهەنگاوە کورتە کانی لە سەربازەکانی سوپای سور نزیك بووەوە ، بێ چرکە لە بەردەمی گردەکەدا چۆکی دادا ، لە ژێر شاڵەکەیەوە مۆمێکی دەرهێنا کە هەروەکو ئەو مۆمە وابوو لە سەر گۆڕەکە ئەسوتا ٠٠ لە جێگەی ئەو چەقاندی ٠ پاشان لەسەر ئەژنۆ هەستا بەڵام نەیتوانی هەستێتە سەرپێ ، نزیك ترین پیاو لە سوپای سور کە لە نزیکیەوە وەستابوو بە گورجی دەستی گرت تا بۆ درێژ کردو دەستی گرت تا هەستا ، تا ئەوکاتەش یەك ووشە چیە لە سەر لێوی نەبزوا چاوی لەسەرنج دانی سەربازەکانی سوپای سور کەسەر قوتی وەستابوون نەئەتروکاند ، پاشان لە بەر دەمیاندا بەچۆکا هات دەستی بەلێواری شاڵەڕەشەکەیدا هێنا ، بەبێ ئەوەی ئەماشای ئەوانو مۆمەکە بکا ، پشتی تێ کردن و لە سەر خۆ ڕۆیشت ، سەربازەکانی سوپای سور بە چاوی ڕێزو گەورەییەوە بەڕێیان کرد ، وە بە چرپە ئەدوان وەك ئەیانەوێ ڕوونی ئەم بێدەنگیە پیرۆزە لێل بکەن ٠٠٠ بەلایەکی تردا ڕویشتن ، بەرەو ئەو پردەی کە ڕوباری ساڤای ئەبڕی کە لە پشتیوە شەڕ بەردەوام‌بوو ٠٠ تا بگەنەوە بە لقەکەیان لە سەر بەردی گۆڕستانەکە ، لە ناوەڕاستی ئەو زەویەی بە تەواوی بە بارود ڕەش کرابوو ، لە نیوان ئەو ئاسنە سوتاوە سورەوە بوانەدا ، لە ناو ئەو دارە هەڵکەندراوانەدا ، دواین سەرمایەی پیرێژنەکە ئەسوتا ئەویش ئەو مۆمە بوو کە ئیکیلی بوکێنی پێرازا بووە کە لە کەرەسیەکی یوغوسلوفاکی دروست کرابوو لە سەر گۆڕی کوڕی ڕوسیا دانرا ، گڕی ناکوژێتەوە چونکە گڕی زیندوە وەکو زیندوێتی فرمێسکی دایك و ئازایەتیو زیندوێتی ڕۆڵەیەکی بەجەرگ ٠

فوزیە فرج جعفر
لە گوڤاری الثقافە الاسبوعیە
وەری گێڕاوە

وەڵامێکی سەر پێی پاشماوە

بون ئەوانە هەمیشە مردو لاواندنەوەیان بەتاوانو دەستەپاچەیی داناوە(؟)ئەگەر پوستەی خوێنەران بەنوسەریك بڵێی (لەمەبەستەکەت نەگەیشتین! مانای ئەوە نیە ئەیەوێ ئەو نوسەرە بشکێنی ، بەڵکو هۆی بنەڕەتی ئەم وەڵامە ئەوەیە کە ئەدەبی ئەمڕۆمان لە هەندیك کاتو بواردا لایەنە ڕەمزیەکانی زاڵە بەسەر واقیعی ناوەڕۆکەکەیاو کەمتر خوێنەر چێژی لێ وەرئەگرێ ئەمەش بەهەڕەی خودی نوسەرەکەیە ! ئەو پاڵەوانانەی لە مەیدانی جەنگا زوران‌بازی ئەکەن زۆر جار پشتینەکەیان ئەبچڕیو شیرەکەیان لە دەست ئەکەوێتە خوارەوە بەڵام گرنگتر ئەوەیە بکەوێتە خۆو خۆی نەدوڕێنێ ٠ ئێمە بەکانی نوسەر ئەڵیین ئەگەر قوتابیەك لە قوتابخانە لە هەموانەکانیا (لەبەر هەر هۆیەك بێ) چەپڵەی بۆلێ بدرێ باشتر سەرکەوتو ئەبێ یان لەسەر بچوکترین هەڵە ڕابکێشرێتەپێی حەقو حیساب؟ ئەبوا نوسەر زەمینەی لاواندنەوەو ئەدەبی خاوخلیچکی لەگەل زەمینەی پێ گەیاندنی مرۆڤی هاو چەرخی بەبیروباوەری شورشگیرانە موتوربە کراوی لەیەك جیابکردایەتەوە هەر هیچ نەبوایە ئەم پەندەی باب و باپیرانمانی بهاتایەتەوەیاد کە ئەڵی : (دۆست ئەوەیە ئەتگرێنێ دوژمن ئەوەیە پێت ئەکەنێنێ) ٠ ئیتر سلاومان بۆ هەمو دۆستەکانی گوشەی پوستەی خوێنەران ٠

- پوستەی خوینەران -

سیاسەتی میلیتاریستی - پاشماوە

« لوکهید » ٠ دەولەتی ئیران بەرچاوی بگرین شاهەنشا ٤٥٠ ڕایگەیاندوە کە ٦ فروکە بە میلیون دولاری لێداوە ٠ ئەگەر ٣٨٤ میلیون دولار لە شەریکەی نرخی « لوموند » یش ڕاستبی ناوبراو دەکری ٠ بیجگە لەوەش دیسان ٣٠٠ میلیون دولار ١٥٠ میلیون دولاریش وەك دەلالی شابوە ٠

دیارە شای ئیران کەسیك نیە هەربەوەندە وازبینی ٠ لەو بارەی دا دەمی شیرن بوە ٠ پاش بلاوبوونەوەی هەوالی ئەو سەودایە ڕوژنامەی دیلی تیلگراف چاپی لەندەن لە ژمارە ٦ی فوریەدا هەوالی سەودایەکی تری بەم چەشنە بلاوکردەوە : « دەولەتی ئیران ٥٣ فروکەی لە چەشنی ئیف - ١٥ی بە هەزارو شیست میلیون دولارلە شەریکەی « ماکدونالد دوگلاس» کڕیوە ، یانی هەرفروکەیەك بە ٣٠ میلیون دولار ٠

هەوالدەری فەرانس پرس ٢٢ی مانگی ئەوریلی ١٩٧٤ لە شاری (سن لوئی) لە ئەیالەتی مێوری لە ئەمریکا خەبەری‌دا : « لە سەرچاوەی زور ئاگادار زاندراوە کە نرخی فروکەیەکی ئیف ١٥ - ١٢ میلیونو ٥٠٠ هەزار دولارە » لە ئەنجام دا وەك دەبینین لەو سەودایەش ٣٩٧ میلیونو ٥٠٠ هەزار دولار پاش قولدراوە ٠

وەك لەم نووسراوەدا ڕوون دەبیتەوە ، شای ئیران تەنیا بو ئاژاوە چیەتیو مەزنخوازی سیاسەتی میلیتاریستی نەگرتوتەبەر ٠ مەبەست لەو سیاسەتە بیجگە لە هەموو ئامانجیك پاریکی زوریشی بەدواوەیە کە بەبی کیشەو هەلا دەچیتە ئیرفانی شاوە ٠

ئیمپریالیزمی ئەمریکاش بەخورایی داری لە پشتی شای نادا بیجگە لە پاریز کاری‌قازانجی نەوتی مونوپولەکان لە خەلیج ، شەریکە نابووتبوەکاتیش پی زیندوو دەکاتەوەو داهاتی نەوتو بەڕوبووی زەحمەتوکویرەوەری گەلانی ئیران دەگەل شای بەشدەکا ٠

پاشماوەی چەخماخ

عوسمانی وەردەگرن ٠ دوای ئەوە لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەدا تفەنگی ڕەشۆکی ئەماو لە جێگای ئەودا تفەنگی بێ دووکەڵ پەیدا بوو ، چونکە تفەنگی جاران کە تەقەی پێ دەکرا بارووتەکەی دووکەڵی زۆر بوو بە پیچەوانەی تفەنگی ئێستاو چەکی تازەی ئەمڕۆ ٠

institut kurde paris



فەرهەنگی زانیاری

چەخماخە

چەخماخ = ئەستی • بەردو چەخماخ شتێکە هۆی تاگر کردنەوەیە ، پیفر « پوشور » قاوی پێ دادە گیرسێتو ئاگری پێ دەکرێتەوە لە ناو کوردەواریدا ، هەروا چەخماخ بە مانا تفەنگ هاتووە • ئەڵێن فلان ئاغا فیسار بەگ خاوەنی سەد چەخماخە ، واتە سەد تفەنگی هەیە ، پرسیار دەکرێت بۆچی بە تفەنگ دەگوترێت چەخماخ ؟ چونکە تفەنگی جاران رەشۆکی لە لوولەوە بارووتی تێدەکرا ، لە کۆتایی لوولەکەیدا کونێک هەبوو بۆ ڕێکی تێدا بوو پێیان دەگوت (مەمێ) کەمێ بارووت دەکرایە ناو کونی مەمەکەوە کە وەکو کۆی مەمك بوو لە پشت گۆی مەمەکەوە بەردو چەخماخێك هەبوو کە پەنجەت ئەدا لە پەلە پیتکەی بەردو چەخماخە کەدا ئاگری لێ دەبووەوە ، پریشکی ئاگرەکە دەبوە هۆی ئاگرسەندنی بارووتی ناو مەمەکە ، لەویشەوە بارووتی ناو لوولەی تفەنگەکە ئاگری دەسەندو دەتەقی ، وەکو تۆپەکەی وەستارەجەب کە لەبەر قاپی وەزارەتی بەرگری لە (باب المعظم) لە سەر شەقامەکە دانراوە یا وەکو تۆپەکانی نادرشای هەوشاری کە نموونەی لە سلێمانیدا هەبوو ، لەشوێنی قشلە کۆنەکەدا دانرا بوو ، لە مانگی رەمەزاندا بۆ بەر بانگ و ئێواران و پارشێو خەڵکی بۆ ئاگادار دەکرا ، تا دەورو بەری سی یەکان مابوو •

تفەنگی جاران لە زۆر ولاتاندا بەو جۆرە بوو ، تاکۆ تایی ١٨٢٠ وەکو (ریچ) وێنەی هەندێ لەو چەخماخانەی کێشاوە لە گەشت نامەکەیدا لە کوردستانی عیراقدا لە ١٨٢٠دا ، دوای ئەوە شێوەی تفەنگ گۆڕاوە بوو بە فیشەك وگوللە وەکو ئێستا ، بە دەمانچەی ئەو ڕۆژەیان دەگوت « قەرەبینا » کە لە چەشنی ئەو تفەنگانە بوون ، هەتا میستەر ریچ لە گەشتەکەیدا چەند دانەی دەمانچەی تۆپدارو گوللەی بە دیاری هێناوە بۆ بابانی یەکانی سلێمانی • لە ١٨٥٠دا بە دواوە لە شاری سلێمانیدا هەندێ چەخماخ ساز = تفەنگ ساز پەیدا بوون کە پیشەیان تفەنگ دروست کردن بوو ، تفەنگی ئەو ڕۆژانەیش تا سەرەتای جەنگی گێتی یەکەم کە لە ناو دابوو ئەمانە بوون :

(١) ماوزەر : تفەنگێکی قورس و درێژی میری بوو دەدانە فیشەك دەخرایە عەمارەکەی لە ژێر لوولەکەیدا (٢) ئەو تفەنگانەی لە ناو عەشایردا بوون یەك دانە فیشەکیان دەخوارد ئەمانە بوون :

وەران دل ، مارتلی ، مارتلی کارخانە ، حسکە کە جۆری حسکەیان لەوانی تر خراپتر بوون ، بۆیە پێ یان دەگوت شرمەڕۆ •

ئەم چەخماخچی یانە کارەکەیان زۆر لەبەرو دابوو پی یان دەگوتن وەستای چەکوشو لیرە ، واتە بە لێدانی هەر چەکوشێ لیرەیێکی زێری ئەو سای

مەعروف قەرەداغی
بروانە ل ـ ٧



دەست بە کڵاوەکەنەوە بگرە بانەیبا ، دەستێ نەتوانم ببڕم ماچی دەکەم ، حوکمی حاکمو مەرگی موجافات ، دەستێ حاکم ببڕێ خوێنی نیە ئاگرە سوورە لە خۆم دوورە ، هێڵکەی ئەمڕۆ لە جوجەلەی سبەینێ باشترە •• ئەم پەندانە بکە بە ئەلقەیەکو بیکەرە گوێت •• بۆ بێمێشکی ! ئەم بەیتو بانۆرەیەم چەند جار بۆ رستوویت ، کە چی لەم گوێت ئەچێتە ژوورەوە ، تریان دەرباز ئەبێت •• بۆ نەوەی هیچی لێ کل بدەینەوە ! تاکەی ئەم لاساریە •• خوا دوو پاروونانو هۆنگ مەعاشی بە ئاسودەیی و بێ خەم چیت داوە لەم سەرئێشەیە •• کێ ئافەرینت دەکا ؟! زۆر لە شەقی وەکو تۆ ئاردداوی کرد تا دابەداری نگوم بوونو ماڵو سامانیان هەموو دایکی دێوەکانی تر بەرزووی خۆمان لەسەر حیسابی ئەوان ئەوەتا نابینی پرچم بەزاخاوی زێری زۆری کانی یەکانی ئەڤەریقا چۆن ئەبریسکێتەوە • لەم مەمکە کانم لە جیاتی شیر ئەوە لە ئەوتی سعودیەو ئیرانو ئەلی ولاتی ترو شۆربونەتەوە خەریکن خۆیان لە زەوی ئەدەن جل و بەرگە رازاوەکانم لە چوار قرۆش هۆنگ کۆنەکەوە بە دیاری بۆ هاتووە ، چەپکە گوڵە ڕەنگاو ڕەنگەکەی سەر سنگم ئەم سەرئێشەیە •• لە کەشمیرەوە پێشکەش کراوە ! دایکی دێوەوەها نەبێ چۆن دەژی •• کوڕم شەرمو شکۆی پێ ناوی ، خوا داینناوە ! ماڵئیف ، لرف لێدان ، پیاکێشان رووتانەوەی ولاتان ، بەرو بوومو سامانیان ، ئیتر چیمان داوە لەو قولەرەشانەی مشك منداڵە ساواکانیمان ئەلێسنەوە ، لەو رەنگ زەردانەی منداڵەکانیمان سەردەبڕن تا لە برسانەمرن ! لەو ڕەنگ سوورانە بە چاویکی سووك سەیر ئەکرێن ، لەو خەلکە بێشومارەی لاکەی سەریان دێ لەبرسانا ، هینی ئەمڕۆ بەهینی سبەینێ سبەینێ چی ئەبێ بابێ ئەمڕۆ ئێمە داشمان سواره خواکەریمە بۆ سبەینێ •

کوڕم هەڵمەفریوێ بەو سەرکیشو هەرزەکارانەی لە شەقامو ڕۆژنامەکانیان پڕ ئەکەن لە هاتو هاوارو ڕووشەی ئاگرین ، ئینجا بۆ ئێوەی ساویلکەی بەبائەکەن ، پێتان ئەڵێن : بەدایکی دێو بڕوا مەکەن، سەگە ، بەرازە، ریزێیە زۆلە ، تەڵەکەبازە •• تاکاتیکیش بوو بە سویندێکی دادگا ، بەپەیمانێکی شەرەف بە چەند رستەیەکی رازاوە ، بە چەند عانەو شلنگێکی بریقەدار ، هەزارانمان لە خشتە ئەبرد بە دوو خومانمان ئەخستن ، بە کرێمان ئەگرتن ، چ قودرەت بوو یەکێ زمانیمان ئەبڕی کەچی گەوجەکەیان کە تۆ بەسی ، بەسەری سپی من بڕوا ناکەی کەوتویتە سەرو پۆتەڵاکم ، هەر ڕۆژە بیانویەکی نوێم پێ ئەگری دەست ئەنێیتە بێناقاقام ، خەریکی قورگم هەل ئەهێنیتەوە ئای چ ڕۆژێکی ڕەشە کەتێی کەوتووین •• دواییمان خێر بێ •• ئای کە خێر نابێ ئای کە نەهامەتی ئەبێ ••!

تابلۆی ژمارە

« سالی ئافرەتانی جیهان »
● دەست کردی ئەحمەد زەردەشت ●



لەبەرئەوەی کە تا ئێستا زمارەیەکی زۆرکەم شیکاری پێشبرگەی ژمارە (٢٥٣) یان نارد دووە ، وا بۆ جاری دووەم هەمان پێشبرگە بلاوئەکەینەوەو ئەکەین کە لە ژمارەی داهاتوودا ناوی ئەو کەسانە بلاوئەکەینەوە کە خەلاتی پێشبرگەی ژمارە (٢٥٢) یان پێ ئەبەخشرێت •

یەکەم پرسیارمان :

دوو رێبوار ، هەردووکیان یەکەوە رێکەیان گرتەبەر دوای ماوەیەك رۆشتن لایان دایە ژێر دارێك ، ویستیان دەس کەن بە نان خواردن ، لە پرناو رێبواریکی تر لای دا یانو پێی وتن روخسەت بدەن لە کەلتانا بەشداری نان خواردن بم • هەردووکیانو تیان پەرموو ••• هەرسێك پێکەوە دەکویەك نانەکانیان خوارد •• رێبواری یەکەم (٥) نانی پێ بوو ی دووەم (٣) نان ، بەڵام رێبواری سێیەم کەلای دا لایان هیچ نانی پێ نەبوو ، لە جیاتی نان خواردنەکە (٨) ئانەی دانێ ئەوی (٥) نانی پێ بوو (٧) ئانەی بۆ خۆی گل دایەوەو ئانەیەکیشی دا بە برادەرکەی ، بەڵام برادەرەکەی بەم حیسابە رازی نەبووو پێی وت : ماقوولەکە تۆ دوونانت لە من زیاترە (٧) ئانە بخەیتە گیرفانی خۆتو ئانەیەکیش بدەیت بەمن، بابچین بۆ لای حیسابزانێك ئەم مەسەلەیەمان بۆ ساغ کاتەوە ، چوونە لای یەکێك و مەسەلەکەیان بۆ گیرایەوەو ئەویش وتی: حیسابەکەتان راستە ، بۆ راستەو چۆن ئەبێ ؟

دووەم پرسیار :

حەوزێکمان هەیە چوار گۆشەیی یە ، لەهەر گۆشەیێك درەختێك رواوە کە بە حەوزەکەوە نووساون ، ئەمانەوی حەوزەکەبکەین بەدوو ئەوەندەی خۆی بە مەرجێ هەر بەچوار گۆشەیی بمینێتەوەو دارەکانیش لە شوینی خویان بن و لە ناو حەوزەکەدا ون نەبن •

ئەمەش وینەی حەوزەکەیە :

تێبینی :

شیکارکە بەپێی کۆبۆنی خوارەوە بنیرە کۆبۆن •

ناو .
نادرسان
کۆبۆنی هاوکاری ژمارە (

لە جیهانەدا



ژمارەی خۆش

لەوەتی جیهازی دۆزینەوەی ئەو چەکانەی کە نەفەرەکان لە فرۆکەخانەکانی ئەمریکادا هەڵی ئەگرن دروست کراوە دژی ڕفاندنی فرۆکە ، هەر لە سەرەتای سالی ١٩٧٣وە پولیسی ئەمریکی زیاتر لە ٦٦ هەزار چەکی گرتووەو ٣ هەزار کەسیشی گرتووە •

بنسێکی گران

لەم دوایی یەدا بنسێك لە لەندەن فرۆشراوە کە تەمەنی هەزار ساڵ بووە بە (٩٠٠) هەزار بنس دراوە ، هەر بنسێك (٩٠٠) جونەیهی ئینگلیزی یە ، بەریتانی یەکان بە گاڵتەوە دەڵێن کە تەنگوچەلەمە لە نیوانی هەزار ساڵی رابوردوودا بەشێو رێکوپێك روییوە ، وە نرخی پارە نزیکەی ملیۆنێك جار شکاوە •

سوپاسی خیزانەکانتان بکەن

گۆڤاری (ویك ئینید)ی ئینگلیزی بڵاوی کردۆتەوە کە زاناکان بۆیان دەرکەوتووە ئەرکی کەیبانۆی مال گەلێك گرانترە لە هی مێردەکەی ، چل شوتن لە زەوی کێڵان گرانترەو پاك کردنەوەی پەنجەرە لە لێخورینی ئۆتومۆبیل زۆر زور قورسترە ، خۆ ئوتوو کردن گرانترینیانەو وەکو بەردکێشان وایە •

یەکسانی نێوان ئافرەت و پیاو

بەرتراند رسل نووسەری فەیلەسوف و زانا (١٨٧٢ ـ ١٩٧٢) لە کتێبی « ژن هێنان و رەوشت »دا باسی یەکسانی نێوان پیاوو ئافرەت دەکاتو دەڵێت : دایك وباوکم زۆر بە جۆش بوون بۆ ئەم یەکسانی یەو داوا کردنە ، دایکم لە کۆبوونەوە وکۆنگرەکانە قسەی ئەکردو بەگەرمی داوای ماف پێدانی هەلبژاردنی ئافرەتی ئەکرد ، منیش بەروبومی ئەم گەرمو گوڕی یەم ، وە کەسکی بوو سوور بوو لە سەروەی کە ئەبێ پزیشکێکی ئافرەت سەرپەرشتی منداڵ بوونەکەی بکات ، ئەو کاتە یەکەم ئافرەت لە گوڵێجی پزیشکی دەرچوو کە ناوی جاریت ئەندرسۆن بوو ، بەلام لە پزیشك گەری بێ بەشیان کردو تەنیا دانیان بەوەنا کە دکتورەو هیچی تر ، بەڵام دایکم لە مانگی خوێ دابوو بە دکتورە (جاریت)ی گوت هەر تۆ سەرپەرشتی منداڵ بوونەکەم دەکەیت ، دکتورەی ناو براو فرمانی خۆی بە چاکی بینیو هاتمە دونیاوە ، دایکیشم سەرکەوتنی خۆی وە دەس دا لە بەتەوژمترین هەلبژاردندا کە ئافرەتی ئینگلیزی بەشداری تیادا کرد •

● **لوتکەی مەهرەجانی سروودی سیاسی :**

لە هەفتەی رابوردوودا لە پایتەختی ئەڵمانیای دیموکراتدا کۆتایی بەسروودی سیاسی هێنرا ، لەم مەهرەجانەدا چەند گۆرانی یەکی شۆڕشگێری پێشکەش کرا کە هاوکاری یەکی تەواو بو لەگەڵ گەلی قارەمانی چیلی ، سروودە گەرمو گوڕەکانی فیکتۆر ژارا پێشکەش کرا کە فاشیزمە سەربازەکانی چیلی کوشتیان •

بیرو باوەری هاوکاری و پشتگیری کردنی گەلی چیلی و ڤێتنام و گەلانی ئازادیخوازی تر نموونەیەکی گەش و دیار بوو

قسەی بەجێ

تاریکی جیهان ناتوانێت مۆمێك بکوژێنێتەوە

ناظم حکمت

● **مەهەرەجانی فلیمی منالو ساوایان :**

لە ١٥ی ئەم مانگەدا لە پاریزگای نویبراندینبورگ لە ئەڵمانیای دیموکرات مەهرەجانێکی گەورەی فلیمی منالو ساوایان سازکرا ، پروگرامی مەهرەجانە کە بریتی بوو لە فلیمی ڕۆمانو کارتونو تەلەفزیونی و فلیمی تر • کلاوسی ریشتەر دەفرو سەرەکی مەلبەندی نیشتمانی فلیمی منالان بڵاوی کردەوە کە مەهرەجانەکە بە فلیمێکی نوێ دەس پێ ئەکات کە لە ژیانی سەرکردەی کار گەرانی ئەڵمانیا (ئەرنست تێلمان)ەوە ئەدوێت فلیمەکە بە ناوی « رۆژانی منالیم »ە •

تکایەك لە گۆڤاری بەیانەوە

لەبەر ئەوەی نیازی جزوبەندکردنی هەموو ژمارەکانی (بەیان)مان هەیەو ژمارە (١)ی تشرینی دوەمی ساڵی ١٩٦٩و ژمارە (٢)ی شوباتو (٣)ی نیسانی ساڵی ١٩٧٠ مان ناتەواوە ، چونکە لەسەرەتاوە (بەیان) لای ئێمە نەبوەو چەند گەڕاین بەدوای ئەو ژمارانەدا بۆمان نەدۆزرایەوە تکایەکی گەرم لە نووسەرانو خوێنەرانی بەڕێز ئەکەین ، وەك دیاری یەکی دەستیان ئەگەرهەیانە ، ئەو ژمارانەمان بۆ ڕەوانە بفەرموون بەناونیشانی (بەغدا ـ شارع الجمهوریە ـ ساحە الخلانی ـ دار التضامن للطباعە والنشر الکردیە ـ مجلە بەیان) مایەی پێزانینەوسوپاسێکی تەواو قووڵە • ئێمەش ئامادەین بۆ پێشکەشکردنی پاداشت •

جەمال بابان
سەرۆکی نووسینی گۆڤاری بەیان

زمارەی سپاردن بەکتیبخانەی نیشتمانی ١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

گۆڕێك لە رابوردوو

(لە ڕۆژنامەی ژیانی ژمارە(٢١١)ی ڕۆژی چواردەی دوەمی ساڵی ١٩٢٩ وە) •

ضیاعێکی الیم

لە حالیکا کە غزتەکەمان لە تواوبون دابو بەشدتی أسـ خبرمان وەرگرت کە رسما بومقام سعادت متصرف تلغرا هاتوە مآلەکەی أمەیەکە فخامتی(سیر عبدالمحسن سعد رئیس الوزرای عیراق أمشەوی رابوردو لە مالی خویدا (انر و وفاتی کردوەو وصیتیکی تأریخی بو اولادی بەجل هیشتوە •

أم خبرە فجیعەیە وەکو سائقەیەکی ناگەهانی ضربەبەر لە عالم داو رعشەیکی أبدی خستە وجودی همو کسیکتر جدا غیبوبتی أبدی أم داهی یە کەلە عیراقا اولەمین ذاتو تە بالبنانو باعث فخری عمومی بو ، جیء تأسفەو هتاکو رنە ام أسفە باقی أبی و لە فکر ناچیتەوە •

بەناوی عموم عیراقو خاصەبەناوی ملتی کوردەوە اظهـ أسفو بیانی تعزیت أکین • وبەم مناسبتەوە لە همو مرۆڤ بەیداخی حکومت شورکرایەوە • لەم خصوصەوە لەغەز آتی دا درجەی اسفی ملتەکەمانو تفصیلات لازمە عرض انجی

ئارام :

لە ژمارەی ئاینـدەی (هاوکاری)دا ، (وصیت سعدون بلاوئەکەینەوە لەگەڵ هەندێك شتی ترا •

وێنەیەك لە کوردستانەوە

گومەزە کۆنەکەی گوندی گردعازەبان

ئەم گومەزە لە گوندی گردعازەبانە ٣٢ کم لە باهەولێرە وە دوورە •• لەسەرگردێکی بەرز دروستکراو بەرزایی گومەزەکە لەسەرگردەکەوە (٣٠) پێیە لەو پە کەشی ٦٢٥ پێی چوارگۆشەیی یە••• میژووی کردنی گومەزەکە ٣٠٥ ساڵ لەمەو بەرەواتە ساڵی ٩ لە لەسەردەمی عوسمانی یەکانەوەدروست کراوە ، ••• ١٩٧٢ دەستکاریەکی باشی کراوە •

اسماعیل رشید سنجاوی
لە هەولێرەوە ناردوویەتی

هەر جارەی نوسینێك ●●●

سیا لە عالەم بەدەرە(١) !

(کۆنستانتین سۆلۆیانیس)ی یۆنانی ئەم نامە کورتەی خوارەوەی بۆ گۆڤاری نیۆزویك نووسیوە :

« ئەگەر من لە سیستەمی سزادان لە ئەمەریکادا گەیشتبم ئەوا ئەو کەسەی کە سویند بە درۆ ئەخوات ، یاخۆ یاساشکێنی ئەکات، ئەدرێ بەدادگاو ئەگەر تاوانبار دەرچو ئەوا دەرگای خر لەسەر دادەخرێ • بەڵام ، ئەوەی مایەی سەرسورمانە بۆ من ئەوەیە ، کە « ریچارد هێلمز »(٢) لە عالەم بەدەرەو یاساش « وەزەنی » لێ ناکات ، زۆر سەیرە ، ئەم پیاوە لە جیاتی ئەوەی ئێستا ئاخنرابێ ، کراوە بە بالیۆزی ئەمەریکا لە تاران • ئاشکرایە کە چەند شینە درۆی زل زلی لە بارەی سازمانەکەیەوە بڵاوکردوەتەوە ، تەنانەت لەم چەند ڕۆژانەدا یەکێکی لەم شینە درۆیانە بڵاوکردەوەو بێ شەرمانە وتی : (سیا) هەرگیز یاسا شکێنی نەکردوە ! ئەی باشە ، ئەم هەموو دەست درێژی یانەی کە بەپەنجە نیشانی کاك هێلمز خۆی کراون ، یاساشکێنی نین ، چین !؟ ئەگەر تەنها ئەوانەی لە ژمارەی پێشووی نیۆ زویکدا نووسرابوون لە سەری حیساب بکرێنو بۆ هەر یاسا شکێنی یەك بخرینە زیندانەوە ، ئەوا ئەبێ دەهەزار ساڵی بەسەردا بدرێ ! یاخۆ لە مانەشی چاوپۆشی ئەکرێ ، وەکو گەلی یاساشکێنی تر ، ئەوترێ « سینەی بێ کینە ، پێغەمبەرە سەلاوات » •

وەرگێر :

کاك کۆنستانتین سۆلۆیانیس ، لە بێخەبەران کەشکەك سەلاوات ! ئەو رژێمەی ریچارد هێلمزی کردووە بە « گوێ سووك »ی هەموو جیهانو رستی لەملی خۆیو داوو دەزگا خوێناوی یەکەی دا وائلاندووە کە لە سەرانسەری هەموو جیهانو تەنانەت ناوەوەی ئەمەریکاش دا کلاشەبکەن سەدەها کاری ، نەك یاساشکێنی ، بەلکو دژی مرۆڤو پێچەوانەی شەرەفی مرۆڤایەتی بکەن ، بێ گومان لە هەموو شتێك ئەیانبارێزیو سەدیاساشیان بۆ ئەخاتە ژێر پێلاوەوە ، چونکە ئەو رژێمە بێ ئەم داوو دەزگایە درندەیە وەکو ئەژدەهایە کە دانی کێشرابێ ، ئیتر نازانم جەنابت چۆن رازی ئەبیت ئەژدەها بە دەستی خۆی دانی هەل کێشێ ؟!

أ٠ش
لە ئینگلیزی یەوە کردویە بە کوردی

(١) سیا : دەزگای جاسوسی ئەمەریکا (سی٠ئای٠ئەی)ە •

(٢) ریچارد هێلمز : سەرۆکی پێشووی ئەم دەزگایەو بالیۆزی ئێستای ئەمریکایە لە تاران •

institutkurde.com de paris

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لەدەزگای هاوکاری چاپو بلاو کردنەوەی کوردی دەرئەچێت

دار التضامن للطباعة والنشر الكردية

بغداد – شارع الجمهورية – ساحة الخلاني
هاتف ٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣

HAWKARI Tel - 68311 68312, 68313.

هاوکاری

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە

(٨) لاپەڕە
نرخی
(٢٥) فلسە
لە (دارالحرية)
چاپ ئەکرێ

● لەم ژمارەیەدا ●

● ئەنگۆلاو سەربەخۆیی و نەخشەی ئیمپریالیستەکان ل : ٢
● بامنیش لیرەوە پەنجەیەکی تێوەردەم ل : ٣
● دیاری دکتۆر شۆل : ٥
● مێژوی ماد ل : ٦

لەگەڵ چەند بابەتێکی تردا لەم ژمارەیەدا دەخوێنیتەوە .

ژمارە (٢٥٦) ٢٨-٢-١٩٧٥

سەرنەکەوتنی کودەتایەک لە یۆنان !

نەوا و بوونی کاروباری کۆنگرەی هێزە ئاشتیخوازەکانی ئاسیا

لەژێر چاودێری سەرکۆمار تێکۆشەر کاك احمد حسن بكر رۆژی ٢٤-٢ کۆنگرەی هێزە ئاشتیخوازەکانی ئاسیا لەهۆڵی نەقابەی مامۆستایان لە منصور - لەژێر دروشمی (لەپێناوی ئاشتی و ئاسایش لەئاسیادا) کرایەوە ، وە ئەو کۆنگرەیە بەهاوکاری ئەنجومەنی پەیوەندکاری و پیاچونەوەی کۆنگرەی هێزە ئاشتی-خوازەکانی جیهانی لەگەڵ ئەنجومەنی نیشتمانی ئاشتی و هاوکاری عیراقدا رێکخرا ...

لەسەرەتای کۆنگرەکەدا لەجیاتی سەرەك کۆمار ، کاك سعدون غیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری - مواصلات - وتارێکی خوێندەوە تیایدا وتی :-

هەڤالانی خوشەویست

پێخوشحالم کە بەناوی سەرۆکی تێکوشەر کاك احمد حسن بكر سكرتێری سەرکردایەتی شۆرش و سەرۆك کۆمار سوشیالیستی عەرەب و سەرەك کومار سلاوتان لێ بکەم ، وەئاواتی سەرکەوتنی کۆنگرەکەتان بخوازم .

کۆنگرەی هێزە ئاشتی-خوازەکانی ئاسیا لەکاتێکدا لەبەغدا ئەگیرێ ، خەباتی تێکرایی گەلان ، خەباتی گەلانی ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتین بەزروفێکی گرنگدا تێ ئەپەڕێ و ڕووبەڕووی هێرشێکی درندانەی ئیمپریالیزم و نەخشەنوێی یەکانی ئیمپریالیزم ئەبێ ، کە ئەیەوێ سەرلەنوێ شوێن پێ و نفوز دابەش بکرێتەوە و بوارو مەلبەندی تر بنیات بنێ بۆ دەستدرێژی کردن بەپێی ستراتیژی بەرژەوەندی-یەکانی ئیمپریالیزم و سەهیو-نیزمی جیهانی . ئێمە بڕوامان بەوەیە کە ئەم کۆنگرانەی ئاشتی ئەتوانن دەورێکی باش ببینن بۆ خزمەتکردنی خەباتی گەلان .. لە پێناو رزگاری و پێشکەوتنی کۆمەلایەتی و ئاساییش یاندا .. گەلانی ئاسیا بە خەباتە ڕەواکەیان ئەیانەوێ لە ئیمپریالیزم رزگاریان ببێ و داکۆکی لە چارەنووس و پاشە-ڕۆژیان بکەن و ئاشتی و ئاسودەیی نیشتمانەکانیان مسۆگەر بکەن .. بەلام ئیمپریالیزمی جیهانی و بەتایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمەریکا لە ئاسیا هەر وەکو لە ناوچەکانی تردا ، چەندین پەیمانی میلیتاریستی و بنکەی دەست درێژی کردنی بنیات ناوە بۆ ئەوەی گەلانی ناوچەکە هەمیشە بەکۆیلەیەتی بمێننەوە و خیروبەری وڵاتە کەیان بە تالان بەرێ .. ئێستاکەش جموجۆڵی یەکی فراوان لە ئارادایە بۆ تەواوکردنی بنکە میلیتاریستی-

یەکانی ئاسیا بەوەی لە ناوچەی باسفیك هی تر دابمەرزێ و ئابلۆقەی ئاسیاو ئەمەریکای لاتین بدرێ .. چەندین بنکەی ئەمەریکایی لە ئوقیانوسی هیندی و ژاپۆن و کوریای خواروو فلیپین و تایوان و ئێران و خلیجی عەرەب دا هەیە وەکو بنکەی - مصیرە - بۆ لێدانی بزوتنەوە رزگاری خوازەکانی گەلانی ئاسیاو سەربەخۆیی و ئاشتی یان .

بروانە ل - ٧

بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش

هەفتەی رابوردوو ، بەپێی بڕیارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش بڕیاردراکە لیژنەیەکی بەرزی راوێژکاری وەزارەتی دارایی پێك بهێنرێ وە ئەم لیژنە بەرزە بنچینەزانستی یەکانی پەرەپێدانی بەرێوەبەری دارایی دەوڵەت دائەنێ و لە یاساو سیستەمە-دارایی یەکان ئەکۆڵێتەوە لەگەڵ دەستەبەربوونی پەرەسەندنیان وە بەپێی ئەم بڕیارە ، ئەو لیژنەیە ، راستەوخۆ پەیوەندی لەگەڵ بەرێز وەزیری دارایی دا ئەبێ . وە سیستەمێکی یەکگرتووی ژمێرەوەری دەوڵەت دائەنێ کە بریتی یە لەکەرتی ناوەندێتی میری .

هەروەها ئەو لیژنەیە لە بنچینە زانستی یە پیویستی یەکان ئەوکۆڵێتەوە بۆ بەیەکەوەبەستنەوەی ژمێرەوەری (حسابات) کەرتی ناوەندێتی میری و ژمێرەوەری کەرتی گشتی

بڕیارەکەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش ریکای لیژنەی ناوبراوی داوە کە سوود لە شارەزاو پسپۆرانی ناوخۆو دەرەوە وەربگرێ و چەندین لیژنەی کارکردن پێك بهێنێ بۆ جێبەجێ کردنی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێردراوە لیژنەکەش پێکدێت لە مانەی خوارەوە :- بەرێز دکتور صلاح الدين شيخلى ئەندامی ناتەرخان و دکتور صلاح عمر ئەندامی تەرخان کراوو بەرێز حنا رزوقی ئەندامی ناتەرخان و بەرێز حامد یوسف حمادی ئەندامی ناتەرخان ، وە ئەم ئەندامانە ، بە ئەندامی ئەنجومەنی بەرزی دارایش دائەنرێن .

ئا٠د٠ع

سکرتێری پەیمانی ئەتلەسی لەگەڵ سەرۆکی ئەمەریکا کۆبۆوە

واشنتۆن : ئەسۆشیتدپریس ڕۆژی سێشەممەی رابوردوو ، جۆزێف لونز سکرتێری گشتی پەیمانی ژووروی ئەتلەسی (ناتو) لە شاری واشنتۆن لەگەڵ جیرالد فۆردی سەرۆکی ئەمەریکاو هەنری کیسنجەری وەزیری دەرەوەیدا کۆبۆوە !

لەلایەکی ترەوە ، بۆ ئێوارە جوزیف لۆنز لە وتوویژێکی تەلەفزیۆنیدا داوای لە (جیهانی ڕۆژئاوا !) کرد کە هێزی بەرگری کردنیان پتەوتر بکەن و خۆیان قایمتر بکەن .

وە لە کوتاییدا وتی :- ئەوروپا هەمیشە پیویستی بەوە هەیە کە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا داکۆکی لێ بکات !

شای ئێران سەر لە پاکستان ئەدات

کەراچی : رویتەر : لەسەر داخوازی بەرێز زوالفقار علی بوتوی سەرۆکی پاکستان شای ئێران بە سەردانێکی سێ ڕۆژی ئەچێ بۆ پاکستان وە بەیاننامەیەکی ڕەسمی کە ئەمەی راگەیاند باسی ئەو کێشانەی نەکرد کە شای ئێران لەسەردانەکەیدا لەگەڵ سەرۆکی پاکستان باسی ئەکات چین !

ژاپۆن وتوویژی بازرگانی لەگەڵ ١٢ وڵاتی عەرەب ئەکات

تۆکیۆ : رۆیتەر : هەفتەی رابوردوو بەرێز توشیو کوموتو وەزیری بازرگانی و پیشەسازی ژاپۆن لە تۆکیو رایگەیاند کە لەمەولا وەزارەتەکەی دەست ئەکات بەوتوویژکردنی بازرگانی لەگەڵ کارگێڕی کاروباری بازرگانی بالیۆزخانەی دوانزە وڵاتی عەرەبی لە ژاپۆن بۆ پتەووفراوان کردنی قەوارەی ئالو گۆڕو پەیوەندی بازرگانی نێوان ژاپۆن و ئەو دوانزە وڵاتە .

وەوتی ئەم وتوویژەش بەشێوەیەکی ریکوپێك ئەبێت و ئەم وڵاتەعەرەبیانە ئەگرێتەوە: عێراق ، مەراکیش ، میسر ، قەتەر ، جەزایر ، یەمەنی دیموکرات ، لیبیا ، کوێت ، سعودیە ، لبنان ، ئەردەن ، دەوڵەتی میرنشینی یەکانی عەرەب ... وە لە کوتاییدا رایگەیاند کە هیوای وایە تەقەللاکەی وڵاتەکەی سوودبەخش بێ پەیوەندی بازرگانی و ئابوری نێوانیان فراوانتر ببێ .



سەرکۆمار تێکۆشەر کاك احمد حسن بكر سەعات دووی نیوەڕۆی چوارشەممەی رابوردوو لە بارەگاکەیان دا لە کۆشکی جمهوری پێشوازی دکتور اشرف مروان نیردراوی تایبەتی سەرۆکی میسریان کرد ... مروان نامەیەکی دا بەسەرکۆمارکە لە سەرۆکی میسرەوە بۆی هێنابوو ... دیدەنی یەکەش نزیکەی نیو سەعاتی خایاند و تیایدا دکتور سعدون حمادی وەزیری دەرەوەو بەرێز بالیوزی میسر لە بەغدا ئامادە بوون .

ئا٠د٠ع

مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش لەبارەگاکەیان دا لە ئەنجومەنی نیشتمانی لەسەعات یەکی و چارەکی پاش نیوەڕۆی ٢٦-٢ پێشوازی دکتور اشرف مروان نێروراوی تایبەتی سەرۆکی میسریان کرد ... دکتور اشرف مروان ڕۆژی ٢٦-٢ بەفڕۆکەیەکی تایبەتی گەیشتە بەغدا .. وە لە فڕۆکەخانە لەلایەن کاك عبدالحسین جمالی جێگری وەزارەتی دەرەوەو کاك عبدالودود شیخلی بەریوەبەری گشتی تەشریفات و بەرێز بالیوزی میسر لە بەغدا پێشوازی کرا .

ئا٠د٠ع

سەرنەکەوتنی کودەتایەک لە یۆنان !

هەفتەی رابوردوو ٢٤-٢ لە شاری ئەسینا بلاوکرایەوە کە حکومەت کودەتایەکی پوچەڵ کردۆتەوەو ٣٨ ئەفسەرێ گرتووە کە یەکێکیان بەپلەی لیوابووە . وە بە پێی ئەو هەواڵانەی لە یونانەوەهاتوون چەند دەستەیەکی لەشکر کە سەربە ڕێژیمە ملیتاریستەکەی جورج پاپادوبلسی پێشوبوون نەخشەیەکی کودەتایەکی سەربازی یان داناوەو بەپێی ئەو نەخشەیە بڕیار وابووە کە لەیەك ڕۆژدا لە ئەسینای پایتەختو کوزانی و کومۆتینی و لاریسا پەلامارى دامو دەزگاکانی حکومەت بدەن و لە پایتەخت ئەو ڕێژیمەی ئێستا لەسەر کار لابەرن و خۆیان بێنە سەرکار ئنجا سەرەك وەزیران و ئەندامانی وەزارەتو سەرکردەکانی لەشکر بگرن .

مەبەستو ئامانجی کودەتاکە چی بوو ؟

ڕۆژنامەی لوریون لوژور کە بە زمانی فەرەنسایی لە بیروت دەرئەچێ ڕۆژی ٢٥-٢ ڕاوێژی کردەوە کە ئەندامانی ئەو کودەتا سەرنەکەوتووە سەر بە ئەمەریکاو بەدەسیسەو هاندانی دەزگای جاسوسی ئەمەریکا (سی ٠ ئای ٠ ئەی)و

بروانە ل -٧-

مەسەلەی ئەرتیریا چی بە سەر هات

کوێت : ئا٠د٠ف : ڕۆژی ٢٥-٢ نوێنەرێکی بەرەی رزگاری خوازی ئەرتیریا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامە نووسی دا کە لە کوێت گرتنی رایگەیاند کە لە مانگی تەمووزی ئایندەدا وەپێش گیرانی کۆنگرەی بەرزی ئەفەریقا پێك هێنانی کۆمارێکی سەربەخۆ لە ئەرتیریا بلاو-ئەکرێتەوە .

وەوتی ، شورشگێران ئێستاکە لە بەرەیەکدا کە درێژایی یەکەی ٢٠٠ کیلومەترەیە ئابلۆقەی چەند ئوردوگایەکی حەبەشەیان داوە ، وە تا وەکو ئێستا ٣ هەزار سەرباز لە لەشکری ڕێژیمی ئەدیس ئەبابا لە ناوبراون .

وە هەروەها ئەو نوێنەرە ئەوەشی راگەیاند کە ئەمەریکا دەستی کردوە بە ناردنی چەك و تفاق بۆ لەشکری حەبەشەو اسطولی سەهیونی دوژمن لە دەریای سوردا (البحر الاحمر) دەستی بە جموجۆل کردوە .. وە نوێنەرەکە لە وەڵامی پرسیارێکدا کە چۆن ئەوشتانەی پێ گەیشتووە وتی :

چەند ئەندامێك لە ئەنجومەنی عەسکەری حەبەشەدان و لایەنگیری داواکاری یەکانی شورشگێرانی ئەرتیریا ئەکەن و لە ڕێگای ئەوانەوە زۆرشتمان پێ ئەکات .

insitut kurde de paris

ئەنگۆلا وسەربەخۆیی ونەخشەی ئیمپریالیستەکان

هەروەکو ئەزانین وڵاتە ژێر دەستەکانی کۆلۆنیالیزمی پورتوگال لە ئەفەریقا ، کینیا بیساو مۆزەمبیق و ساتومی و کاپ بوردە رزگاریان بوو وە سیستەمو حکومەتی نیشتمانی خۆیان دامەزراند دوای قوربانی دان و لە خۆبوردن و خەباتێکی سەختی درێژ خایەن • وە لە یانزەی تشرینی دووەمی ئاینەدا میهرەجانی سەربەخۆیی ئەنگۆلاو رزگاربونی لە ژێر دەستی ئیمپریالیزمی پورتوگال ، ساز ئەکرێ • بەم پێیە گەلانی ئەفەریقا ، لە سەر بنچینەی پشت بە خۆبەستن وەکو رێبازێکی سەرەکی ، وەکۆمەکو یارمەتی دەرەوە (سیستەم بزوتنەوە پێشکەوتن خوازو گەلان)ی دنیا وەکو هۆیەکی یارمەتی دەر بە بەروو بوومی خەباتی درێژ خایەنیان کەیشتن و شیرازەی رێژیم و حوکمە بەسالا چووەکەی کولونیالیزمی پورتوگالیان هەلوەشاندەوە

چۆن سەربەخۆیی ئەپارێزدرێ ؟!

وەکو ئاشکرایە لە ناوچەی - گور - بەرێز سواریز وەزیری دەرەوەی سیستەمەکەی ئیستای پورتوگال و نوێنەری سێ بزوتنەوە رزگاری خوازە کەی ئەنگۆلا (بەرەی نیشتمانی رزگاری هێنەری ئەنگۆلا ، بزوتنەوەی گەلی رزگاری خوازی ئەنگۆلا ، بزوتنەوەی ئونتیا) پەیمانی سەربەخۆبونی ئەنگۆلایان مۆرکردو رۆژی ١١ی تشرینی دووەمی ئەم ساڵیان دەست نیشان کرد بۆ ئەوەی رۆژی رزگار بوونی تەواوەتی بێ •• جالیرەوە دوو مەسەلەی گرنگ دێنە پێشەوە کە وەلامی ئەو پرسیارە ئەدەنەوە کە ئاتادارانی سیاسی ئەیکەن دەربارەی پاشە رۆژی ئەنگۆلا؟ دوو مەسەلەکەش ئەمانەن : -

● **سەر بەخۆبوون و چۆنیەتی پاراستن و ئەدەست زدانی ئەو سەربەخۆیی یە •**

● **پەیوەندی ئەمەولای نێوان ئەو سێ بزوتنەوە نیشتمانی یەو بەرژەوەندی و ئەخشەو جمو جولی ئیمپریالیستو دەوڵەتە گەورەکانو رێژیمە رەگەز پەرستو کۆنەپەرستانی ئەفەریقا بەچی ئەگات !؟**

هەر چەندە وەلام دانەوەی ئەم دوو پرسیارە یاخود روون کردنەوەی ئەو دوو مەسەلەیەو تاراددەیەکیش پێش بینی کردنی چونیەتی هاتنە پێشەوەی ئەو دوو دیاردەو مەسەلەیە شتێکی سوکو ئاسان نیە و دوورییش نیە بوترێ کە هێشتا ماویەتی کە بتوانرێ تیشکێك بخرێتە سەر کون و قوژبنی ئەو بابەتە •• بەلام لە گەل ئەمەشدا ، وە بە پێی راپۆرتی دەزگا دیپلوماسی و ئاژانسەکانی ئەنگولباس و قسەو دوانی سەرکردەکانی سێ بزوتنەوەکەی ئەنگۆلا ئەتوانرێ سەرەدەزویەکی گرۆلەکە بە دەست بهێنرێ وتا رادەیەکیش لایەنە نادیارەکانی ناسۆی پاشە رۆژی ئەو گەلە بە دەر بخرێ •• کە واتا ، لیرەوە کامەیە سەرەتای مەسەلەکەو ئەو ئەنجامانەی لێی دێتە کایەوەو چۆن و بۆچی ؟!

هەر وەکو ئاشکرایە پاراستنی سەربەخۆیی وڵاتو لە دەست نەدانی و رێگانەدانی گەڕانەوەی داگیر کەران بە هیچ جۆرێك لە وە دەست هێنانی سەربەخۆییەکە کەمتر نیە بگرە ئەگەر گرانتر نەبێ •• چەندین نموونەی روونو زیاتر بوو کە ئاینی ئیسلامیان بلاوکردەوەو لە چینەوە کە یاندیانە ئیسپانیای ئیستا » وا بزانم ئەمەش قسەیەکی روون و ئاشکرایەو پێویست بە پتر ئاسان کردن ناکات •

سروشتی کۆمەلایەتی ئەنگۆلا

بێ گومان کۆمەل لە چەندین چین و دەستەو توێژ پێك هاتووەو ناکۆکی نێوان ئەو چینانەش بە پێی دەوریان لە کەرتی بەرهەم هێنان و بەرژەوەندی چینایەتی یاندا شتێکی ئاسایی یەو هیچ گومانی لێ ناکرێ •• جا لەم پێشە کی یەوە ئەنگولا یاخود راستتر بلێین کۆمەلی ئەنگولا جگە لەم لایەنەی ، شێوازێکی تری پێوە دیاری ئەکرێ کە لە چوار چێوەیەکی تردا ئەسورێتەوەو دۆخی (زاتی و مەوزوعیش) زەمینە خۆشکەرێکی بە تەوژمی ئەم سروشتە تایبەتی یەن ، شێوازەکەش ئەمەیە : دانیشتوانی ئەنگولا ، ئیستاکە کە مەبەستمان لەوەیە خەلکی بێ گانەی بۆ هێنراوەو تیایدا

بڕوانە ل -٧-

گەلانی ئەمەریکای لاتین دلێرانە بەگژ ئیمپریالیستەکان دائەچن

دیتر کوبورجر پەیامنێری ئاژانسی دەنگوباسی ئەلەمانیای دیموکرات (ئەدن) لەژێر ناونیشانی « گەلانی ئەمەریکای لاتین بەرەی دژ بە ئیمپریالیزم پێك ئەهێنن » راپۆرتێکی بووسیوە • وە ئاژانسی ئەدەن ئەو راپۆرتەی بەعەرەبی بۆ ناردوین وابەشێکی بەدەسکاری یەوە بلاوئەکەینەوە :-

لەبەرەنگاری کردن و بەگژاچوونی راستەوخۆی ئیمپریالیزمی ئەمەریکاو لە دۆخێکی توندو تیژو گرژبووی ناکۆکی کۆمەلایەتی دا خەباتی گەلی دژ بە ئیمپریالیزم لە ناوچەی ئەمەریکای لاتین دا گەشەدەکاتو پەرەدەستێنی • وە پێك هێنانی بەرەو بزوتنەوەی یەکێتی گەلی و هاوپەیمانیەتی خەباتو تێکۆشان ئالقەیەکی گرنگی ئەم پەرەسەندنی تێکوشانەن • وەهەر چەندەش پارتی و رێکخراوەسیاسی و کۆمەلایەتی و گەلی و نەقابەکان هەندێ جار دووچاری هەلە نگوتن ئەبن ، بەلام لەگەل ئەمەش دا رۆژ بە رۆژ ئەو یەکگرتن و پەیمان بەستنەی بزوتنەوە نیشتمانی و پێشکەوتنخوازو گەلی یانە بتەوتر ئەبێ و هەنگاوی گەورە بەرەوپێش ئەنێ • وە ئەنجامی ئەو هەلبژاردنە گشتی یانەی ساڵی ١٩٧٤ لە کۆلۆمبیاو فەنزویلاو کۆستاریکاو سالفادورو نیکاراگواو کۆماری دومنێکان هاتەدی راستی ئەو قسەیەی سەرەوەمان ساغ - ئەکاتەوە •

تەنانەت چوار ساڵ لەمەوبەروە لە دۆخێکی ناخۆش و لەژێر سێبەری حوکمی دیکتاتوری (بودابری)دا لە وڵاتی ئورگوای ، بەرەیەکی گەلی بەناوی (بەرەی یەکگرتووی - فراوان) پێك هات و بەرە لە بەرنامەکەی دا روونی کردەوە کە داوای هاوکاری و کۆمەکی ئەفسەرە نیشتمان پەروەرو چەند بەشێکی بورجوازی نیشتمانی ئەکات وە لە پێناو روخاندنی حوکمە دیکتاتۆریەکەو دامەزراندنی حکومەتێکی نیشتمانی و دیموکراتی داخەبات ئەکات •

وە لە باراگوایو چەندوڵاتێکی تری ناوچەکە بزوتنەوەی بەگژاچونی فاشیزم لە برەودایە ، لە پۆلیڤیا ، کە بە وڵاتی زێرو زیوو مس ناوئەبرێ ، کۆمۆنیستو پێشکەوتنخوازو نەقابەکانی کریکارانی کانزاکان بەرەیەکی فراوانی دژ بە فاشیزمەکانیان دامەزراندوەو جواهێرانە تێ ئەکۆشن •

لە شیلی ، مەلبەندی رەش - کوژی و توقاندنو گرتنو راوەدوونانو حوکمی میلیتاریستە فاشیزمەکان بە سەرۆکایەتی نۆکەری ئالقە لە گوێو (سی• ئا• ئەی)و فاشیزمی نوێ تاوانبار (بینلوچیت) ، هێزەکانی گەل لە دۆخێکی زۆر ناخۆشدا وە لەژێر ناوی (فرینتا ئەنتی فاشیستا) واتە بەرەی دژ بە فاشیزم بەرەیەکی گەلی یان پێك هێناو بە نهێنی رۆژنامەی (ئونیداد ئەنتی فاشیستا) دەرئەکەنو دەستی دلێرانە لە میلیتاریستە خوێنرێژەکان ئەوەشێنن •• هەروەها لە بانگەوازێك دا بەرە داوای لە ، ئەندامانی لەشکرو پۆلیسو پارتی دیموکراتی مەسیحی و لایەنە بورجوازی یەنیشتمانی و رۆلەکانی گەل کردوە کە بێنە ژێر ئالای بەرەو ئەرکی نیشتمانی سەر شانیان بەجێ بگەیەنن و بەگژ فاشستەکان دا بچن •

پێك هێنانی بەرەی پێشکەو - تنخوازو یەکگرتنی هێزە نیشتمان پەروەرەکان دژی - فاشیزمو ئیمپریالیزم لە ئەمەریکای لاتین ، دۆخێکی لەبارە بۆ توندو تیژکردنی خەباتی شۆڕشگێڕانەو تیژکردنی ناکۆکی یە سەرەکی یەکانی نێوان هێزە نیشتمانی یەکانو دوژمنان و بەلایەکاخستنی ئەو مەسەلەیە بە جۆرێك کە خزمەتی بەرژەوەندی بەرەی دژ بە ئیمپریالیستو کۆنەپەرستی بکات ••

توانا
کردویە بەکوردی

سیاسەتی ئیمپریالیزم وئێران لە "خلیج" دا

سیاسەتی دەستدرێژی و بەلەشکر خوڕینی رێژیمی شا لە ناوچەی خەلیجدا بۆ پاراستنی قازانجە نارەواکانی ئابووری و ستراتیژیکی مونوپۆلەکانی ئەوت و وڵاتە ئیمپریالیستەکانی ئەمریکاو ئینگلیس بەڕێوەدەچێ • رێژیمی ئێران بۆ پاکانەی ئەو سیاسەتە ئیدیعا دەکا کە گۆیا گەلانی خەباتکەری ئەو ناوچەیە بەتایبەتی گەلی تیکۆشەری عومان دەیانەوێ پێشی چوونەدەری نەوت لە خەلیج بگرن • لە مانگی ژوئینی ١٩٧٤ دا کونفرانسێك لەلایەن حیزبە کومونیست و کرێکاریەکانو تەواوی حیزب و رێکخراوە شۆڕشگێڕ و دیموکراتیەکان لە بارەی « یەکیەتی وڵاتانی سوسیالیستی و جوولانەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی » ، لە بەغدا گیرا • لەو کونفرانسەدا نوێنەری « بەرەی گەل بۆ ئازادی عومان » لە رووی وتارێك دا پەردەی لە رووی ئەو ئیدیعا فێل بازانەی رژێم لا داو ئامانجە دژی گەلیەکانی ئاشکرا کرد • لێرەدا سیاسەتی ئیمپریالیزم لە بەرژەوەندی یە ئابوری یەکانیان وە بڕیارەکان بەتوندی دژی ئەو هەڕەشەو گوڕەشانە وەستاون کە ئەمەریکا لە وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوتی کردبوو ، وە وای دانابوو کە ئەم هەڕەشانە ئاشتی و ئاسایشی نیو دەوڵەتان دوو چاری شیواوی ئەکەن •

بەیاننامەی داکار

وە لەو بەیاننامەیەدا کە لە کۆتایی کاروباری کۆنگرەکە بلاوکرایەوە وتراوە کە تا وەکو ئێستا یەکسانی یەك لە نێوان پەیوەندی یە ئابوری یەکانی نێو دەوڵەتان دا نیەو تا وەکو ئێستاش نەتوانراوە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێ • وە بەیاننامەکە وتویە ، ئیمە بڕوامان پتەوە کە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەتوانن سەربەخۆیی تەواوەتی ئابوری وە دەست بهێنن ، چونکە ، دوو چەکی کاریگەریان بە دەستەوەیە ، ئەوێش هوشاری وراپەڕیوویی و مافی دیفاع کردن لە داهات و سامانە سروشتی یەکانیان •

بڕیارەکانی کۆنگرە

بە تێکرایی کاروباری کۆنگرەکە هەر لەو وتارانەوە کە بەشدار بوان تیایدا خوێندیانەوە تا وەکو بڕیارو بەیاننامە کە بەسەرکەوتنێکی تری گەلانی سێ یەمی دنیاو وڵاتە تازە پێگەیشتووەکان دائەنرێ • بۆ نموونە سارین چاك وەزیری دەرەوەی حکومەتی یەکێتی نیشتمانی مەلەکی کەمبودیا لە وتارەکەیداوتی :-

« **هەرچەندە گیروگرفتو کۆسپێکی گەورە لەبەردەمدایە بەلام ئیمەی وڵاتانی سێ یەی دنیا لەرێگای سیاسەتی پشت بەخۆبەستنەوە ئەتوانین باری ئابوری و کۆمەلایەتی خۆمان چاك بکەینو پەرەی پێ بدەین** » •

لە لایەکی تریشەوە نوێنەری حکومەتی وەختی شۆڕشی کۆماری خواروی ڤیتنام لەوتارەکەیدا وتی :-

ئەم کۆنگرەیە ، بەتێکرایی مەسەلە بازرگانی و ئابوری و سیاسی یەکانیشمان چارەسەر ئەکات و ئەتوانم بڵێم کە لەسەر بنچینەی خەبات و یەکێتی یەکی جەنگاوەرانەی بەکۆمەل ئەتوانین ئەم مەسەلانە بەلایەکدا بخەین ، هەروەها وەفدەکانی تریش داوای یەکگرتن و رزگار کردنی ئابوری نیشتمانی یان کرد •

ماوەیەك لەمەوبەر لە شاری داکار کۆنگرەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەربارەی مادەو کەرسەی خاو گیراو کاروباری کۆنگرەکە چەند رۆژێکی خایاندو لە کۆتاییدا بەیاننامەیەك و بەرنامەیەکی کار بلاو کرایەوە ••

> **بڕیارەکانی کۆنگرەی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو دەربارەی کەرەسەی خاو**

سەعید کردویە بەکوردی

بەرنامەکانی ئیستیعماری نەخشێکی گرنگی وە ئەستۆ گرتوە • شا بەپاشکاوی دەڵێ : « ئێمە لەم ناوچەیەدا پارێزەری سەدی ٦٠ی سەرچاوە نەوتیەکانی دنیاین • قازانجی وڵاتانی رۆژئاواو ژاپۆن و ئەمریکا لە ناوچەی خەلیجدا بەشێکە لە قازانجی ستراتیژیکی و پارێزرانی هێمنی وڵاتانی ئەو ناوچەیە • بەلام ئەو وڵاتانە ناتوانن بەتەنیایی بەرگری لە قازانجەکانی خۆیان بکەن • بۆیە لەسەر ئێمە پێویستە بەجێ کەیاندنی ئەم ئەرکە وەئەستۆبگرین » •

پرسیار لە شادەکرێ ، ئەو بەرگریە لە بەرامبەرچی دا ؟

شا لە وەلامدا دەڵێ : « هێندێك لەو رێژیمانەی لەو بەری خەلیجن لەوانەیە بەدەستی ئیمپراتیەکان بڕووخێن ئەگەر شورشی عومان سەرکەوێ ، ئێمە دەبێ لە مەسقەت دا کە لە نزیك تەنگەبەرایی هورموزەوەیە ، چاوەڕێی چ پاشە رۆژێك بین ؟ »

بەم جۆرە دەردەکەوێ کە خەباتی گەلانی ناوچەی خەلیج سەری لە شاشێواندووە ، بۆیە رێژیمی ئیران ئاوا بەگەرمی وهەراوی یارمەتی قابووس دەدا • لە مانگی ژوئیەی ١٩٧٢ دا کاتێك کە راوێژکەری سولتان قابووس خەریکی سەردان لە ئیران بوو ، پەیمانێکی لەگەل رێژیم دا مۆرکرد • بەپێی ئەو پەیمانە دەرگای عومان بەڕووی ئیراندا دەکرێتەوەو رێژیمی شا دەتوانی دەست تێوەردانی لە شکری لە عومان دا بکا • دوای مۆرکردنی ئەو پەیمانە حکوومەتی ئیران جێ بەجێ جزیرەی (ام الغنم)ی داگیر کردو هێزەکانی دەریایی و هەوایی ئیران لە ناوچەی (رئوس الجبال) دا دەستیان بەهات و چۆو هەلسوڕان کرد • ئەو هەوڵو تێکۆشانە هەمووی بەنهێنی بەڕێوەدەچوو بەلام بەرەی گەل بۆ ئازادی عومان ئەو کەینو بەینەی ئاشکرا کرد •

٢ - چەکدارانی ئەو رێژیمانە بەجۆرێك کە بتوانن پاسەوانی نە ڤازانجەکانی ئیمپریالیزم بکەن لەم ناوچەیەدا بۆ نموونە عەرەبستانی سعودی بایی پتر لە یەك میلیارد دولار چەکی بە دروست کردن داو حکوومەتی ئیران پتر ٩٦ لە سەدی بودجەی ساڵانە بۆ پێداویستیە کانی لەشکری و چەکو قۆرخانە تەرخان دەکاو لەم دواییانەدا بایی نزیکەی ٣ میلیارد دولار چەکی لە ئەمریکا بە دروست کردن داوە •

٣ - پتەوکردنی پەیمانە لە شکریەکان • ئیمپریالیزم دەیەوێ بەهۆی دامەزراندنی پەیمانە لەشکریەکانی ناوچەیی بەتایبەتی لە نێوان ئیران و عەرەبستانو پاراستنی قازانجەکانی خۆی لەم ناوچەیە بەو وڵاتانە بسپێرێ •

٤ - پاراستنی بەرژەوەبەرانی بەرزی دەوڵەتی و لەشکری کارناسە ئینگلیسیەکان لە « ئەنجومەنی بەرگری بەحرەین » و « ئەنجومەنی بەرنامەدانانی عومان » دا بەشداری دەکەن • کارناسە لەشکری و جاسوسیەکانی ئەمەریکاو ئینگلیس لەزۆر شوێنی ناوچەی خەلیج دا لە کاروباری نێوخۆدا بەشدارن و مەقامی گرنگ و بەرزبەرێوەدەبەن •

٥ - پەیمان بەستن لە نێوان دەوڵەتی ئینگلیس و حکوومەتە ناوچەییەکان دا • ئەو پەیمانەی کە لە نێوان دەوڵەتی ئینگلیس و ئەمیروشێخەکانی ناوچەی خەلیج دا مۆرکراون ، دەبنە هۆی بەهێزبوونی دەستەلاتی ئیمپریالیزمی ئینگلیس لەم ناوچەیەدا •

٦ - دامەزراندن و پەرەپیدانی پێگە لەشکریەکانی ئەمریکاو ئینگلیس • دەوڵەتی ئەمریکا ژمارەی سەربازانی خۆی لەم ناوچەیەدا زۆرتر کردوەو لە بەحرەین دا پێگەی بەحری دامەزراندوە • دیسان ئەمریکا بە هاوکاری حکوومەتی ئیران پێگەیەکی لەشکری لە جزیرەی ئەبو مووسادا بنیات ناوە • دەوڵەتی ئینگلیسیش پێگەکانی خۆی لە (مصیرە) و (صلالە)دا بەهێزتر کردوە •

٧ - سەرمایە وەکارخستنی ئەمریکا لە ناوچەی خەلیج دا ٥ میلیارد دولارو ئینگلیس ٢ میلیارددولار سەرمایەیان داناوە • مەبەست لەو سەرمایە دانانە بێجگە لە قازانجی دراوی ئەوەیە کە وڵاتانی ئەم ناوچەیە بە ئابووری دنیای سەرمایە داریەوە ببەسترێنەوە •

ئەوانە هەموویان رێگا بۆ ئیمپریالیزم خۆش دەکەن کە لە ناوچەی خەلیج دا نەخشێکی کاریگەری هەبێ • ئێستا رێژیمی ئێران لە پەنا سیاسەتی ئینگلیس و ئەمریکا لەم ناوچەیەدا بۆ بەڕێوەبردنی بەرژەوەندی یە ئابوری یەکانیان وە بڕیارەکان بەتوندی دژی ئەو هەڕەشەو گوڕەشانە وەستاون کە ئەمەریکا لە وەستاون کە ئەمەریکا لە وڵاتانی بەرهەم هێنەری نەوتی کردبوو ، وە وای دانابوو کە ئەم هەڕەشانە ئاشتی و ئاسایشی نیو دەوڵەتان دوو چاری شیواوی ئەکەن •

بەیاننامەی داکار

وە لەو بەیاننامەیەدا کە لە کۆتایی کاروباری کۆنگرەکە بلاوکرایەوە وتراوە کە تا وەکو ئێستا یەکسانی یەك لە نێوان پەیوەندی یە ئابوری یەکانی نێو دەوڵەتان دا نیەو تا وەکو ئێستاش نەتوانراوە ئەو مەسەلەیە چارەسەر بکرێ • وە بەیاننامەکە وتویە ، ئیمە بڕوامان پتەوە کە وڵاتانی تازە پێگەیشتوو ئەتوانن سەربەخۆیی تەواوەتی ئابوری وە دەست بهێنن ، چونکە ، دوو چەکی کاریگەریان بە دەستەوەیە ، ئەوێش هوشاری وراپەڕیوویی و مافی دیفاع کردن لە داهات و سامانە سروشتی یەکانیان •

حکوومەتی ئیران ئێستا چەکو قۆرخانەو کارناسی لەشکری و پۆلیسی نهێنی بۆ عومان دەنێرێ • کاربەدەستانی ساواك بۆ پیاوکوژی و راونانی خەلك لە عومان دا نەخشی سەرەکی بەڕێوەدەبەن • لەم دواییانەدا حکوومەتی ئیران ٢٠ هیلیکوپتێری بۆ عومان ناردو هێزە هەواییەکانی لە ناوچەی (صلالە)دا دامەزراند •

هێزەکانی دەریایی و هەوایی ئیران و ئینگلیس و ئەمریکاو تورکیا لە ٢٠ی نوامبرەوە تا ٢ی دیسامبری ١٩٧٣ لەناوچەی خەلیجدا دەستیان بە مانۆڕو خۆنیشاندان کرد • تا ئێستا ناوچەی خەلیج خۆنیشان دانی وا گەورەو بەرینی بەخۆیەوە نەدیوە • ئەو مانۆڕە بەمەو مەبەستە بوو کە هێزی لەشکری ئیران بۆ داگیرکردنی عومان تاقی بکرێتەوە • لەگەر ماوگەرمی ئەو مانۆڕەدا هێزەکانی ئێران لە پێگەی لەشکری « چاەبهار » را بۆ زەفار بەڕێ کران •

رێژیمی دژی گەلی ئیران تەواوی ئەو هەولو تێکۆشانەی خۆی بۆ بەربەرەکانی و سەرکەوتن کردنی شۆڕشگێڕانی عومان جێ بەجێ دەکا • حکوومەتی ئیران بەبیانووی ئەوەی کە جوولانەوەی رزگاریخوازی پێگەیشتوو چوونەدەری نەوت دەگری و کەشتیە نەوت کێشەکان ناتوانن بەئازادی بەتەنگەبەرایی هورموزدا هات و چوو بکەن ، ئەو هەمووتاوانو دەستدرێژیە لە ناوچەی خەلیجدادەکا •

بەلام بەرەی گەل بۆ ئازادی عومان هیچ کاتێك هەنداوکی وای نەهاویشتوە کە نیشانەی پێشگری لە چوونەدەری نەوت بێ • بەرەی گەل بۆیە خەباتدەکا کە گەلی عومان ببێتەخاوەنی سامانی نەوتی خۆی کە لە مێژساڵە مونوپۆلەکانی بێگانە بەتالانی دەبەن • بەرەی گەل هیچ کاتێك نایەوێ رێگای چوونەدەری نەوت لەو وڵاتانە بگرێ لە پێوەندی دۆستانەو بەرامبەریان لەگەل گەلی خەباتکەری عومان دا هەیە •

پڕوانە ل - ٧

institut kurde paris

گریان فێری چیمان دەکا؟

تۆ لێم دووری
دووری دووری
تۆ زۆر دووری ..
خۆ گەر هاتوی من بۆت گریام
ئەو بۆت گریا
هەموو گریاین ..
گریان فێری چیمان دەکا ؟

●*●

وا دەرکرام
لەو هێلانەی
من و تۆی لێ لە دایك بوی
خۆشەویستیت وای لێ کردم
ئازار .. شیوەن .. گرین
هەمووی لە بیر بردم
بوومەتە دیلی چاوی تۆ ..
خۆ چاوی تۆ
فێری هەموو شتی کردم
گریان فێری چیمان دەکا ؟

●*●

جا گیانەکەم
تۆ سەت ئەوەندەش
لێم دوور بی ...
من دێمەوە
مژدەی خۆشیت
بۆ دێنمەوە !!

✧*✧

« کاروانی »
١٩٧٥

لە رۆمانتیکەوە !

شیعری شاعیری شەهیدی بولگاری
فابتزارۆف
رێبوار محمد ئەمین
کردوویە بە کوردی

ئەمڕۆ ئەمەوێ ، چامەیێکی وا بنووسم
کە جێ مردووی ، سەردەمی نوێ
لەناوی‌دا بمەسێتەوە .
باڵەکانی ئەهریمەنی خۆ هەڵکێشەر
کە زەمینی لە سەرەوە تاکو ئەو سەر
گرتۆتەوە ..
لەناوی‌دا بمەسێتەوە
× ×
گریان بۆچی ؟!
بۆچی خەڵکی ؟!
لە پشت رۆمانتیکیەتی مردووەوە
بە خوڕ ئەگرێ ؟!
رۆمانتیکیەت ئەمڕۆ وا
لە ناو بزوێنەرەکان‌دا
کە گۆرانییێکانیان تا ناخی ئاسمانی بێ بن ئەڕوا
× ×
بۆچی رووی خۆتان دەر ئەخەن ؟!
کە لە گۆرانییێك ناگەن
چالاکی مرۆڤی نەمری
لە سەر باڵە پۆلاکانی هەڵگرتووە
× ×
لە پاشە رۆژدا پۆل پۆل فرۆکە ئەبینم
تۆو ئەبارێنن ، وەك باران
لە گۆرانییێکانیان‌دا لە ناخی ئاسمان‌دا
ئازادیی کار هەڵئەقووڵێ
× ×
من ئەبینم چۆن بە سەر زەریادا ئەفڕن
بە سەر هێڵی ئیستیرادا
بە سەر گوندی ئاوەدان‌دا
بە سەر بەفری قوتبی باکور ، بەرز ئەفڕن
× ×
ئالێرەدا رۆمانتیکیەتی نوێ .. لە دایك ئەبێ
شێوەی تەواوی وەرئەگرێ
لە پۆلە فرۆکەکان‌دا دائەڕێژرێ
جا ئەو ساڵە،
وەلامی جیهانی ئەمڕۆ ، ئەداتەوە
لەم لایەوە بۆ ئەو لایەی
لەم لایەوە بۆ ئەو لایەی
بەتاسەوە ..

بامنیش لێـــــرەوە پەنجەیەکی تێ وەردەم!

● محمـــدی مەلا کریم ●

بە پەراوێزی رەخنـــەکانی دلشاد موحەممەد ئەمینەوە لـــە هێمنی کوردستانی :

کاك دلشاد لەگەڵ ئەوەشدا کە بەسەنگ‌و ترازووی‌شاعیرانە وەك خۆی ئەڵێ، هێمنی‌هێناوەتە پای « دادگا » ، لە لەگـــەڵ کۆڵینەوەکەیدا وەك قەشەکانی سەردەمی(بشکنینەوە)ی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپا لەسەر ئەم وشەو ئەو وشە لەگـــەڵی ئەکۆڵێتەوە . گوێ بەوە نادا کە لە شیعردا مەرج نییە هـــەر وشەیەك مەعنا حەرفی‌یەکـــەی بداو زیادەڕەوی دروستەوئەکەر شاعیر لە تافی خۆشی‌یەکدا بڵێ خەم لە دڵما نەما درۆ ناکـــا هەرچەند خـــەم‌و پەژارەیەکـــی زۆری‌کەشی لە دڵـــدا مابێ .. بەداخەوە بەشێکی گرنگـــی رەخنەکانی کاك دلشاد لەسەر ئەم بناغەیە بنیات نراوە .

کەدێتە مەیدانی‌سیاسەتیشەوە کاك دلشاد خۆی لێ ئەکا بـــە دادیار (محامی)ی بەرژەوەندی جووتیاران‌و کرێکاران .

بێ گومان‌مایەی‌خۆش‌بەختی‌یە رۆشن‌بیرێکی‌تریش بێتە بەرەی خەباتەوە بۆ مافی کرێکـــاران‌و جووتیاران ، بەڵام بەمـــەرجێ لەبەر رووناکی‌ی ئەو بیـــرو باوەڕەدا بڕوا بەڕێوە کە رێگای راست پیشان کرێکـــاران‌و جووتیـــاران ئەدا ، واتـــە : مارکسیزم ـ لینینیزم . جـــا ئاخۆ کاك دلشاد ئەم مەرجەی تیا هاتوەتەدی ، یا لێی نزیك بووەتەوە تا خۆشی‌یەکەمان تـــا سەربێ، یاخێر؟ بەداخەوە: نەء.

کاك دلشاد، درێژەی نەدەینێ ئەیەوێ لەو بستە زەوی‌یـــە گەمارۆ دراوە ، لە ســـەردەمی دەرەبەگی‌و لە قوڕقوڕاگـــەی رژێمی سەر بە ئیمپریالیزمی ـ ئێراندا ژیاوەی کوردستاندا کە ساڵێك پتر نـــەژیاو مەودای دەسەڵاتی لە مەهابادو چەنـــد ناوچـــەیەکی دەوروبشـــتی تێ‌نەپەڕیبوو ، کێشەی یەکـــەم بە کێشەی نێوان رەنج‌خۆران‌و رەنج‌خوراوانی ناوخـــۆ دانێ . بێ‌ئاگا لەوەی کە ئیدیای رەنج خوراوان خۆیان رێگـــای هەڵەشـــەیی‌وا ناداو قۆناغی جیاجیای بۆ خـــەبات دیاری کردووەو لێکی‌داوەتەوە کەوا بۆ گەلانی ژێردەستە مەبەســـتی یەکەم وەدەست هێنانی ئازادی‌ی سیاسی‌یەو ، رێگاش بـــەرەی یەکگرتووی هەموو چینەکـــانی گەلەو پاش لێ‌بوونەوە لـــە وەدەست هێنان‌و جێ‌گیر کردنی ئەم ئازادی‌یە ، کێشەی‌چینایەتی ئەبێ بە کێشەی ســـەرەکی‌و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی ـ شان بەشانی پاراســـتنی ئازادی ـ ئەبێ بە شا ئەلقەی ئامانجەکانی خەبات .

دلشاد زۆر سادەو ساکار بە هێمن ئەڵێ تۆ بۆ بە شان‌و باڵی مانگی ساردو سڕو بەفراوی‌ی (رێ‌بەندان) ا هەڵ ئەدەی ؟ هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لەو مانگـــەدا بە چی ئەچێ مادەم هێشتا رووتەو هەتیوی کورد لە سەرماندا چۆقەی ددانیان دێ‌و دادی کۆمەڵایەتی‌یان دەســـگیر نەبوە ؟

بەڕاستی پێشینان راستیان وتوە کە وتوویانە (نیمە مـــەلا دین می‌بەرەد .. نیمە حەکیـــم جان می‌بەرەد) .. نیمـــە مارکسیستیش بە دروشـــمی سەرەڕۆیانەی وەك (یا هیچ ، یا هەموو) ئەیانەوێ هـــەرچی بەرهەمێکی خەباتی خوێنـــاوی‌ی ساڵەهای ساڵە بە هیچـــی دەرکەن چونکە هێشتا ئـــەو ئامانجەی بە خەیاڵی خۆیان دوا ئامانجە نەهاتوەتەدی . دلشادی گرانەتای چەپڕەوی گرتوویش ، پاش دەیان ساڵ خەباتی بـــە ناکام نەگەیشتووی گەلی کورد رێگای خۆی ئەدا بڵێ ئـــەو سەرکەوتنە مێژوویی یە مەزنـــە لەپاشان خەڵتانی خوێن‌کراوەی گەلی کورد کە بە هەزار چەرمەسەری‌و کوێرەوەری دەس خرا، هیچ نەبوو بە هیچ نەئەچوو .. صەد حەیف‌و صەد مەخابن !

ئەنجا خۆزگە کاك دلشـــاد ئەم « چەپڕەوی » یەشی تا سەر بووایە ..

ئەمانوت مادەم مەبەستیەتی « چەپڕەو » بێ هەر ئەکەوێتە سەر رێ‌ی راستی چەپڕەوی .. بەداخەوە چەند دێرێکی پێ‌ناچێ با ئەداتەوەو هیرشێکی بێ‌ئامان لـــەژێر پەردەی « ئیلتیزامی واعی !»دا ئەباتە سەر ئیلتیزام‌و ئەو بنێشتە خۆشەیە ئەجوێتەوە کە چەند ســـاڵێکە لە ریفیز ـ یۆنیســـتەکانی ئەورووپاوە هاتووەو کەوتووەتە سەر زمانی هەندێ « رۆشن‌بیر »ی ئێمەش .. گوایە « هیچ پارتی‌یـــەك ناتوانێ پڕ بە پڕی چینێك جێ‌ی بگرێتەوەو بە قەوارەی تەواوی رەوڕەوەی داخوازی‌یەکان‌رێگەی پێشکەوتن‌و گۆڕان بگرێتەبەر تا سەر » . بێ گوێ‌دانەشێوەی ئاڵۆزی رستە داڕشتنی کـــاك دلشاد کە بەداخەوە بووە بـــە تەوق‌و لە هەموو نووسینەکانیا لە ملی نابێتەوەو ، منیش هەر بۆیە لـــەم دەمەتەقێ‌یەدا « پوختە »ی بیرەکانیم پیشـــان داوەو (سایە) کانیم نەهێناوەـ تەوە ، بڵێم چی ئەگەر کەسێك لە مەیدانێکا ئەوەندە کۆڵی بێ‌و کەچی رووی‌شـــی بێ وا زەق‌و رەوان ئەو شتەی خۆی بە هەڵە لێ‌ی حاڵی بووە بیکا بە ماڵ‌و بیدا بە گوێ‌ی خەڵکا ؟ جارێ کام پارتی‌یە خۆی دەق لـــە جیاتی‌ی چینەکـــەی داناوەو ویســـتوویەتی کوتومت جێ‌ی بگرێتەوە ؟. ئەگەر پارتی‌یـــە بۆرجوازی‌یەکان ئەگەرێ ، بەدەگمەن یەکێکیان تیا هـــەڵ ئەکەوێ خۆی بە پارتی‌ی چینێك بزانێ . هەموو لافی ئـــەوە لێ‌ئەدەن پارتی‌ی تێکرای گەلن‌و ئەڵێن هەموو گەلمان لەگەڵەو بە ناوی هەموانەوە قسە ئەکەن . پارتی‌ی چینی کرێکـــار و جووتیارانی هەژاریشە کە یا بە ناوی پارتی‌ی کۆمۆنیست یـــا کرێکارانەوە کار ئەکـــا ، رۆژۆ شەو دووبارەی ئەکاتەوە کـــە هەرگیز پارتی ناتوانێ جێگەی چین بگرێتەوە . پارتی ، هـــەر پارتی‌یەك بێ ، پێشڕەوی چینە واتە بەشی وریاو تێ‌گەیشـــتوو رێك‌وپێکی چینە. هیچ‌پارتی‌یەك بێ‌چینەکەی هیچی پێ ناگرێ ، بەڵام بایەخی لەوەدایە تائەمیش ئەبێ خەباتی چین رێگای راستی خۆی نادۆزێتەوە . ئەنجا کاك دلشاد ، نازانم‌چۆن وا بەئاسانی ئەتوانێ بڕیار بدا کەوا « هیچ پارتی‌یەك ناتوانێ بە قـــەوارەی تەواوی رەوڕەوەی‌داخوازی‌یەکان رێگای پێشکەوتن‌و گـــۆڕان بگرێتەبەر تا سەر » ؟. هـــەر پارتی‌یەك لە دیاری کـــردنی ستراتیژو تاکتیکی خۆی‌دا بـــە هەڵە نەچووبێ ، « بەقـــەوارەی تەواوی رەوڕەوەی داخـــوازی‌ـ یەکانی چینەکەی خۆی » رێگای پێشکەوتن‌و گۆڕان ئەگرێتەبەر بەڵام تا سەر ، ئەوە هـــەر خاسیەتی پارتی‌ی چینی کرێکارە چونکە بناغەی چینـــایەتی‌ی چینەکانی‌ترلەسەرچەوساندنەوە دامەزراوەو ، چەوساندنەوەش تا سەر نابێ . سەرەنجام چینی کرێکارو جووتیارانی هـــەژار رژێمی چەوساندنەوە سەرەوـ نوخون ئەکەنەوە . لەوکاتەوە پاش ماوەیەك بەش بە حـــاڵی چینی کرێکاریش چینـــایەتی نامێنێ‌و سەرەنجـــام پارتی‌ی چینی کرێکار خۆیشی ئەتوێتەوە چونکە ئەرکی سەرشانی خۆی بەتەواوی بەجێ‌هێناوەو کۆمەڵ گەیشـــتووەتە رادەیەکی‌وای بێشکەوتن پێویستی بە پارتی‌و بە دەوڵەتیش نەبێ .

بەڵام ئەمە زۆری‌جیایە لەوەی کاك دلشاد ئەیڵێ . لەقسەکەی کاك دلشادەوە ، یا وردتر لـــە وردتر لە قسەکانی ئایدیۆلۆـ جستەکانی نێو کۆڵۆنیالیزمەوە کە کاك دلشاد وەك هەنگی لـــە داردا دۆزیبێتەوەو وابزانێ‌کەس تا ئیستا ئەمەی نەبیستووە ـ ئەیڵێتەوە ، ئەوە تێ‌ئەگـــەین پارتی هەرچەند شۆڕشگێڕیش بێ ، پاش ماوەیەك بۆگەن ئەکاو ئەبێ بە « چینێـــکی نوێ »و دەس‌بەرداری ئامانجەکانی خۆی ئەبێ‌و ئەبێتەوە بە شملی شەڕو ئەچێتە گەردنی گەل .. هەر چەند تاقی کردنەوەی تا ئێستای تێکڕای وڵاتە سۆشیالیستەکان درۆیی ئەم بیرەی دەربڕیـــوەو رۆژبەڕۆژیش باشـــتر دەری ئەبڕێ . کاك دلشادیش‌مەبەستی نی‌یە ئەو راستی‌یە لە بەرچـــاو بگرێ‌و هەر ئەوەندەی ئـــەوێ سەتلی ئاوی کردبێ بە ئاوانەی ئاشی ناحەزانی‌بیری مارکیسیزم ـ لینینیزم‌داو ، لە خوا بەزیاد بێ !

بەڵام ئێوە بین ئەوەم بـــۆ لێك‌بدەنەوە ئەبێ کاك دلشـــاد چۆن لە مەعنای (ئیلتیـــزام) بگاو ، بۆ ئەبێ ئیلتیزامی ئـــەو « وریاو رووناك‌بیرانەو واعی » بێ‌و هی خەلك تەوقی عەزازیل بێ چووبێتە گەردنیـــان‌و مارەکەی شێخ هۆمـــەر بێ لێ‌ی‌نەبێتەوە ؟.. بۆ ئەبێ ئەم هەموو خەڵکە مولتەزیمـــە « دەبەنگ‌و تاریك‌بیرو بێ‌ئاگا » بن ، بۆ ؟ کێ‌یە ئەتوانێ ئـــەم بڕیـــارە بداو نەترسێ دڵی لێ‌بدا ؟

کاك دلشاد گەلێ نموونەی بۆ ئەوە هێناوەتەوە کە لە شیعری هێمن‌دا دروشمی ناو خۆبیشان‌ـ دان بە زەقی دیارە. ئەمە ڕاستە وایە . بەڵام من ئەمەوێ نـــەوە بپرسم ئاخۆ حەرامە ئەگەر لەناو حەشاماتێکی چـــەند هەزار کەسی‌دا لە ئاهەنگی هەڵکردنی یەکەمجاری ئاڵای کوردو کوردـ ستانا شاعیرێك ئەوەندەی‌تر گڕ بەر بدانە دڵی ساڵەهای ساڵ سوتاوی‌انو هاوار بکەبۆ ژیانی سەرکۆمارو دیموکرات‌و مەرگی دوژمنانی کەئەوەو وڵاتەکەی ؟ وە ئاخۆ ئەگەر شیعری‌وا نەڵێ ئەبێ شیعری چۆن بڵێ بـــۆ ئەو هەزاران کەسە : شـــیعری دڵداری یان شیعری ڕوانگەیی ؟ ئێمە مافی ئەوەمان هەیە ئەگەر هێمن وتی ئەم شیعرانەم شیعری بۆنە نین‌و شاکاری ئەدەبین ، بڵێین نەخەیر هیچ وا نی‌یە . بەڵام بڵێین‌و بە دوو هێڵی ڕاست‌و چەپ هەمووی بکـــۆژـ ئێنینەوە چونکە وەك مەولـــەوی‌و سالم‌و گۆران لـــە دەروون‌و ئافرەت‌و جوانی نادوێن ، ئەمـــە بە هیچ سەنگ‌و ترازوویـــەك ڕەوای حەق نی‌یە .

پرژی هێرشی کاك دلشـــاد تاقە چرایەکی تاریکســـتانی سەدەکانی ڕابوردووی کـــوردـ ستانیشی گرتووەتەوە . بـــە قسەی کاك دلشاد بێ حاجـــی فادری مەزنی کۆیی کـــە وتوویەتی :

ئەگەر کوردێ زمانی خـــۆی نەزانی
موحەققەق داکی حیزەو بابی زانی

بەوە بووە بە بیر تەســـك‌و شۆڤێنیست‌و خزمەتگـــوزاری ئیمپریالیزمی جیهانی .. بەڵێ دلشاد ئەم تاوانانەی ڕاستەوخۆ وەپاڵ هیمن داوە کە ئـــەم مەعنایەی حاجی‌ی لە شـــیعری خۆیدا دووبـــارە کردوەتەوە . بەڵام دیارە ئەگـــەر بزانین جیاوازی‌یەکی ئەوتۆ لەنێـــوان ئەو سەردەمەی تێکرای کوردـ ستانا کە حاجی ئەو شیعرەی تیا وتوەو ئەمڕۆی کوردســـتانی ئێران (و تورکیا) دا نی‌یە کە هێمن ئەو شیعرەیان بۆ ئەڵێ ، تەنها بەو ئەنجامە ئەگەین کـــە حاجی‌یش (وەك هێمن !) بـــە ڕێگای خزمەتی بیری تەســـك‌و شۆڤێنیـــزم‌و ئیمپریالیزمی جیهانیدا ڕۆیوە ، چونکە دیـــارە ناکاو حەزی خۆی لـــە ئافرەت‌و بیرکردنەوەی لـــە یارەکەی بەئاشکرا ئەخاتە سەر قاقەز .. دلشاد لەوە ناکۆڵێتەوە کـــە هێمن ڕۆڵەی چ چینێـــك‌ـ پەروەردەی چ ناوو هەوایـــەك‌و قوتابی‌ی کام ئیدیایەوە لـــە چ بارێکا وا زیاتر بـــە یادی یارەکەیەوە شیعر ئەڵێ‌و ئـــەم دیاردەیە لەخۆیدا ئەنجـــامی چ قۆناغێکی ژیانی بزووتنـــەوەی نیشـــتمان پەروەری‌ی کوردی ئێران‌و تێکڕای خـــەباتی ئازادی بەخشی ناوچەکەیە .. بۆیـــە ئەیەوێ هێمـــن (پەری) بێ‌و فڕی بەسەر ئـــەم جیهانەوە نەبێ ..

ناتوانم لە هەموو بابەتە بـــۆ ڕەخنـــە لێ‌گرتن شیاوەکانی ڕەخنەکەی کاك دلشاد بکۆڵمەوە .. بەڵام ڕاستتان ئەوێ لەکاتی خوێندنەوەی وتـــارەکانی کاك دلشادا وام‌ئەهاتە بەرچاو هێمن بانێك‌و دوو هەوا هەرگیـــز ناگونجێ ..

دلشاد ئەگەر ڕەخنـــەکەی وا بگرتایە کەوا گەلی کوردی ئێران تاوانباری کـــوردی نەزانینی خۆی نی‌یە ، تاوانبار ڕژێمـــی کۆنەپەرستی تارانە کە گـــەلی کوردی ئێرانی لە مافی خوێندن بە زمـــانی نەتەوەیی بێ‌بەش کردووە ، بێ‌گومان ڕەخنەکـــەی ڕاست‌و بەجێ ئەبوو . بـــەڵام وادیارە دلشاد زیـــاتر ئەوەی مەبەستە ڕەخنە کەلەك بـــکاو مەبەستی نی‌یە ئاخۆ کەلەکەکەی خۆی ڕاگیر ئەکا یان لەخۆیـــەوە ئەتەپێ‌و تیری ڕەخنەکەی ئەگاتە نیشانە یانە ؟

کاك دلشاد لـــە سەرێکی‌ـ کەشەوە ئەیەوێ کێوێکی قـــاف لەنێوان شاعیری تێکۆشـــەرو شاعیری ئادەمیزادا قنج کاتەوە لەوە ناکۆڵێتەوە کەوا ئەگـــەر هێمن ناتەواوی‌یەگی لە مەیدانی دەربڕینی هـــەبێ ئەوەتە درۆ بانێك‌و دوو هەوا هەرگیـــز ناگونجێ ..

دلشاد ئەگەر ڕەخنـــەکەی وا بگرتایە کەوا گەلی کوردی ئێران تاوانباری کـــوردی نەزانینی خۆی نی‌یە ، تاوانبار ڕژێمـــی کۆنەپەرستی تارانە کە گـــەلی کوردی ئێرانی لە مافی خوێندن بە زمـــانی نەتەوەیی بێ‌بەش کردووە ، بێ‌گومان ڕەخنەکـــەی ڕاست‌و بەجێ ئەبوو . بـــەڵام وادیارە دلشاد زیـــاتر ئەوەی مەبەستە ڕەخنە کەلەك بـــکاو مەبەستی نی‌یە ئاخۆ کەلەکەکەی خۆی ڕاگیر ئەکا یان لەخۆیـــەوە ئەتەپێ‌و تیری ڕەخنەکەی ئەگاتە نیشانە یانە ؟

کاك دلشاد لـــە سەرێکی‌ـ کەشەوە ئەیەوێ کێوێکی قـــاف لەنێوان شاعیری تێکۆشـــەرو شاعیری ئادەمیزادا قنج کاتەوە لەوە ناکۆڵێتەوە کەوا ئەگـــەر هێمن ناتەواوی‌یەگی لە مەیدانی دەربڕینی هـــەبێ ئەوەتە درۆ

ناتوانم لە هەموو بابەتە بـــۆ ڕەخنـــە لێ‌گرتن شیاوەکانی ڕەخنەکەی کاك دلشاد بکۆڵمەوە .. بەڵام ڕاستتان ئەوێ لەکاتی خوێندنەوەی وتـــارەکانی کاك دلشادا وام‌ئەهاتە بەرچاو هێمن گیراوەو « موددەعی عام » ئێکی داخ لەدڵی لێ ڕاست بووەتەوە پەروەندەیەکی دوورو درێژی بۆ ئامادە کردوە کە بنیادەم گوێ‌ی لەو پەروەندەیە ئەبێ ئـــەو مەسەلە کوردی‌یەی دێتەوە یـــاد کە ئەڵێ : مێرد ئەگەر لە بیانوو گرتن بێ لە ژنەکەی ، کە ئازد ببێژێ پێ‌ی‌ئەڵێ بو ســـەر ئەجووڵێنی‌و ، کە هەویر بشێلێ پێ‌ی‌ئەڵێ بۆ قنگ ئەلەقێنی !

قسە درێژەی زۆر کێشا . با ئیتر بیبڕینەوە . بەڵام پێویستە لە دوادواییدا ئەوەش بڵێین وتن زۆر ئاسانە . گرنگ ئەوەیـــە بیاو لەبەر ڕووناکی‌ی ڕێڕەوێکی ڕەخنەیی ئاشکرادا ڕەخنـــە بگرێ .. کە ڕەخنەی گـــرت پەیوەندی ڕەخنە لێ‌گیـــراوو کارەکەی بەو بارو هەڵکەوتەوە کە تیاژیاوەو کاری تیا کردووە ـ لە بەرچاو بێ وانەبێ هەر ئەوەمان بۆ ئەمێنێتەوە بڵێین قسە هەزارەو یەکێکی بەکارە .

ڕۆژنامەگەری کوردی وە "١٩٧٠" وگەنجەکانمان

دلشاد محەممەد ئەمین

یانی شارەزا لـــە بابەتە ئەدەبی‌یەکان دا ، یان ئـــەو نووسەرو شاعیرانەی لەئەنجامی تاقیکردنەوەو خوێنـــدنەوەو نووسینی خۆیانەوە خـــاوەن تەجروبەن‌و شارەزان لـــە تاقیکردنەوەنەفسی‌و بیری‌یەکانی ئەندێشەی بەرهـــەم دانان‌و لێکۆڵینەوەو ڕەخنەدا .

وە ئەو گەنجانە هـــەر بەرهەمێکیان بڵاو ببێتـــەوە ، خۆیان بەرپرسیار نین‌و لۆمەـ نا ـــرێن لەســـەر لاوازی بەرهەمەکانیان بەڵکە بـــەڕێژە بەرانی ڕۆژنامەو گۆڤارەکـــان‌و ئەوانەی بۆیان بڵاو دەکەنـــەوە لێپرسراون ، دەتوانین لەســـەر لاوازی بەرهەمێك یەخـــەیان بگرین‌و بڵێین : گەر فلانەگەنج شتەکانی بەکەلك نایـــەت یان لاوازە بۆ بۆی بڵاو دەکەنەوە ! بۆ پشتی دەگرن‌و دەری دەخەن پاشان هۆی چی‌یە کە نوقمی لەبیر چوونەوەی دەکەن ..؟!

با لێپرسراوانی گۆڤـــارو ڕۆژنامە کوردی‌یێکان ئـــەو تێبینی‌یانە ڕەچاوبکـــەن وە گەنجانیشتمان هەروەها دڵگیـر نەبن لە بینینی ناوی خۆیان لە پۆستەی خوێندەواران‌دا، چونکە گلان‌و شت بۆ بڵاو نەکردنەوەو ناو لە پۆستەی خوێنـــەران‌دا دەرچوون‌شتێکی زۆر ئاسایی‌یەو «شەرمە »نی‌یە بەڵکە ئەمی‌تریانە .. واتە تاقیکردنەوەیێکی زۆر پێویستە وە بەبڕوای من‌گۆشەی خوێنەران ئەو مقەستەپێویستەیە کە ریشووی خوێن گـــەرمی‌و لەخۆ بایی‌بوون‌و خۆ بەشـــت زانینی زیاد لـــە پێویست ـی گەنجانەیی دەقرتێنێ‌و رێـــك‌و پێکی دەکات‌و ڕۆژێ دێ میوانی پۆستەکە خۆی ستایشی ئـــەو میوانداری‌یە دەکات کە ڕەنگـــە ئێستا پێ‌ی قەرس بێ .

وا بە بۆنەی ســـاڵی نوێ ـ ١٩٧٥ ـ وە زۆر بـــەدڵ شادی‌یەوە زنجیـــرە ووتارێك پێشکەش بە خوێنەران‌و گەنجە خزمەتگوزارەکانی ئەدەب دەکەم وە هەوڵ دەدەم بەشێوەیێکـــی زۆر ساکارو لەسەرخۆو سادەبێ تا زیاترین ژمارە کـــەڵکی لێ‌وەربگرین ئـــەو زنجیـــرە ووتارەش لە چەند بەشـــێك‌دا دیاری دەکەم بەشی یەکەم کە لە ژمارەی داهاتووەوە دەســـت پێ‌دەکات دەربارەی ئـــەدەب‌و ڕەخنەی ئەدەبی‌یـــە وە ئامادەـ کراوی کتێبە نوێ‌یەکەی دوکتۆر محەمەد مەندوورە شان بەشانی شی‌کردنەوەی خـــۆم‌و تێبینیم دەربارەی .

گۆڤارو ڕۆژنامەو کتێبـــی کوردی هاواری مانـــەوەو بازاڕ کەسادی‌و نەبوونی خوێنـــدەوار دەکەن ، وە ئـــەم هاوارەیان شتێکی نوێ نی‌یـــەو لەمێژەوە ئەو نەخۆشی‌یە بەرپایە .

هەرکتێب نووســـێك دەبینی گرفتاری نەبوونی خوێنـــدەوارو نەبوونی کتێب‌کڕ دەکاو هـــەر زیانی تاقی‌کردنەوەی یەکەمیشی بەسە بۆ ئەوەی ئیتر تۆبە لـــە کتێب چاپ‌کردن بکات .

هەر ووتار نووس‌و ڕۆژنامە گەرێك دەبینی گرفتاری دیسان نەبوونی خوێندەوارو گـــەلێ شتی ترە کەگوایێ لە فـــلان ووتاردا فیسارە خاڵی گرنگی باس‌کردووەو واچاوەڕوان بووە ببێ‌بەهەراو خەڵکی لە ئەنجامی مشت‌و مڕێکی زانستی‌یانـــەدا بگەنە مەبەست ، کە چی ووتار بڵاو بۆتەوەو کەس بەکـــەسی نەزانیوەو هەر باسیش نەکراوە

ئەو قسانەتارادەیێك راستن‌و باری کەلچەری‌ی ئێمە ئاشکرایە کە چۆنەو چەلکی چۆن ئێستەش بەدوای فەتحی قەڵای خەیبەردا دەکەڕێ‌و ئا کتێبـــێکی نوێ دەفرۆشرێ سەد کتێبی‌حەکایەتی چل‌تووی دەفرۆشرێ بەڵام بەو شێوەیەش نی‌یە کە بەبێتـــە بیانووی دەستی کتێب نووس‌و ڕۆژنامەگەرەکان یان ئەوانەی لە گۆڤارو ڕۆژنامـــەی کوردی دا بەرهەم بڵاو دەکەنەوە .

ڕۆژنامەی هاوکـــاری دوو تاقی‌کردنەوەی باشی هـــەیە ، یەکەم : ئەو مشت‌و مڕەی کاتی خۆی بەرپابوو تیای‌دا لەســـەر « ڕوانگە » .

دووەم : ئەو گفت‌و گۆیـــەی لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٤ کـــە تیای دا کرا لەســـەر « تاریك‌و ڕوون » .

بەو دوو تاقیکردنەوەیـــەی هاوکاری پیای‌دا ڕۆیشت ، وە کە لە هەردووکیـــان‌دا خوێنـــدەـ وارێکی زۆر باوەشـــیان بۆ هاوکاری کردەوەو لە شارەکانی کوردستان‌دا بەپەرۆشـــەوە ڕۆژانی هـــەینی چاوەڕوانی هاتنیان دەکرد ، سەلێندرا کە ئەگەر گۆڤارو ڕۆژنامە کوردی یێکان مادەی باشیان تیادا بێ ڕۆژنامەگەری کوردی هاوبەش‌و خوێنـــدەواری باشی هەیە ، وەنەخۆشی کەسادەکە تەنیا لـــە شێواوی پلەی کەلچەری ئـــەو خەڵکە نی‌یە بەڵکە لـــە لاوازی ماددە بڵاو کراوەکان‌و ڕۆژنامە گەرەکانیشمانەوەیە ، ئەوانەی لە گۆڤارو ڕۆژنامـــەی کوردی‌دا ئەمڕۆ ئیش دەکەن دەبن بە دوو بەشـــەوە بەشـــێکیان زۆرەو ئەوانەن کە لێ‌نازانن‌و ئیشیان گۆڤارو ڕۆژنامەکانەو مامۆستاـ دەربارەی .

insitutkurde.com
de paris

فراوان کردن لە پیشەسازی رستن وچنین دا

دەزگای گشتی پیشەسازی رستن وچنین ، لەزوربەی کارگەکانیدا دەستی کردووە بەفراوان کردنیان ،ئەو کارەش بەشێکی لەجێبەجێ کردنی پلانێك کە ئەودەزگایە بۆ زیاد کردنی هەمەجۆر قوماش و دەزووبەن داینناوە ..

سەرۆکی ئەودەزگایە هەفتەی رابردوو ،رایگەیاندووە کە ئیستا خەریکی جێبەجێ کردنی پرۆژەی قوماشی پۆلستەرەن دوای تەواو بوونی پرۆژەکە لە بارێدا ئەبێت هەزارو ٧٥٨ تەن لەوجۆرەقوماشە بەرهەم بهێنێ .

وە ئیستا کۆمپانیای گشتی رستنی لۆکە لە پارێزگای واسیت خەریک لێکولینەوەی پرۆژەی دامەزراندنی کارگەیەکە بۆ کەلك وەرگرتن لە سەرە بڕشت وکردنی ئەوسەر بڕشتانە بە دەزوی ئەستور ، بەتەواو بوونی ئەو پرۆژەیە لەبار دا ئەبێت ساڵی ٩٥٠ تەن دەزوی ئەستوور لە سەربڕشت و پەتك بەرهەم بهێنرێت .. وەئەوەشی راگەیاندووە ، کە دەست کراوە بە جێبەجێ کردنی پرۆژەی فراوان کردنی ئەم کارگەی فەرشەی ئیستا هەیە بۆ ئەوەی وزەی بەرهەمی فەرشی سادەو نەخشاوی لە ١٠٠٪ لە چاو بەرهەمی ئیستاکەیدا زیاد بکات ئەگەر بتوانرێت ، تارادەیەکی ئاوا ئەوکارگانە فراوان بکرێت بەوە ، وزەی بەرهەم هێنانی فەرشی سادەو نەخشداری ، لە ساڵێکدا خۆی دەدات لە ملیونێك و ٥٠٠ هەزار مەترەی چواركۆشە .

ئەو دەزگایە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەی کیسەی پلاستێکی چندراو (پولی برویلین) مونافەسەیەکی خستۆتە روو .. ئەوپرۆژەیە لە تکریتی سەربە پارێزگای بەغداو (قەریە)ی سەربە پارێزگای بەسرە دا جێبەجێ دەکرێن وزەی بەرهەمی ساڵانەی هەریەك لەو پرۆژەیە (٥٠) ملیون کیسەدە بێت ، ئەمە جگە لە فراوان کردنی وزەی بەرهەم هێنانی کارگەی بەغدا بۆ ئەوەی لە باتی ٣ ملیون کیسە لە مەولا وزەیەکی وا هەبی کە ساڵی ٢٠ملیون کیسە دروست بکات بۆ گوا ستنەوەی (سەمادو) گەلێك کەلوپەل و کەرەسەی تر .

بروانە ل - ٧

پرۆژەی پایەی کۆنکرێت دروست کردن

رۆژی ٢٢ی ئەم مانگە سەرۆکی دەزگای گشتی نەخشەی دامەزراندنی پیشە سازی ، لەگەل یەکێك لە کۆمپانیە گەورەو بەناوبانگەکانی جیهاندا رێکەوتن نامەیەکی مۆرکردووە، بۆ جێبەجێ کردنی دوو پرۆژەی پایەی کۆنکرێت دروست کردن لە پارێزگای بەسرەو نەینەوا دا پرۆژەکەی پارێزگای نەینەوا لە (پادوش) بنیات دەنرێت .

یەکەم پرۆژەیان ، کە لە پارێزگای بەسرەدا جێبەجێ دەکرێت ، ئەوپرۆژەیە دوو ملیونو ٧٠٠ هەزار دیناری بۆتەرخان کراوە ، بەڵام جێبەجێ کردنی دووهەم پرۆژەیان دوو ملیونو ٦٢٠ هەزار دیناری

بروانە ل - ٧

ئاوەدانی کردنەوەی ٦ گوندی هاوچەرخ لە پارێزگای هەولێر

لیژنەی ئاوەدانی گوندیهاتەکان ،لە پارێزگای هەولێر دەستی کردووە بە ئاوەدان کردنەوەی ٦ گوندی هاوچەرخ (العصری) بۆ جێبەجێ کردنی ئەو مەبەستە دەوروبەری پێنج ملیون دیناری تەرخان کردووە .

ئەوگوندانەش بریتین لەگوندی هەنجیرۆك ، کەوانیازە لەم دێیەدا ٥٠٠ خانوودروست بکرێت ، گوندی سییران ، لە میشیاندا ٧٠٠خانوو دروست دەکرێت ، هەروەها دێی بیرزین ٤٠٠خانوو لەم گوندەدا دروست دەکرێت ، وە وانیازە لەگەل ئەوگوندانەدا لە دێی کانی قرژالە دا ٤٠٠ خانووبەرەدروست بکرێت وە لەگەل ئەوگوندانە دا ، لە گوندی کولکین دا ٣٥٠ خانووبەرەی تیادا دروست دەکرێت ..

وابە هیوان کە کاروباری ئەوپرۆژەیە لەماوەی ٢٤ مانگدا هەمووی تەواو ببێت و هیچ ئیش و کارێکی تیادا نەمێنێتەوە ئەم دیهاتانەش بەمەرامی ئەوە دروست دەکرێن کە جوتیارانی ئەو ناوچانە لەچەند جێگایەکی کەمەدا کۆبکرێنەوە ، نەك وەك ئیستاکە لە گوندی بچووك بچووك و دوور لەیەکدا بژین . بەتەواوبوونی پرۆژەی ئەودیهاتانە لە توانا دا ئەبێت کە هەموومەسەلەیەکی خزمەت گوزاری لە جوتیارانی ئەو دیهاتانەنزیك بکرێتەوە ، بەوەش مۆلەتی ئەوەدە بێت کە جوتیارانی ئەوناوچانە زیاتر پێش خرێن و بەرووبوومی کشت و کاڵیشیان زیاتر بێت .

پلەی یەکەمی ئەوپرۆژەیەکە حالی حازر دەستی پێ کراوە بریتیە لە بنیاتنانی خانووبەرەکانی ئەودیهاتانە ئەو خانووبەرانە هەمووهویەکی حەوانەوەو خۆش گوزەرانی و تەندروستی تیادادەبێت .. بەڵام پلەی دووهەمی پرۆژەکە ، بریتی ئەبێت لەجێگای خزمەت گوزاریە کشتیکان وەك قوتابخانەوخەستەخانەو کتیبخانەی گشتی و بازارو دوکانو قەسابخانەولەم بابەتانە لەگەل دامەزراندنی خەتی کارەبا لەودیهاتانە دا .

واش نیازە لە دواروژێکی نزیکدا هەموو ئەودیهاتانە بە جادەی قیرتاوبەیەکەوەببەسترێت وە ئەوانەش بەناوچەرگەی پارێزگا کانەوەبەیەکەوە ببەسترێت بەو جۆرە تورێك رێگاوبانی هاوچەرخ ئەودیهاتانەو شارەکانی وڵات پێکەوە ئەبەستێتەوە .

١٥ هەزار دۆنم زەوی بەسەر جوتیارانی پارێزگای دهۆك دابەش دەکرێت

١٥ هەزار دۆنم زەوی بەسەرجوتیارانی پارێزگای دهۆك دا دابەش دەکرێت

بەم نزیکانە لە پارێزگای دهۆك ١٥ هەزار دۆنم زەوی و زاری کشت و کاڵی بەسەرجوتیارانی ئەوپارێزگایەدا دابەش دەکرێت .

سەرۆکی یەکێتی یە کشت و کاڵیکانی پارێزگای دهۆك رایگەیاندووە ، کە دابەش کردنی ئەوزەوی وزارانە بەسەر جوتیارانی پارێزگاکەدا بەشێکەلە جێبەجێ کردنی یاسای چاك کردنی کشت و کاڵ ، ئەویش لەپێناوی ئەوە دا کە جوتیاران ببنە خاوەن زوی و زاری خۆیان و بە هیوای ئەوەی کە لە پاشەرۆژێکی نزیکدا زەوی بدرێت بە هەموو چەوساوەکانی وڵات ..

وە وتووشێتی .. ئەوزەوی وزارە کشت و کاڵیانەی لەم وەرزی زستانە دا لە لایەن جوتیاران و کۆمەلی هەرەوزە کشت و کاڵیکانەوە دەستیان بەسەر دا گیراوە ، کراون بەکشت و کاڵ دەورو بەری ٤٦ هەزار دۆنم دەبێت ..

وە ئیستا حاڵی حازر جوتیارانی ئەوپارێزگایەخەریکی ئەوەن کە حەوت هەزار دۆنم تەماتە بڕوێنن لەگەل ٥٠٠ دۆنم چەلتوك دا سەرەرای ٢٠٠ دۆنم چەوەندەر کەلەم زستانەدا چەند بوویان . وەلەلایەکی تریشەوە لەوپارێزگایە دا «١٦» کۆری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری ، بۆ پێاوان کراوەتەوە ، وە بەدەستیشەوەیە چوار کۆر بۆ نافرەتان بکرێتەوە ، ئەویش بۆ ئەوەی بە زووترین کات جوتیاران فێری خوێندەواری بکرێن و ، وایان لێ بێت کە رابێن لەگەل ئەو هەنگاوە سۆشیالیستیانە دا کە وڵات دەیانێت .

هونەر جەلال کۆچەر

رۆژی یەك شەممەی ١٦-٢-١٩٧٥ خوای میهرەبان کورێکی بە هونەرمەند جلال کۆچەرو خێزانەکەی بەخشی ناویان نا (هونەر) هیوادارین تەمەن درێژو بەنازی دایك و باوکی بەروەردە بێت .

کۆلیجی پزیشکی (طب) لە زانستگای سلیمانی

رۆژی ٢٣ی ئەم مانگە لەوەزارەتی پەروەردەی بەرزوو لێکۆلینەوەی زانستی، لیژنەیەك پێك هاتووە ، بۆ لێکۆلینەوەی دامەزراندنی کولیجی پزیشکی لە زانستگای سلێمانیدا .

ئەولیژنەیە دوای ماوەیەکی کەم ئەچنەدیدەنی شاری سلیمانی بۆ ئەوەی لە هەمووبارەیەکەوە توانا و پێویستی ئەو شارە بزانن چەندەو چی یە ،تاوەکو بتوانن لە ماوەیەکی کەمدا پێویستی یەکانی کولیجیکی پزیشکی مەیسەر بکەن و لە زانستگای سلێمانیدا بیکەنەوە .

ئەوی شایانی باسە زانستگای سلێمانی چوارەم زانستگای وڵات دەبێت ، کە کولیجی پزیشکی تیادا کرا بێتەوە .. ئەوکولیجە پێش زانستگای سلیمانی لە زانستگای بەغداو موسڵ و بەسرەدا کراوەتەوە .

لاپەڕە : - ٤ -

وەزارەتی « مواسەلات » ١٦٨ ملیۆن دیناری بۆ پرۆژەی « مایکرۆویف » تەرخان کردووە

ئەوبودجەیەی وەزارەتی مواسەلات بۆ جێبەجێ کردنی پرۆگرامی بەرهەم هێنانی ئەم ساڵی تەرخان کردووە کەیشتۆتە ١٦٨ ملیون دینار ، پرۆگرامەکە لە مانگی نیسانەوە دەست پێ دەکات و لە کۆتایی مانگی کانوونی یەکەمدا کۆتایی دێت .

کاك سەعدون غێدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆرش و وەزیری مواسەلات ، ئەوەی راگەیاندووە کە (١٢٩) ملیون دینار تەرخان کراوە بۆ پەرە پیدان و چاك کردنی شوسەی بەندەرەکانی وڵات ، ئەو پارەیەش بریتیە لەوبودجەیەی کە بەرژەوەندی بەندەرەکانی عیراق بۆجێبەجێ کردنی ئەو پرۆژانەی خستویەتیە بەردەمی وەزارەتی مواسەلات .

پرۆژە گەورەکانی بەرژەوەندی بەندەرەکانی عیراق بریتیە لە دروست کردنی شوسەیەك لە (ئەم قەسر)و (مەعقەل) لەگەل چاك کردن و فراوان کردنی وزەوتوانای ئەو شۆسانەی ئیستاکە لەئیش پێ کردندان ، لەگەل پاك کردنەوەی روبارەکان داتاوەکو وابێ بە چاکی هانو چۆی تیادا بکرێت ، هەروەها بریار وایە لە (ئوم قەسر) یشدا شۆسەیەك بۆ چیمەنتۆ ناردنەدەروە دروست بکرێت .

هەروەها وتووشێتی : پارەدانراوە بۆ کرینی دوو سلنگی ئاویی گەورە ، لەگەل دروست کردنی خانو بەرەیەکی زۆر بۆ کرێکارانی بەرژەوەندی بەندەرە عیراقیکان ، وەپارەش بۆ پاك کردنەوەی (شط العرب) تەرخان کراوە ، هەروەها بۆ پاك کردنەوەی روباری فورات لەو ماوەیەیدا کەئەکەوێتە نێوان چەبایش و ناسریەوە .

ئەمە لەلایەکەوە ، بەڵام سەبارەت بە (مواسەلاتی) تەلەفۆن و بێتەل و بروسکەو پۆستە ، وەزیری مواسەلات ئەوەی راگەیاندوە کە : ٣١ ملیۆن دینار بۆ ئەوجۆرانە تەرخان کراوە کە هەندێکیان رێکەوتن نامەیان لەسەر مۆر کراوە ، وە هەندێکی تریشیان لە ماوەیەکی کەمدا لەسەریان رێك دەکەون .

گرنگترین پرۆژەی مەیدانی تەلەفۆن بێ تەل ، بریتیە لە پرۆژەی (کیبلاتی) ژێرزەویی ، لەگەل بەیەکەوەبەستنی پارێزگاکانی وڵات بە تۆڕێکی مایکرۆویف و تلەکس لەگەل پرۆژەی خانووبەرە دروست کردندا لە زوربەی پارێزگاکانی وڵاندا .

وە ئەوەشی وتووە .. کە ئەوپارەیەی بۆ بەرژەوەبەرایەتی فرۆکەوانی مەدەنی نشتی تەرخان کراوە ، خۆی داوە لە ٨ ملیون دینار ، ئەویش بۆ تەواوکردنی فرۆکەخانەی بەغای دەولی و ئامادە کردنی کەرەسەی خستنەکاری ئەوفرۆکەخانەیە ، لە گەل دروست کردنی چەند بنایەتێك بۆ دایرەکانی (ئەنوای جەوی)و نیشتەجێی فەرمانبەرانی ئەودایرەیە لە بیجی و بەلاو خانەقین و بەسرە . وە ئەوەشی بەدەستەوەیە کە لەگەل جێبەجێ کردنی ئەوپرۆژانەدا ، ئوتیلێکی گەورەی لەچاکەکان لە نزیك فرۆکەخانەی بەغای دەولی یەوە دروست بکرێت ، ئەو ئوتیلەیەکێك ئەبێت لە ئوتیلە هەرباشەکانی وڵات و ٢٠٠ هۆدەی تیادا دەبێت .

تاقی کردنەوەی سەری ساڵ

سەرۆکایەتی لیژنەی باڵای تاقی کردنەوەی گشتی ، لە وەزارەتی پەروەردە لە ئیستاوە رۆژەکانی تاقی کردنەوەی سەری ساڵی بۆ هەرسێ پلەکەی خوێندن سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی ، دیاری کردووە .

لە رۆژی یەکی مانگی حوزەیرانی داهاتۆوە تاقی کردنەوەی بەکەلۆری قوتابخانە سەرەتاییەکان دەست پێ دەکات ئەوتاقی کردنەوەیە شەش رۆژ دەخایەنێت .

رۆژی نۆی مانگی حوزەیران تاقی کردنەوەی بەکەلۆری قوتابخانە ناوەندیکان دەست پێ دەکات ، ماوەی تاقی کردنەوەی ئەمان ١٥ رۆژ دەخایەنێت .

رۆژی(١٠) دەی حوزەیرانیش تاقی کردنەوەی قوتابخانە ئامادەیەکان دەست پی دەکات و

چەند پێشانگایەکی نوێی کۆمپانیای ئەفەریقی

کۆمپانیای ئەفەریقی وای نیازە لە رۆژی ١٧ی مانگی نیسانی داهاتوودا ، سێ لقی نوێ بۆ کۆمپانیاکەی لەپارێزگای واسط و دهۆك و موسەنا دا بکاتەوە ..

وە لە پارێزگای نەینەوا شدا نیازی وایە لقێکی نویی بکاتەوە بۆ فرۆشتنی کەلوپەلی کارەباو روناکی مەنی ، وابە تەمایە هەر لەو مانگەدا لەنەجەف لقێکی تایە فرۆشتن بۆ کۆمپانیاکەی بکاتەوە لەگەل ئەو لقانە دا کۆمپانیای ئەفەریقی لە پارێزگای بەغداش چەندلقێکی تر لە ناوچەی مەنسورو سەورەو ساڵحیەو سنك و کەرادەی شەرقیەدا بۆ کەلوپەلی سوپێری ئۆتۆمبیل بکاتەوە .

کۆرەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری پیشانگا دەکەنەوە

لە ژێر چاودێری وەزیری پەروەردە دا لە رۆژی ١٩ی مانگی نیسانی داهاتوو دا کۆرەکانی قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری پیشانگایەك بۆ بەرهەمە دەست کردەکانیان دەکەنەوە پیشانگاکە لەپارێزگای قادسیە دا دەخرێتە پێش چاو ، لەو پیشانگایەدا ١٠٠ کۆری قەلاچۆکردنی نەخوێندەواری بەشداری تیادا ئەکەن و بەرهەمە دەست کردەکانی خۆیان ، وەك بەپێی دەست کردو کەلوپەلی چنراو نەخش و نیگارو بەرهەمی ئاسنگەری و دارتاشی دەخرێنە بەرچاو .

عیراق لە کۆبوونەوەکانی یەکێتی بانقە عەرەبیکاندا بەشداری دەکات

عیراق لە کۆبوونەوەی دووهەمی کۆمەلەی گشتی یەکێتی بانقە عەرەبیکاندا بەشداری کردووە، ئەوکۆمەلەیە کۆبوونەوەکانی لە ماوەی ٢٦ی مانگەوە تا ئەمرۆکەکە دوارۆژی ئەو کۆبوونەوانەیە لە بیروت بەستبووی .

لەو کۆبونەوانەدا باسی هەندی شت کراوە ، لەوانە هەلبژاردنی سەرۆك و جێگری سەرۆکی کۆمەلەکە ، لەگەل بڕیاردان لەسەر پرۆگرامێکی گشتی کە ئەندامانی ئەوکۆمەلەیە ئەمسال پەیرەوی بکەن .. لەگەل ئەم بڕیارانەشدا بریاری لەسەر هەندی کاروباری تر داوەك دانانی (نیزام داخلی) کۆمەلەکە ، لەگەل نیزامی دارایی یدا ..

وەزارەتی « نەقل » ١١ هەزارو ٧٠٠ خانووبەرە بۆ فەرمانبەرانی خۆی دروست دەکات

هەفتەی رابردوو ، وەزارەتی نەقل بڕیاری داوە کە ٣٠ ملیون دینار تەرخان بکرێت بۆدروست کردنی چەند ئەپارتمەنێك ، کە ئەو ئەپارتمەنانە ١١ هەزارو ٧٠٠ شوقەیان تیادا دەبێت ، ئەم شوقانە بەسەر فەرمانبەرو کرێکارانی ئەو وەزارەتە دا ، دابەش دەکرێت ، کە ئەمیش بەشێکە لە جێبەجێ کردنی ئەو پلانەی داینناوە لە پێنج ساڵی داهاتودا (٧٦ - ٩٨٠) جێ بەجێان بکات .

ئەو ئەپارەتمەنانە لە پارێزگای بەغداو نەینەوا وبەسرەدا دروست دەکرێن و شوقەکانی بەسەر کرێکارو شارەزا و سەورو ئەوفەرمانبەرانە دا دابەش دەکرێت کە لەو بەرژەوەندی و کۆمپانیایا نەدا ئیش دەکەن وسەربەو وەزارەتەن .

یادێك لە چەند دێرێك دا.

- جەژنی مامۆستا -

وتراوەو ئەڵێن « مامۆستا مۆمەو ئەسوتێ » بەڵێ مامۆستا وەك مۆم تاریکی رونـاك ئەکاتەوەو خۆشی ئەنوێنتەوە ، پێغەممەران و پێشەواکانی جیهان مامۆستا بوون ، بۆیە شاعیری بەناوبانگ ئەحمەد شەوقی پلەی مامۆستای لەپلەی پێغەمەرانی نزیك خستوەتەوە .

هەرچی خوێنەوارو زاناو داناهەیە هەر بەهۆی مامۆستاوە گەیشتونەتە ئەوراددەیە بۆیە هەمویان سەرجەم قەرزاری مامۆستان . پیاوانی ئایین پێشەواکانی گەلو نەتەوە گەورەی خێزان جۆرە ئەرکێکی مامۆستایی یان لەسەرشانە .

مامۆستای قوتابخانە بەچەکی مێشك و زمانەوە دژی نەخوێندەواری لەخەبات و تێکۆشاندایە ، بەهۆی مامۆستای دڵسوزەوە گەل زووتر بەئامانج ئەگات ، ئەم مرۆڤە لەکاتی خزمەت کردندا سرەوت و دانیشتنی لانیەو بیر ئەکاتەوەو ئەدوێ و فێر ئەکات ومێشك ئەسوتێنی بۆیە بەلاشەی لاوازەوە پێشوازی نەخوشی ئەکات .

ئەو مامۆستایەی پۆلێك پەروەردەئەکات لەتوانایداهەیە گەلێك بەرێوەبەرێت . کۆمەلانی پێشکەوتوو ئەوپەری ریزی مامۆستا کانیان ئەگرن ، ناپلیۆن کە ئیمپراتۆر بوو رۆژێك مامۆستاکەی خۆی بینی کتوپڕ لەعەرەبانەکەی دابەزی و مامۆستای لەتەنیشیت خۆیەوە سوارکرد .

شانازی یە بۆ گەلی کورد کە مامۆستایەکی نەمری وەکو (مەلا کاکە حەمەی حاجی سیف الله)ی لێ هەلکەوت ئەم مامۆستایە پشتی لەماڵ و منداڵ و حەسانەوەی خۆی هەڵ کرد بەتاقی تەنها سی ساڵ زیاتر بۆ قەلاچوکردنی نەخوێندەواری و پێگەیاندنی منداڵی جوتیاران تێکۆشا .

لەبەر ئەوەی مامۆستاکان ملیان بۆ زوردار دانە ئەنواند نەبوونی دەربەدەری و سەخڵەتی و بەندیخانە بوونە هاوڕێی نزیکیان .

لەبەر پیرۆزی و گرنگی پیشەی مامۆستایی لەساڵی ١٩٧٠ بریاردرا رۆژی یەکی ئازاری هەموو ساڵێك بکرێتە جەژنی مامۆستایان .

سلاو بۆ مامۆستا مەشخەڵی رێی ئازادی .
سلاو بۆ جەژنی مامۆستایان رۆژی یەکی ئازار .

نەریمان

دانا احمد عبدالله

شەوی هەینی ریکەوتی ٢٠ - ٢١-٢-١٩٧٥ خوای بەخشندەو میهرەبان کورێکی بەخشی بەکاك احمد عبدالله، موچە خۆر لە دەزگای هاوکاری .. هیوادارین کە تەمەن درێژبێ و بەنازی دایك و باوکی پەروەردە بێ و لە پاشە رۆژ دا رۆڵەیەکی دڵسۆزی خاك و نیشتمان و نەتەوەکەی بێت .

پێشانگای « شیلان » نیشانەیەکی پێشکەوتنی هونەری کوردیە

ممتاز حیدری

**

بەهرەو توانان لەتەك ئەمانە دا بەڕێوەبەری ناوەندی شیلان بۆ بەهەموو جۆرێك یارمەتیان بۆ درێژ ئەکات .

هەروەها لە وەڵامی پرسیارێکی هاوکاری ، خۆشکە نەسرین هونەرمەند دەربارەی ژمارەی قوتابیەکانی کە هاوبەشیان لەم پیشانگایە دا کردووە ووتی : بەگشتی ژمارەیان زۆرە ، بەڵام ئەوانەی بەرهەمی پوخت وباشیان هەیە وڵێرە پیشاندراوون ئەمانەن : « گوڵانە محمد محی الدین ، نەرمین انور ، بەروین سید محمد ، نەسرین احمد ، بەفرین محمد ، نازەنین هاشم ، نازك عبدالفتاح سعاد صدیق ، ندوە بکر ، ئەسلی پیربال » .

هیوادارین لەدوا رۆژا ئەمانە ببن بەهونەرمەندی لێهاتوو وخزمەتی کۆمەڵی کوردەواری بکەن ، لە گەل ئاوات و پیداویستەکانی نەتەوەی کوردمان بۆ ژیانێکی کامەران وسەربەست گەشە بە هونەری کورد بکەن .



● گوڵانە محەمەد ●

٤٠ تابلۆی تێدا بوو ، بەشی ئاوی « مائی » نەخشە کێشان - تخطیط ، تاشین ولقەکانی تر» بە پێچەوانەی ساڵان کە قوتابخانەکانی کچان رۆژ بایەخیان بە هونەری « تطریز» ئەدا ، کەلو پەلی ماڵەوەیان

● نەسرین مەرجان ●

لە پیشانگاکاندا پێش کەش ئەکرد . وەئەمانە لە جیاتی داوو دەرزی مادەی زەیتیان بەکار هێنابوو ، کە زۆر ئاسانترو هەرزانتر دەوستی

٣ - زۆربەی تابلۆکان شەقلی ژیانی کوردەواریان پێوە بوو ، وڕێبازێکی تازە لە شیوازی هونەری نیگار کیشاندا پەیرەو کرابوو .

هونەرمەند خاتوو نەسرین زانیاریەکی تەواوی سەبارەت بە ناوەڕۆك و روخساری پێشانگاکە پێش کەش بە پەیامنێری هاوکاری کردو تێداروونی کردەوە کە لەگەل قوتابیەکانی خۆی زۆر ماندوو کردوەو دەرسی نەزەری وعەمەلی بەیەکەوەی بەستووە ، هەروەها قوتابیەکانیش خاوەن

● بەفرین محەمەد ●

وئامادەیی پێکەوە پیشانگایان رێك دەخست ، لەوانەیە هەندێ توانای بەهرەی باش بووبی ، بەڵام وون دەبوون ئەم ساڵە کە قوتابخانەی شیلان بە تەنیا پیشانگاکەی رێکخستو بەجۆرێکی فراوانیش ، کە بریتی بوو لە چەند بەش وەك « زەیتی کە لەم رۆژانە دا ، قوتابخانەی ناوەندی شیلان ی کچان لە هەولێر پیشانگایەکی هونەری نیگار کیشانی لە هۆلی قوتابخانەی ئەیوبی یەی کچان رێکخست، کە مایەی رەزامەندی وسەرنج راکێشانی کۆمەلانی خەڵك بوو ، بەڵای ئیمەوە پیشانگاکە لە چاو ساڵانی رابوردو جیاوازی هەبو لەویش لەبەر ئەوەی :

١ - مامۆستای هونەر - نیگار کیشان - لە قوتابخانەی شیلان ی کچان ئەم ساڵ خاتو نەسرین مەرجانە کە یەکێکە لەدەر چوانی ئەکادیمیای هونەر وخۆشی دەستێکی باڵای هەیە لەهونەری نیگار کێشاندا ..

٢ - ساڵانی پێشو گشت قوتابخانەکانی ناوەندی



● گوڵانە محەمەد ●

insituttkurdeparis

گۆشەی ئافرەتان

باکەس بە ئاگری کەس نەسوتێ

ئایا رەوایە یەکێك سزابدریت لە سەر تاوانێك کە نەك هەر نەیکردبێت بەلکو تەنانەت لە تواناشیدانەبو بێت کە نەیەلێت روبدات؟

هەمو یەکیکمان بێ گومان ئەلێین نەخێرو هەرگیزیش نابێت ئەوە بکرێت • دەسا لە گەل ئەمەشدا کە هەمومان بە دەم وا ئەلێین کەچی زورجار لە کرداره کانماندا بێ ئەوەی هەستی پێ بکەین بێ گوناهان سزا ئەدەین بو نمونە ، چەندە جار ئیمەی پیاو پەشیمان بوینەتەوەوە یان کەس و کارو هاوریمان پەشیمان کردوتەوە لە هێنانی ئافرەتانی جوانی داوین پاك • بۆ ؟ هەر لە بەر ئەوەی یەکی لە کەس و کاری یان ناوو ناتورەیەکیان بەداووەبووەبەکورتی خراپی یەکێك لەکەس و کارەکانیمان کردوە بە نەوقی عەزازیل و کردومانەتە ملی بەمە صەدان کچانی بی گوناهی بە سزمان لە بەختیاری مال و میردو مندال بێ بەری ئەبن ئەمە هەموی لە بەر تاوانیك کە یەکیکی تر پێی هەلساوە •

خەلقینەهیچ یاساو نەریتیکی بەجێ تەنانەت لیکدانەوەیەکی ساکاریش مافی ئەوە نادات کە یەکێك دو چاری سزای تاوانی یەکێکی تر ببێت با لەمەودوا ئەگەر یەکێکمان خستە تای تەرازوی دادەوەسائیتر ئافرەت بێت یان هەرچەکسیکی تر - تەنیا سزای ئەو تاوانانەی بدەین کە خوی کردوێتی خوا ئەفرموێ « باری یەکێکی کەمەدەن بەشانی یەکێکی تردا » کوردیش ئەلێ « مەرر بەپێی خوی و بزن بەپێی خوی » • ئەگەر ئیمەش لەژن هینان دا پەیرەوی ئەمەمان کرد ئەوا ژمارەیەکی زور لە ئافرەتانی بێ تاوان گەرم و گوری خیزان ئەیانگرێتە باوەش •

- پیاویك -

گۆشەی ئافرەتان

فاضل علی جاف

پاشماوەی ژمارەی پێشو :

پێشەکی ئەگەر مێژووی شانۆ هەر لە سەرەتاوە ناوی چەند ئافرەتێکی تۆمار کردبێ وەکو « جۆکاستای شاژن » لە شانۆگەری یەکەی سۆفۆکلیس « شانۆدیب » یا « میدیای شازادە » لە شانۆگەری یەکەی یوریپیدز « میدیا » یا « لیدی ماکبیس » لە شانۆگەری یەکەی شکسپیر « ماکبیس » یا دیسانەوە شەخسیەتی « کیلوپاترا » لە شانۆگەری یەکەی « ئەنتۆنیوو کلیوپاترا »ی شکسپیر • ئەمانە هەموو چەند نموونەیەکن لەو ئافرەتانەی کە شانۆ نووسە بە تواناکانی شانۆی کلاسیکی باسیان کردوون • ئەگەر تەنیا سەیری ناوەکانیان بکەین ئەزانین کە ئەمانە هەموو شاژن و شازادەن و یا بە شێوەیەکی روونتر هەموو لە چینی حوکمرانی سەردەمی خۆیان بوون و نموونەیەکی زور کەمیش بوون • لە کاتێکا ئافرەتی رەش و رووتو چەوساوەی کۆمەل بە جارێك لە لایەن ئەو نووسەرانەوە لە بیر کرا بوون ، بەلام ئیبسن پەتی ئەم جۆرە پالەوونانەی قرتان و هەر لە ناو جەرگەی کۆمەلەوە ئەو ئافرەتانەی کرد بە پالەوانی شانۆگەریەکانی خۆی کە دوو چاری هەزارەها دەردە سەری ژیانی کۆمەلایەتی ئەبن •

ئەگەر دیزدە مۆنە نموونەیەکی ئەو ئافرەتانەبێت کە شکسپیر لە عوتێل باسی دەکات جێگری ئەم شاژنە لای ئیبسن لە شانۆگەری « مالی بووکەشووشە » دە دۆزینەوە ، ئەویش (نورا) یە کە ژنی فەرمانبەرێکی بچووکەو هەر لە سەرەتاوەش لە خێزانێکی ئاسایی دا پەروەردە بووە ، یا رپیکای « بنەمالەی روزمیر » نموونەیەکی کەی زۆر سەیری پالەوانەکانی ئیبسنە کە هیچ نەسەلەمێتەوە لەوەی کە رپیکا کچی ژنێکی داوێن پیسەوکچی باووکی خۆی نیە بەو جۆرە تیغی رەخنەی خۆی بەرامبەر بە کۆمەل ساو بدات و بیەوێ لەو واقیعەبۆگەنە رزگاری بێت • یا شەخسیەتی لونا لە شانۆگەری یەکەی « گۆلکەکانی کۆمەل » کە ئەو کۆمەلە دوا کەوتووەوولاتەکەی بەجێ دێلێ و نەڕوا بۆ ئەمریکاو لەوێ کتێبێك لە چاپ ئەداو لە تیاترۆگایەك دا گۆرانی ئەلێ و لەویش دا کارئەکات چونکە ئەیەوێ بە ئارەقی ناو چەوانی خۆی بژێت ، یا نموونەی ئافرەتێکی سۆزناك « شهوانی » لە شانۆگەری یەکەی ئەیولیفی بچووك هەر وەها شەخسیەتی (هیداچاپلر) لە شانۆگەری (هیداچاپلر) کە ئافرەتێکی چینی بورجوازی یەو دوو چاری چەندین نەخۆشی سایکۆلۆجی و سیکس بووە • تا وەکو فرۆید گەیشتە ئەوراده یەی کە بلێت « هیداچاپلر » نموونەیەکە لەو ئافرەتەنەخۆشانەی کە ڕقیان لە ڕەگەزی خۆیان دەبێتەوەوهیچ هەستێکیان بەرامبەر بە نێریش نا جولێتەوە ، هەرلە بەر ئەوەشە ئەم ئافرەتە ڕقی لە هەمو پیاوێك دەبێتەوەو گالتەیشی بەوە دێت کە گوایە رۆژێك لە ڕوژان ببێت بەدایك شتێکی تر کە تا رادەیەك سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە کەکاتێ شانۆ گەریەکانی ئیبسن دەخوێنیتەوە هەر لە سەرەتاوەهەست بە قورسایی ئافرەتە پالەوانەکانی ئیبسن دەکەیت وحسابێکیان بۆ دەکەیت لە گەل چاو پۆشی تەواوا بەرامبەربەرابوور دوویان و یا پلەی ئەو چینەی

گۆشەی ئافرەتان

ئافرەت لە دراماى نوکی « ئیبسن »دا !

کە تیایا ژیاوون ، ئەم مەسەلەیە بە تەواوەتی لە شەخسیەتی « رپیکا »ی « بنەمالەی روزمیر »دا روون و ئاشکرا دەبێت ، هەلبەتە هۆی سەرەکی ئەمەش ئەوەیە کە ئافرەت لە شانۆی ئیبسن دا لەگەل بتەوبوونی بناغە درامیەکە « البناء الدرامی » ئەمیش بە هێزتر ئەبێت و ئەبێتە بابەتێکی سەرەکی ، بۆیە لە سەرەتاوە تەنیا هەستێکی سادەی بەرامبەربەژیان و دەوروبەری خۆی هەیە ، بەلام ئیبسن هەر لە سەرەتاوە ئەم هەستە ئاسایی یەی لێ تەلخو لێخن دەکات و وای لێ دەکات کە بەرە بەرە دەست بە پرسیاروەفتاری غەریب و سەراسیمە بەرامبەر بەو واقیعە بکات تا وەکو شانۆ گەریەکە ئەگاتە لووتکەی تەقینەوە جا دەست بەجێ ئەو ئافرەتە وای لێ هات هەموو ژیانی خۆی بە پێوەریکی زۆر تازەو شۆڕشگێرانە بیبینێ • ئەو ژیانە رابوورد و وەی خۆی هەموو باس دەکات و وەکو ئەوەی بە شێوەیەکی زۆر وورد تۆماری کردبێ و ئیستا ئەو لاپەڕە کۆنەفڕی دەدات • چونکە ئیستا بڕوای بە سەرەتایەکی تازەهەیە کە خۆی هەلی بژاردووە بۆیە لە (مالی بووکەشووشە)دا نورا هەلویستێکی زۆر تازەو سەیری بەرانبەر بە (هیلمر)ی مێژوویی ئەبێت کە ئەم پیاوە بەرامبەر بە هەموو چاکەیەکی ئەم ژنە گومان و دوو دلی لێ دەکات تا وەکو ئەگاتە ئەو رادەیەی لە مال دەری بکات ، بەلام کاتی کە مەسەلەکەی لاساخ دەبێتەوە نورای خێزانی ئاشت دەکاتەوە نورا دەست بەجێ بڕیار ئەدات هەر دوومندالەکەی و مالەکەی و کە بیرەوەری هەشت ساڵی ژیانی بووکە شووشەیەتی بۆ بەجێ بێلێ کاتێکیش (هیملر)لێی دەپرسێت « نورا » باسی ژیانی خۆی وەکو ئەوەی تۆماری کردبێ دەکات و بە زووترین کات جانتاکەی هەل دەگرێت و بە دوای ئازادی و سەربەستی خۆیدا وێل دەبێت •

لەگەل ناودارانی جیهان دا

- باخ -

بۆهان سباستیان باخ - ئاهەنگسازی ئەلەمانیایی ساڵی (٦٨٥-١٧٥٠) لە خێزانێکی مۆسیقازان هاتۆتە دنیاوە ••

لەو خێزانە گەلێ مۆسیقازانی مەزن هەلکەوتوە کە لە هەموویان بەناوبانگتر (یۆهان) بوە • هەر لە تەمەنی منداڵیەوە شەیدای هونەری مۆسیقا بوو • بۆ فێربوونی هونەری مۆسیقا چو بۆ شاری (هامبۆرگ) •

(باخ) ناوبانگی لە سەرتاسەری ئەلەمانیا بلاوبوەوە • لە ساڵی ١٧١٧ بوو بە بەڕێوەبەری ئورکێستڕای (دوق ساکس) وە لە ساڵی ١٧١٨ دا سەرپەرشتی ئۆرکێستڕای کۆشکی شای ئەلەمانیای پێ سپێردرا •

وە لە ساڵی ١٧٢٣ چوو بۆ شاری (لایپزیك) تا دوا ڕۆژی ژیانی لەو شارە تەمەنی خۆی بردەسەر ، لەو شارەش دا هەر سەرۆکی ئۆرکێسترا بوو • لەبەر ئەوەی کە (باخ) زۆر باوەڕی بەکلێسا بوو ، بۆیە زۆرترین ئاوازەکانی شێوازەکانیان ئاینی بوون •

(باخ) لە شارەزاترین لێدەرانی پیانۆ دەژمێردرێ ، بەرهەمەکانی ئەو هونەرمەندە بەشاکارە کلاسیکی یەکانی موسیقا دائەنرێن ، وە ناوازی هەرە بەناوبانگی باخ ئەوانەن •

سویتەکانی پیانۆ ، فانتزی کوماتیك وە ئەرسیونەکان ••

بیرل باك

پیرل س• باك - ژنێکی نووسەری بەناوبانگی ئەمەریکاییە • لە ساڵی ١٨٩٢ لە خێزانێکی ئایین پەرست هاتۆتە جیهانەوە ، لەشاری (هلیزبرو)دا کە دەکەوێتە هەرێمی (فەرجینیا) • لە منالیەوە لەگەل دایك و باوکی چوتە وولاتی چین لەوێدا زمانی چینی فێربووە •

وە لە چەند قوتابخانەیەکی چین دا خوێندویەتی و زانستگاشی لە ئەمەریکادا تەواوکردووە •

لە ساڵی ١٩٢٣ دا دەستی کرد بە ئیش کردن لە مەیانەپان و بەرینەکەی ڕۆژنامەگەری دا وە لە ساڵی ١٩٢٥ گەڕایەوە بۆ ئەمەریکاو دکتۆرای لە زانستگای (کرنل) وەرگرت •

بەناوبانگترین کتێبی ئەو خاتوونە (زەمین بەپیتە) کە لە ساڵی ١٩٣٠ دا چاپ کراوەو خەلاتی (پولیترز)ی پێ وەرگرت •

وە لە ساڵی ١٩٣٧ دا خەلاتی ئەدەبی (نۆبلی) وەرگرت •

(پیرل باك) لە نووسەرانی نوێ دەژمێردرێت ، هەموو چیرۆکەکانی باسی ژیان و بەسەرهاتی خۆی دەکەن •

بەگشتی شێوەکانیان وەك چیرۆکی رۆژهەلاتین •

شارەزایی ئەو نوسەرە خاتونە لەوەدا دەرئەکەوێ کە بە جوانی باسی دۆخ و بیرو باوەڕو زروفی گەلانی چەوساوەو خەلکی هەژارو لێقەوماو دەکات •

خانم (باك) گەلێ چیرۆك و رۆمانی نووسیوە بەناوبانگترینیان ئەوانەن •

(زەمین بەپیت) شەمالی ڕۆژهەلات و ڕەشەبای ڕۆژ ئاوا ، (ڕۆلەکان) ، (دایك) (فریشتەی شەڕ خواز) •••

محمد توفیق وردی
کردوویە بە کوردی

هونەر لە سلێمانی

ئازاد مەحمود مستەفا
ناردویەتی

***

مەلبەندی چالاکی قوتابخانەکان لە سلێمانی لە خۆ ئامادە کردنایە ، بۆ بەشدار بوون لە میهرەجانی هەرێمی ئەم ساڵدا ، کە لە نێوان پەروەردەکانی پارێزگا کانی عێراق ئەکرێت •• میهرجانی پەروەردەکانی سەرو لە پارێزگای نەینەوا ئەگێڕێت • ئەوەی شایەنی باسە سلیمانی و هەولێرو دهوك و موصل تیایدا بەشداری ئەکەن •• مەلبەندی چالاکی قوتابخانەکانی سلێمانی لە ٢٣- ٢٤ی ئازار بەرهەمەکانیان پێش کەش ئەکەن •• کە بریتی یە لە :

● ئۆپەرێتی : ئەنجامی ئەژدەهاك : لە هۆنراوەی گۆران ، ئاوازی ئەم ئۆپەریتە لە لایەن مامۆستایان ولیم یوحنا ، خالد احمد ، حسین قەرەداغی یەوە ئامادە کراوە •• هەروەها مامۆستا فەریدون دارتاش بەشداری کردوە لە دەرهێنانی جولانەوەی ئیقاعی ، ئەم ئۆپەریتە مامۆستا بدیعە- دارتاش ، ئامادەی کردوە بۆ سەر شانۆ •••

● لە سنوری هەرێمی عێراقدا پێشنگای - خط - ئەکرێتەوە ، مەلبەندی چالاکی قوتابخانەکانی سلیمانی لەم پێشنگایەدا بەشداری ئەکەن •

بزوتنەوەی هونەری لە سلیمانی

● بەرێوەبەرایەتی پەروردەی سلیمانی ئەم ساڵ هەزار دیناری بۆ چالاکی قوتابخانەکان تەرخان کرد ، پێش کەش ئەکەن ، « مانگرتن » کلیفورد اودنیس نوسیوێتی و مامۆستا کاوە احمد میرزا کردویە بە کوردی شانۆگەری مانگرتن مامۆستا غازی یامەرنی ئامادەی کردوە بۆ سەر شانۆ •••

● لە پێشنگای هونەری وێنەی قوتابخانە سەرەتاییە کانی عیراقدا ، مەلبەندی چالاکی قوتابخانە سەرەتاییە کانی سلیمانی بەشداریان کرد ، مەلبەند لەم پێشنگایەدا خەلاتی یەکەمی وەرگرت ، وە هەژدە خەلات پێش کەش کرا جگە لە خەلاتێکی گەورە کە پێش کەش بە مەلبەندی چالاکی قوتابخانەکانی سلیمانی کرا •

● پاشان پەروردەی پارێزگای سلیمانی خەلاتێکی لە پێشنگای شانکاری دەولیەوە بۆ وێنەی منالان وەرگرت ، ئەو خەلاتەش بەر قوتابی جمال بکر رسول کەوت لە قوتابخانەی مەولانە خالدی سەرەتای کوڕان لە سلیمانی ، ئەوەی شایەنی باسە عیراق تەنها پێنج خەلاتی لەم پێشنگایەدا وەرگرتوە •

● لە سنوری هەرێمی عێراقدا پێشنگای - خط - ئەکرێتەوە ، مەلبەندی چالاکی قوتابخانەکانی سلیمانی لەم پێشنگایەدا بەشداری ئەکەن •

بزوتنەوەی هونەری لە سلیمانی

● بەرێوەبەرایەتی پەروردەی سلیمانی ئەم ساڵ هەزار دیناری بۆ چالاکی قوتابخانەکان تەرخان کرد ، ئەمەش بۆ کرینی ئالاتی موسیقا •• جگە لەوەی سێ سەد دیناری تریشی تەرخان کردوە بۆ کرینی کەل و پەلی وێنە ••

زانکۆی سلیمانی

زانکۆی سلیمانی دوو تیپی مۆسیقای هەیە تیپی مۆسیقای « زێڕین » و تیپی مۆسیقای « زیۆین » ئەم دوو تیپە لە خۆ ئامادە کردندان ، بۆ نۆمار کردنی بەرهەمی نوێ ، لە گۆرانی و مۆسیقا بۆ تەلەفزیونی کەرکوك ، جگە لەوەی لە خۆ ئامادە کردندان بۆ بەشدار بوون لە میهرەجانی زانکۆکانی عیراق کە لە موصل ئەگیڕێت ••

هەروەها زانکۆی سلیمانی شانۆگەریەکیان ئامادە کردوە ، ئەم شانۆگەریە مامۆستا سمکۆ عزیز ئامادەی کردوە •• جگە لەم بزوتنەوانە مامۆستا قادر کوردی خەریکی ئامادە کردنی چەند هەلپەرکێیەکە- زانکۆی سلیمانی ئەم هەلبەرکێ کوردیانە لەو ئاهەنگانەدا پێش کەش ئەکەن ، کە زانکۆ ئامادەی ئەکا ••

هۆلە گەورەکەی زانکۆی سلیمانی لە تەواو بوندایە •• بەرێز سەروکی زانکۆی سلیمانی خۆی زۆر هەولئەدا بۆ تەواو بوونی ئەم هۆلە هۆلەکە بریتی یە لە شانۆیەکی گەورە ، شوێنی تایبەتی هەیە بەشی سەرەوەی هۆلەکە بۆ تۆمار کردن •• پاشان ئەبێت بە شوێنی « ڕۆشنبیری وهونەری » ••

هەواڵەکانی

ئەو کەسەی کە ئەیەوێ ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئەو شارە چی بکات ؟

ئەو کەسەی کە ئەیەوێ ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئەو شارە چی بکات ؟ ئەو کەسەی کە ئەیەوێ ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئەو شارە ئەبێ ئەو شارە ئەو کەسەی کە ئەیەوێ ببێتە ئەندامی ئەنجومەنی شارەوانی ئەو شارە ئەبێ

کتێبی هاوکاری :

مێژووی ماد

٢٠١ دیاکۆنۆف نوسیویەتی
بڕهان قانع لەفارسیەوە کردویە بە کوردی

- ٤٦ -

تایبەتیان بو بێت ، بەڵام بە بی گومان ئەتوانین بڵێین کە هەندێك لەو گۆڕە دۆزراوانە (بە تایبەتی گۆڕی هەشتەم کە بە هۆی - براون -وە هەڵکەندراوە وە یەکێك لەو ئیسقانانە - ئەسکلت - بە ئاستەم دریژ کشابو تیایا وە کاسەیەکی لەژێر سەرا بوو چوار ئیسقان بە چوار مشقیو دوان بە دانیشتنەوە لە گۆشەکانی گۆڕەکەدا نێژرابون)١٠٤ لەوە ئەچێ لە هەندێك کاتا ئەبوایە ژنێش لە لای مێردەکەیەوە بنێژرایە • ئەگەر وا بوایە ئەوە نیشان ئەدا کە ریکخستنی پەرشاهی جێ نشینی مادەر شاهی بوە •

پەیدا بونی حەساری بەرگری لە هەرچوار لای ناوچەکانەوە ئەوە نیشانەی سامان‌داریو بە دەسەڵاتی بووە « (گی - تەپە) ، (تورنگ - تەپە) لە نزیك ئوسترابادی ئێستاوە و لە سەر خاکی هیرکانی کۆن » لەو سەردەمەدا مەرومالات سامانی ڕەسەنیان بووە ، ئەوەی شایانی باسە ئەوەیە کە ژمارەی ئاژەڵ وردەکانی وەکو - بەرازو بزن وە بە تایبەتی مەڕ - بەرە بەرە لە ئاژەڵە گەورەکان زۆرتر ئەبوون ، ئاژەڵداری وردە وزدە لەگەڵ ژیانی خەڵکیدا دەقی ئەگرتو خەلکیش هاوینان ئاژەڵە کانیان ئەبرد بۆ کوێستان زەمینەکان •

لەم ڕۆژگارەدا یەکەمین بەشی گەورەی کۆمەڵایەتی پەیدا بو وە هۆزە شوانکارەکانو کشتوکاڵ پیشەکان پەیدا بون • لە لایەکی ترەوە هەندێك لە هۆزەکان خەریکی بەرهەم هێنانی هەمو جۆرە کەرەستەیەکی سەرەتایی پیشەسازی (وەکو فلزات) بون وە گەلێك پیشەی هەمە جۆرەیان گرتەبەر ، وە ئەم پیشانەش پەیوەند بوو بە ناوچەی نیشتەجێ بونیانەوە •

بۆ نمونە هۆزە کوێستانیەکانی ئەو ناوچانەی کەوتبونە نێوان مادو عیلام (لە لوڕستانی ئیستادا) لە ڕوی پیشەسازیەوە زۆر تەپەدەست‌و لێهاتو بون و گەلێك پیشەیان گرتە دەست •

سەرچاوە نووسراوەکان وا ئەگەیەنن کە لە هەزارەی دووەمی پێش زاینیدا دانیشتوانی ئەو سەرزەمینەی کە دوایی ناویان نا ماد یەك بەزم نەبون ، وە لە ڕوی شارستانیو فەرهەنگەوە دیسان یەکدەست نەبوون ، بۆ نمونە شارستانێتیو فەرهەنگی تەپولگەی گیان (هەلکەندراوەکانی ٤ تا ٢) - لە ڕووی کۆنە شوناسیەوە - لە هی عیلام ئەچێ • فەرهەنگو شارستانێتی (گۆی تەپە) (هەلکەندراوەکانی « دی » و « سی ») کە لە هی گۆتیەکان ئەچێ ، شوێنێکی جیاوازی هەیە ، بەڵام لە هەندێك ڕووەوە لە شارستانێتی قەفقاز ئەچێ • فەرهەنگو شارستانێتی (تەپە حەسار) (هەلکەندراوی ٢) وە تەپولگەی سیلك و (تورنگ تەپە) پەیوەندی بە ئاسیای ناوەڕاستەوەیە •

سەرچاوە نووسراوەکان زۆرتر لە بارەی ئاسیەکانیان (کاسیتە)کانەوە ئەدوێن کە لەو کاتەدا گرنگترینو بەهێزترین هۆزی کویستان‌نشینی ناوچەی زاگروس بون • ناوچەی زاگروس تێکەڵی لەگەڵ فەرهەنگو شارستانیتی بابلیەکان دا هەبوو •

شوێن نیشتەجێی (کاسیتەکان) « بەئاکادی - کاشی - » لە ڕۆژگاری کۆنەوە تا ئەو کاتەی ئەسکەندەری مەقدونی ئیرانی گرت‌کیشوەرە کویستانیەکان بووە کە ئێمە لە جەدوەلەکەی خۆمانا ژمارەی (٨)مان بۆ داناوە • (وآتا لەبەشی ژوروی ئەو ڕوبارانەوە کە دەڕاوە کانیان لە سەردەمی کۆندا کیشوەری عیلامی لێ پێکهاتبو) وە ئیستە پێی ئەڵێن لوڕستان • سەرچاوەی نژادی کاسیەکان لە پەنجا وشەو ناوی تایبەتی‌یەوە وەرگیراوە کە بە زمانی ئاکادی نووسراوەو لە نوسراوەی بابلیەکانو ئاشوریەکاندا ماوەتەوە • هەروەها هەندێك ناوی تایبەتی کە لە ناو سەنەدە بازرگانیو ئابوریەکانی بابلیەکاندا ماوەتەوە وە ئەو نووسراوانەی پادشایان کە هی سەردەمی هەزارەی دووەمی پیش‌زاینی بووە ، بەدەستمان گەیشتوە • ئیستە ئەتوانین ئەم باسە زۆر تر بەڕاست بزانین کە کاسیەکان هۆزێکی کویستان نشین بوون وە پیشەیان ئاژەڵداری بووە وە بەزمانێك قسەیان کردوە کە زۆر لە زمانی عیلامی چووە(١٠٦) •

سەردەمێك وایان ئەزانیو ئەیانووت گوایە کاسیەکان هیندو ئەوروپایی بوون ، وەیان پەیوەندی‌یەکی قولو ئاشنایەتیەکی بەهێزی‌هاوڕەسەنیان لەگەڵ نژادی هیندی‌و ئەوروپا ییدابووە ، کە زمانو فەرهەنگو شارستانیتی ئەوان لە هیندو ئەوروپاییەکانەوە وەرگیراوە(١٠٧) •

بەڵام هەندێك سەرچاوە کە زۆرتر پەیوەندی بەبوارەکانی هیندو ئەوروپایی‌و کاسیەکانەوە هەیە ئەوەندە سستە کە بە هیچ جۆرێك بەڵگەیەکی بەکەڵك لە بارەی پەیوەندی‌نێوان کاسیەکانو هیندو ئەوروپاییەکانەوە نادات بەدەستەوەو بە هیچ جۆر باسیان لێوە ناکات •

- ماوێتی -

له گۆشەی زمانەوانی‌یەوە :

سەرنجێك له نووسینی دووپیتی گودیمانا

مامۆستایانی زمانی کوردی لە قوتابخانە سەرەتاییەکاندا لە هەموو خوێندەوارانی تر ، پتر هەست بە گیرو گرفتو ناتەواوی‌یەکانی ڕێزمانو ڕێنووس‌و دەنگ دەربڕینی بیت‌و ووشەکانی زمانی کوردی دەکەنو منیش یەکێکم لەو مامۆستایانەی کە زمانی کوردی دەڵێنەوەو لەکاتی وانەگوتنەوەدا ڕاستەوخۆ هەست بەو جۆرە ناتەواوی‌و گیروگرفتانە دەکەم‌و سەرنجم ڕادەکێشن •

سەرنجی ئەمجارەم لەسەرچۆنیەتی نووسینی پیتەکانی (پ) و (چ)ە ، وە یاخودبڵێم لەسەر چۆنیەتی نووسینی خاڵەکانی ژێرەوەی ئەم دوو پیتە کوردی‌یەیە •

هەروەکوو لەلای هەموخوێندەوارێکی کورد ئاشکرایە کە ئەم دوو پیتە هەریەکەیان‌سێ خاڵیان لە ژێرەوە دەکرێ ، بەجۆرێکی‌وا ، دوو خاڵ لە ریزیەکتری‌و خاڵی سێیەمیشیان لە ژێرەوەیانەدا ، بەم جۆرە ،ئەمەش لە کاتی فێرکردنی ئەلفو بێ دا دەستی قوتابیانی‌لە سەررا دەهێنرێ ، بەڵام کە دەگەنە پۆلی سێیەمو بەرەوهەوراز ••• داوایان لێدەکرێ بۆ خێرایی نووسین لە جیاتی‌ئەو سێ خاڵە (هەشت)ێکی لە جێ دابنرێ • جا ئەوەی‌سەرنجی قوتابیان ڕادەکێشێو دەمەوێ لە سەری بدوێم ئەوەیەکە زۆر جار قوتابی زیرەك لە پۆلی سێیەمو چوارەمدادەپرسێو پێمان دەڵێ : (بۆ تائێستا سێ‌خاڵمان لە ژێرەوەی‌پ و چ دادەنا کەچی ئێستاوا کردمان بەنیشانەی (٨) • وئێمەی مامۆستاش ناچارین لە وەڵامدا بڵێین : (ئەم هەشتەلە گەیاندنەوەی سێ خاڵەکانەوە دروستە دەبێ !! » قوتابی‌زیرەکی واش هەیە بڵێ : «چۆن هەشت پەیدا دەبێ ؟ خۆ ئەگەرباشتر وایە هەر لەکاتی نووسینی ئەلفو بێی کوردی‌و بیان‌گەینینەوە یەك ئەوا نیشانەیەکی وەك (حەوت)مان بۆ پەیدا دەبێ !) ڕاستە سەرنجی ئەو قوتابیە زیرەکانە زۆر ڕاستە ، منیش بەش بەحاڵی خۆم دانانی نیشانەی (٨) لەژێرەوەیان لە جیاتی سێ‌خاڵەکە بەڕاست نازانم ، چونکە لە گەیاندنەوەی ئەو خاڵانە سێ جۆرە نیشانەمان بۆپێك دێ‌کەچی بەهیچ جۆرێك هەشتیان لێ‌پێك‌نایەت •

لەبەر ئەوە من وا بەباش دەزانم ، لە جیاتی نیشانەی (٨) نیشانەی (٧) بەکاربهێنرێ بەو بۆنەیەی کە لە گەیاندنەوەی خاڵەکانەوە پێك‌هاتووە ، یاخود بەدەنگی (ڤ ، ێ) و دووانیشیان دەنگیان قەڵەو دەبێو دەبن بە (ل ، ڕ) •

هەرچەندە (پ) و (چ)یش بوون بەدوو پیتی سەربەخۆ لە (ب) و (ج) • بەڵام لەدەنگدا زۆر لێکەوە نزیکن وەك‌حیسابی قەڵەو بوونەکەی پیتەکانی‌ترن• ئەمەبوو چەند ووردە سەرنجێکم بەرامبەر گیرو گرفتێکی ڕێنووسی‌کوردی دەیان خەمە بەردەم کۆڕی زانیاری کوردو خوێندەوارانی بەرێز •

عبدالفتاح توفیق
مامۆستای قوتابخانەی حاجی قادری کۆیی لەکۆیە

٣٨ ساڵ لەمەوبەر ، گەڕی‌مۆمی شاعیری کورد ، حەمدی ،کوژایەوە بەڵام ڕووناکیەکەی زۆر شوێنی تاریك‌و لێڵی ،ڕووناك کردۆتەوە و چاویش‌ڕێگای خۆی دیوەو دڵیش پێی شادبووە •

حەمدی ، ناوی (ئەحمەدبەگ)ە کوڕی فەتاح بەگی‌حاجی ئیبراهیم بەگی مەحمود بەگی صاحبقرانە ، نازناوی‌شاعیری (حەمدی)ییە •

یادی « ٣٨ » ساڵەی کۆچی دوایی

- عوسمان فەتاح -

له ساڵی ١٨٧٨ زاینی لە شارە جوانەکەی کوردستان ، لە سلێمانی ، لە دایك بووە • هەر لە منداڵیەوە دەستی بەخوێندن کردووە ، لە قوتابخانەی سەرەتایی‌و قوتابخانەی سەربازی ڕشدیەی خوێندووەو هەروەها لە مزگەوتەکانی سلێمانیش ، شاعیر لە هەموو پۆلەکانیدا ، بە پلەی یەکەم دەرچووە ، تا خوێندنی تەواو کردووە •

حەمدی ، هەر لە سەرەتای ژیانی منداڵیەوە ئارەزووی‌شیعر نوسین‌و خوێندنەوەی کردووە ، بۆیەکەمجار لە تەمەنی ١٤ یان ١٥ ساڵیدا لە ساڵی ١٨٩٠ ز٠دا شیعری ووتووە ، وە شاعیرە زۆر ناخۆش بوو ، چونکە میری ، گشت ماڵەکەی گرتو لێی زەوت کرد ، هەروەها نامەخانەیەکی گەورەی هەبوو ، میری ئەویشی سوتان، بەم چەشنە کردەوەیە ، شاعیر زۆر دڵتەنگ بوو ، چونکە بەرهەمی ٢٤ ساڵەی چ هی‌خۆی چ بۆ ئەو نامە ئەدەبی‌و شیعرەیانەی کە لەگەڵ شاعیری بەرزی بنەماڵەی جاف (تایەر بەگی جاف) دا هەی بوو گشتی بووە خۆراکی ئاگری بێ ئامان •

حەمدی پیاوێکی ئازاو نەترس بووە ، خاوەنی بیرو باوەڕێکی تایبەتی خۆی بووە ، وە لە ژیانیا کەلێ تاڵو سوێری چێشتووە ، جۆری ژیانی خری‌و گەلەکەی لە شیعرە کلاسیکیەکانیدا خۆی ئەنوێنێ ، شاعیرەکانی قوتابخانەی چاولێ‌کەری (مدرسە التقلیدی) ئەدەبی کوردی لە چەرخی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا ، پایەیەکی زۆریان هەبووە ، وە تا ڕادەیەکی زۆر پەیڕەوی ڕێبازی کلاسیکیان کردووە بەتایبەتی ، لە لایەن ماناو مەبەستی شیعرەوە ، بەڵام شاعیری نەمر (حەمدی) هەرچەندە لەلایەن ماناو مەبەستی ، شیعری‌یەوە تا ڕادەك گیانی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی خستە ناو شیعرەکانیەوە • جا ئەگەر کردەوەی شاعیرەکانی پێشو چاولێکردنی ئەو دەستورە بوبێ کە بۆ شیعری کلاسیکی دانرابوو ، کردەوەی ئەدەبی حەمدی ئەوە بوو کە هەندێ ئازادی خستەناو شیعری کوردی‌یەوە وە لەهەندێ شوێنا گیانی شاعیری ئەندێشەی بەسەر ئەقڵدا زاڵ کردووە •

ئەم هەڵبەستەی لە ساڵی ١٩٣٢ ز٠دا وتوە کە لە سەر لافاوە سامناکەکەی سلێمانی نوسیوێتی •••• هتد •

لە ساڵی ١٩١٥ ز٠دا کە ئینگلیزەکان‌عیراقی‌یان داگیرکرد ئەو کاتە ، بەلایەن حەمدی شاعیرەوە زۆر ناخۆش بوو ، چونکە میری ، گشت ماڵەکەی گرتو لێی زەوت کرد ، هەروەها نامەخانەیەکی گەورەی هەبوو ، میری ئەویشی سوتان، بەم چەشنە کردەوەیە ، شاعیر زۆر دڵتەنگ بوو ، چونکە بەرهەمی ٢٤ ساڵەی چ هی‌خۆی چ بۆ ئەو نامە ئەدەبی‌و شیعریانەی کە لەگەڵ شاعیری بەرزی بنەماڵەی جاف (تایەر بەگی جاف) دا هەی بوو گشتی بووە خۆراکی ئاگری بێ ئامان •

حەمدی پیاوێکی ئازاو نەترس بووە ، خاوەنی بیرو باوەڕێکی تایبەتی خۆی بووە ، وە لە ژیانیا کەلێ تاڵو سوێری چێشتووە ، جۆری ژیانی خری‌و گەلەکەی لە شیعرە کلاسیکیەکانیدا خۆی ئەنوێنێ ، شاعیرەکانی قوتابخانەی چاولێ‌کەری (مدرسە التقلیدی) ئەدەبی کوردی لە چەرخی هەژدەهەم و نۆزدەهەمدا ، پایەیەکی زۆریان هەبووە ، وە تا ڕادەیەکی زۆر پەیڕەوی ڕێبازی کلاسیکیان کردووە بەتایبەتی ، لە لایەن ماناو مەبەستی شیعرەوە ، بەڵام شاعیری نەمر (حەمدی) هەرچەندە لەلایەن ماناو مەبەستی ، شیعری‌یەوە تا ڕادەك گیانی قوتابخانەی ڕۆمانتیکی خستە ناو شیعرەکانیەوە • جا ئەگەر کردەوەی شاعیرەکانی پێشو چاولێکردنی ئەو دەستورە بوبێ کە بۆ شیعری کلاسیکی دانرابوو ، کردەوەی ئەدەبی حەمدی ئەوە بوو کە هەندێ ئازادی خستەناو شیعری کوردی‌یەوە وە لەهەندێ شوێنا گیانی شاعیری ئەندێشەی بەسەر ئەقڵدا زاڵ کردووە •

ئەم هەڵبەستەی لە ساڵی ١٩٣٢ ز٠دا وتوە کە لە سەر لافاوە سامناکەکەی سلێمانی

بۆ لاپەڕە -٧-

پۆستەی خوێنەران

کانت :

جاریکی تر پوستەی خوێنەران ئەوە بە خوێنەرە خوشەویستەکانی ڕائەگەیەنێ کە وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی‌و لە سەر ڕیبازگەیەکی دور لە دودڵی‌و لە ڕووداماندو خۆهەڵ خڵەتاندن‌و فێڵ‌کردن لە ئەدەبی کوردی‌و قۆناغی ئیستاو سبەینی‌ی ئەدەبی نەتەوەکەمان دەرگای گفتوگوی دوقۆڵی‌و دەمەتەقێو لیکۆڵینەوەو بەڕاورد کردنی بابەت‌و پارچە ئەدەبیەکانو هەمو ئەو دیاریانەی کە خوێنەرە بەڕێزەکان بۆی ئەنێرن خستۆتە سەر گازی پشت‌و بەپێی بیرولیکدانەوەو بۆچونیکی واقیعانە وەڵامی بابەتەکان ئەداتەوە،هەندێ‌کەس وائەزانن ئەم گۆشەیە لە خزمەت کردن‌و بەجێ هێنانی ئەرکە ئەدەبی‌و میژوییەکانی سەرشانی خۆی بەجێماوە بەڵام ئێمە بەپێی توانامان هەوڵ ئەدەین کە ڕاست‌و ڕەوان وەڵامی خوێنەرەکانمان بدەینەوەو فێڵیان لێ نەکەین بەبەرهەمی خراپ‌و کاڵو کرچ‌و سادەنەلیین ئافەرم‌و خاوەنەکانیان دەسخەڕۆ نەکەین • ئێمە لە ڕوانگەی واقیعی بەرهەمەکەوە وەڵامی خاوەنە کانیان ئەدەینەوە •• وە لە هەمان کاتا هەر خاوەن بەرهەمیك گلەیی بکات ئەگەر بیەوێ‌و بۆمان بکرێ ئامادەین هەمو بەرهەمەکەی بڵاوبکەینەوە لەگەڵ وەڵامەکەیا بۆ ئەوەی وەکو سەنگی محەك خوێنەرە بەڕێزەکان بڕیاری لەسەربدەن•

× کاك بەهرام سابیر :

ئەمە بەشێکە لە شیعرە لەناو ڕەهێلەی زستانا گوڵاڵەی نەوبەهارم دی لە هەوارگەی کامەرانی چەن‌شیوەن‌و گریانم‌دی •• •• •

× کاك ئەمین هەمزە :

ئەم برایەمان نوسیویە ئەڵێ :

ڕۆژی شەممە ریکەوتی ٨-٢-١٩٧٥ قوتابخانەی ناوەندی شیلانی کچان لە هەولیر پیشانگایەکی وێنەیان کردەوەو گەلێك بەرهەمی هونەری نایابی وەکو چونێتی ژیانی خێزانێکی بەختیار ، ئێش‌کردنی کریکارێك لەکارگەدا ، لادێ‌کانی کوردستان ، هەڵپەرکێی کوردەواری‌و چەند نیگارێکی تری کۆمەڵایەتیانەیان نیشان‌دا داخمان ناچێ یەکەم نوسینەکەمان درەنگ پێ گەیشت وەدووەم بەشێوەی ڕیپورتاجێکی تەواو دانەڕیژرابوو تاکو زیاتر سودی لێوەربگرین ••

× کاك بەهادین بێ‌گەرد :

قوربان شیعرەکەتان خراپ نیە بەڵام لەڕوی هونەری شیعریەوە هەندێك کەموکورتی هەیە با لە بەینی خۆمانا بێ•

× کاك کازم عەبدوڵلا کۆیی :

داخمان ناچی شیعرە ڕەنگینەکەتان شان بەشانی ڕەوتی ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆ ناروات بەڕێوە داوای لێ‌بوردن ئەکەین •

× کاك عەبدوڵلا خەلیل :

کاکی‌برا دەسخەتەکەتمان بەباشی بۆ ناخوێندرێتەوە ببورە

× کاك جەلال عەبدولکەریم:

ئەگەر زۆرتر خۆت بەلایەنە هونەریەکانی شیعرەوە ماندوو بکەی بەرهەمەکەت پوخت تر ئەبێ ••

× بۆ خاوەنی « سەربەستی » :

قوربان ئەو شیعرەی کە جەنابت کردوتە بەکوردی لە کاتیکدا وتراوە کە زەمینەی سیاسی ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەمڕۆدا زۆر جیاواز بووە وە ئەو ڕواڵەتەی ئەو شیعرەی بۆ وتراوە ئیستە بۆتە حیکایەت‌و شوێنەواریشی نەماوە •• ئینجا داوای لی‌بوردن ئەکەین •

× کاك نیزام چەلتوکەیی :

شیعرەکەتان ئەگەر بکرێ بەگۆرانی تابعیکی فولکلوری تەڕوپاراوی ئەبێ ، بەڵام بۆ ڕۆژنامە ئەو بۆنو بەرامەی نابێ کە بۆ گورانی هەیەتی

× کاك (دڕکی‌زار) وەکو خوت نوسیوتە :

شیعرەکەتان نامەیەکی پڕ لە خوشەویستیە ، لەمەیانی ڕازو نیازی خۆشەویستانا دوانەکەوتوە ••

× کاکە هیوا :

ئێمە حەزئەکەین هەمو کەسێك پەیوەندیمان لەگەڵا ببەستێو خۆی بەخاوەنی بەشێك لە ڕۆژنامەکەمان بزانێ چونکە دەرگای میوانداری ڕۆژنامەگەریمان هەمیشە کراوەیە •

× کاك ئیبراهیم عوسمان ڕەشید :

شیعرەکەتان هێشتا ماوێتی ببێ بە دیاری سەرڕوی لاپەڕەی ڕۆژنامەکان هەرچەند بیر لە ناوەڕۆکەکەی‌و جۆری دارشتنی شیوەکەی‌و کێش‌و سەرواو سوزەکەی بکەیتەوە پوخت تر ئەبێ •

× بۆ خاوەنی (گوڵێکی سیس‌و ژاکاو) :

قوربان ناونیشانی خۆت نەنوسیوە ••

× کاك بەکر زانا :

شیعرەکانتان ئەوانەیان کە بۆبڵاوکردنەوە ئەشیان بەداخەوە لەگەڵ ڕەوتی ڕۆژنامەگەری ئەمڕۆدا ناگونجێن •



فۆلکلۆر و ڕۆمان

هەوڵێر : ابو بکر خۆشناو

فۆلکلۆر ، واتە بەرهەمی‌گەل ، کە بریتی‌یە لە هەموو جۆرە کردارو خووڕەوشت‌و ئەدەب‌و کەلەپور ، فۆلکلۆر ئاوێنەیەکە ژیانی چینی ڕەش‌و ڕووت پیشان‌دەدات • نکۆڵی لێ‌ناکرێ ، کە زۆر جاری واش هەیە بەشێکی خۆی دەخاتە ناو باوەشی دەرەبەگ‌و کۆلاکەکان‌و ، بەجۆری بیروڕاو هەست‌و نەستیان دەجوڵێتەوە •

(فۆلکلۆر)ی میللەتی کورد ، لە هەموو بارەیەکەوە تا بڵێی دەوڵەمەندەو بەر گوشادە ، ئەوەی بۆ ئێمە دەمێنێتەوە ، تەنیا تۆمارکردنیەتی ،هەتا وەکوو لەفەوتان ڕزگاری بێو ، لە مەیدانی پێشبڕکەدا ، بتوانین بە ماڵەکەمان بنازین •

گومان لەوەدانی‌یە ، فۆلکلۆر تۆمارکردن ، بنچینەیەکی قایمە بۆ بنیات نانی ئەدەبێکی ڕەسەن ، کە لق‌و پۆپەکانی بۆ ئاسمانی شین بڕوات •

جا منیش بەو پێودانگەوە هاتوم ، ئەم چەند پارچە شیعرە فۆلکلوری‌یانەم تۆمار کردوە •

ئەو شیعرانەم ، لە (مام خالند) وەرگرتوە ، کە خەلکی گوندی (پیرەڕەش)ە لە سەرووی ڕۆژهەڵاتی هەوڵێر ، تەمەنی نزیکەی (٧٠) ساڵە ، بەنیازی ڕزگارکردنیان لەفەوتان ،جائێوەو شیعرەکان :

-١-

دەڵێدەن ئاخو ئۆخان
باتێك دەین کە پڕ کووخان
دۆست‌و دوژمن هەرستان(١)
بەپێلەقەو بەمستان
خزم‌و کەس هەموو ڕۆیین
لە گەرمێنێ لۆکوێستان
(شایەر)یکم دڵ بەغەم
خودا داینام لۆبەستان

-٢-

کوردستانم شیرینە
کارگو گۆری چنینە
ئەسلەحان پشەتینە
فیشەکان بجەربینە
(دووربین)نان بلەقینە
لەو تەنگانەم دەربینە
کوردستان زێڕو زیوە
(ئەقر)(٢)و فکرت بپیوە

-٣-

واعومرم دێتو دەڕوا
خۆشی وەهام نەدیوە
بەعام بدەین لە (دۆرێ)(٣)
بەو شاهی ئەستە مبۆرێ
خوایە خۆش بێ کوردستان
ئیللا (تۆرە)(٤)ی دەستینێ

-٤-

ئەگەر بەنێم بۆ تۆ دەمێنم
ماچەکەی دڵم لە تۆ دەستێنم
لە بۆ بالاکەت گیانە نەماوم
نات دەمێ چی‌یە لە بانی‌چاوم

-٥-

دەگەر تۆمە سۆفیلکە
دەوی تەشوت باریکە
بەخوازدنێ خەریکە •••
تەیری بەردەعاسمانان
لەگەل ڕۆحت شەریکە
چەند بەندم هات‌و ڕۆیی
لە- بۆ بەژنێ باریکە ••

-٦-

قەد دوو هەوی(٥) نابێ پێکەوە
ئەو قسەی گۆتم لۆمی شێ کەوە
سەرت زۆر دێشێو دڵ دەبێ‌کەباب
خۆت لێی‌ڕزگارکە ، هاکا زۆر زووە

institut kurde de paris

وەرزش لە هەفتەیەکدا

هەواڵە گرنگەکانی وەرزش

میدیا

تیپی (خریجات) لەکۆڕی پاڵەوانیەتی باسکێت کە پلەی یەکەمی وەرگرت ٠

● پاریس : پاڵەوانی بەلچیکا ئەمیل بۆتمانز پلەی یەکەمی لە راکردنی ١٠ هەزار مەتری لە کۆڕی پاڵەوانیەتی وڵاتانا لەم شارە وەرگرت ٠ وتەو رێگا درێژەی ب (٢٨) دقیقەو (١٢ر٤) ثانیە بڕی ٠

● لە پاڵەوانیەتی « قورس » فرێ دان کە لە شاری ساڵەلیك گیراوە پاڵەوانی ئەمەریکا پراینی ئولدفیلد بە یەکەم پلە بە گەیاندنی (قورسە) کە ب ٢١ متر و ٨ سم سەرکەوت ٠

● فلورەنسا : هەلبژێراوی ئیتالیا لە کۆڕی پاڵەوانیەتی جیهانا بەسەر هەلبژێراوی ئەرویجا بە ٤-١ گۆڵ سەرکەوت ٠

● شەترەنج : هەروەکو لە گۆشەیەکی ڕابوردو دەرمان بڕی کە پاڵەوانیەتی ئەم یارییە لە مابەینی ئەناتۆلی کاربۆف سوفێتی وبۆبی فیشەری ئەمەریکی ماوەتەوە ٠ وا لەئێستاوە فیشەر جمو جۆلی ترسنۆکی توش بوە بەرامبەر پاڵەوانی هەڵکەوتوی سوفێتیو داوای کردوە لە یەکیەتی شەترەنجی جیهانی کە یاریەکە بەگۆیرەی مەرجی ئەو بێو سەرکەوتن بەزیادی دو خاڵ نەك یەك خاڵ دیاری بکرێ ٠

● پاڵەوانیەتی دەریای سپی لە یاریەکانی هەمە چەشنەی وەرزشی لە جزائر لە ٢٤ ئاب تاکو ٩ی ئەیلولی داهاتو ئەخایننیو تاکو ئیستا ١٧ وڵات ئامادەیان پیشان داوە بۆ هاوبەشی کردن لەم کۆڕە کە چوار ساڵ جارێ ئەگیرێ ٠

● ئۆفاری وەرزشی سوفێتی دەری بڕیوە کە پاڵەوانی (بۆکسێنی)ی سۆفیتی ڤالێری بۆنبشتکو لە روداوی ئۆتۆمبیلدا مردوە ٠ پاڵەوانی ناوبراو لە دەورەی ئۆلۆمپیانی جیهانیدا لە تۆکیۆ ساڵی ١٩٦٤ خەڵاتی زیرینی وەرگرتوەو چەن جاریك پاڵەوانیەتی ئەوروپای وەرگرتوە ٠

● یەکیەتی تەنسو یاری مێزی عیراق بریاری هاوبەشی کردنی کۆڕی پاڵەوانیەتی عەرەبی داوە کە لە لیبیا ئەگیرێ هەروەها بریاری داوە بۆ هاوبەشی کردن لە دەورەی کویت بۆ مەشق کردن لە مەیانی فێرکردنو ئامادەکردنی حەکەم بۆ ئەم جۆرە یاریە ٠

● یەکیەتی (قورس) هەلگرتنی عیراق داواکاری یەکیەتی تورکیای بۆ هاتوە بۆ هاوبەشی کردنی دەورەی دوستایەتی وڵاتان لە کۆڕی ئەم یاریە ٠ وداوا کردنەکەی قبوڵ کردو بریاری داوە پێنج پاڵەوانی عیراقی لەم کۆڕە بەشداربن کە لە ناوەڕاستی کانونی یەکەمی داهاتودا ئەگیرێ ٠

● لە سەرداواکردنی وزارەتی لاوانی عیراق چەن تیپێکی یانە وەرزشیەکانی لوبنان گەیشتنە وڵات بۆ

گێڕانی چەن یاریەکی هەمە چەشنە لەگەل تیپەکانی عیراقا ٠

(هەواڵەکانی ناوخۆ)

● لە کۆڕی پاڵەوانیەتی (باسکێت) هەردو هەلبژێراوی کۆلیجی پۆلیسو (خریجات) سەرکەوتن ٠ کولیجی پۆلیس بەسەر کولیجی سوپای ب ٩٤-٦٧ خاڵ سەرکەوت و (خریجات) لەناو لاوانا بەسەر هەلبژێراوی بەغدا ب ٤٠-١٣ خاڵ سەرکەوت ٠

● کرکوك : هەلبژێراوی پەروەردەی کرکوك لەیاری سەللە لە پارێزگای مثنی بەرامبەر هەلبژێراوی پەروەردەی ئەم شارە ب ٢٢-١٠ خاڵ دوڕاندی ٠

● هەولێر :

- تیپی یانەی (تاخی) بەسەرتیپی یانەی سلیمانی بە هیچ گۆل سەرکەوت ٠٠ هەردو گۆڵەکە عونی احمدو اسماعیل کمال کردیان ٠
- تیپی یانەی هێرش لەکاتی سەرلێدانی کرکوك بەسەر یانەی سۆلافا ب ٢-١ گۆل سەرکەوت ٠
- تیپی زانیاری هەولێر لە یاریەکا بەرامبەر تیپی نەورۆز بە ١-٢ گۆل دوڕاندی ٠
- تیپی لاوانی هەولێر بەرامبەر لاوانی بەسرە ب ١-٢ گۆل دۆڕاندی ٠ هەروەها لەگەل تیپی کربلادا ب ١-٢ گۆل دوڕاندیو ئەمەش لە ئەنجامی سەرلێدانی شارەکانی خواروی وڵات ٠ هیوادارین هەوڵ بدا بۆ پیش کەوتن چونکی رێگای سەرکەوتن جار جار دوڕا ندنی تیا ئەبێ ٠
- تیپی ئیسکانو ئازادی لە فوتبۆلێندا بەبێ گۆل بەرامبەر بون ٠
- لە کۆڕی تاقی کردنەوەی تیپەکانی پلەی دوەمی عیراق تیپی (تاخی) هەولێر کە یەکێکە لەو تیپانە سەری لە پارێز گاکانی خوارو داوە ، لە یاریەکدا بەرامبەر تیپی عمارە ب ١ - هیچ گۆل دوڕاندی ٠ ئەنجامی یاریەکانی کەمان تا ئێستا پێ نەگەیشتوە ٠

ئەنگۆلاوسەر بەخۆیی - پاشماوە

جێگیر کراون ، لەسێ جۆر پێك دێن :

● پێست رەشەکان کە رۆژ ئاوایەکان (نیگرۆ)یان پێ ئەڵێن ٠ وەنزیکەی دوومليونو ٢٥٠ هەزار کەسن ٠

● پێست سپی یەکان کە نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەسنو بەر لە نیوسەدەوە بە هۆی هاندانی کۆلۆنیالیزمی پورتوگالەوە لە ئەنگۆلا نیشتەجێ بوون ٠

● سێیەم گەنم رەنگی یەکان کە نەرەش وە نەوەك ئەورووپاییەکان سپینو ١٥٠ هەزار کەسێك ئەبن ٠

ئەم کۆمەڵە سێ رەنگە لە ناو یەکتری ناکۆك و نەگونجاوەدا لە گەڵ دوو مەترسی تر ، کە ئەویش ناکۆکی نیوان سێ بزوتنەوە کەیە کە لە وتوویژی سەربەخۆ بونی ئەنگولادا بەشدار بوونو هەریەکەی رێبازێکی تایبەتی خۆی هەیەو سەر بە دەوڵەتێکی گەورەی دەرەوەیەو بە ئاشکراش ئەو پەیرەوە ساسیەی بڵاو ئەکاتەوەو ئەیەوێ سود لە دۆخی نوێی ئەنگولا وەرگرێ بۆ ئەوەی بە تەنیا خۆی (واتە بزوتنەوەکە) تێکرای کاروباری وڵاتو حوکمرانی بگرێتە بەر دووەمیشیان مەترسی دەرەوە ، جا لە ژێر هەر پەردەیەکدا بێت کە هەڕەشە لە پاشە ڕۆژی سەربەخۆیی ئەو گەلە ئەکات کە بە خوێنی گەشی لاوەکانیو ئارەقی ناوچەوانی هێناویەتە دی ، ئەویش مەبەستمان لەنەخشەو پیلانو جمو جۆلی دەوڵەتە گەورەکانە کە ئەیانەوێ بە کۆمەکو دەست تێکەڵاوی رێژیمە رەگەزپەرستەکانی ئەفەریقاو لە ژێر پەردەی یارمەتی ئابوریو تەکنیکیو دروشمی بریقەداری تردا لوت بژەننە کاروباری ناوخۆی ئەو گەلەو شوێن پێو بنکە بۆ خۆیان مسۆگەر بکەن ٠

هەر چونێك بێ ئەم مەسەلەیە لقو پۆپێ زۆری لێ ئەبێتەوەو هەویرەکەشی ئاوێکی زۆر ئەکێشی ٠ بێگومان رۆژو ئایندەش زیاتر ئەو مەسەلەیە روونتر ئەکەنەوەو وەڵامی پرسیارەکان ئەدەنەوە ٠

سوود لەچەند سەرچاوەو راپۆرتی ئاژانسەکان وەرگیراوە

***

فراوان کردن پاشماوە

وە لە لایەکی ترەوە سەرۆکی دەزگای (رستنو چنینی خوری) ئەوەی روون کردۆتەوە ، کە حاڵی حازر لەکازمیە خەریکی فراوان کردنی کارگەی ١٤ی رەمەزانن خەریکی ئەوەن کە ئەومەکینەو کەرەسانەی تیادا دابمەزرێنن کە ماوەیەکی کەم لەمەو بەرگەیشتۆتە جێگەی پرۆژەکە ئەویش بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەوکارگەیە بگاتە ٣٥٠ هەزارمە ترە قوماش خوریو ٢٥٠ هەزار بەتانیو ١٣٠ هەزار تەن بەن لە ساڵێکا ٠

ئەوەشی وتووە : کە موناقەسەی فراوان کردنی کارگەی ١ی حوزەیران لە کۆمپانیای ناوبراودا ، خراوەتە روو ، بۆ فراوان کردنی ئەوکارگەیە بە جۆرێك بەرهەمی ساڵانەی بگاتە ملیونێك بەتانی لەگەڵ دروست کردنی قوماشی جەرسیدا ٠

**

پرۆژەی پایەی کۆنکرێت پاشماوە

تێ دەچێت ٠ هەردووکیان پێکەوە لە باریاندا رێکەوتن نامەکە ئەوەی تیا دەبێت کە ساڵی ٤٠ هەزار روون کراوەتەوە ، کە پایەی کۆنکرێت بەرهەم ئەوکۆمپانیەی ئەرکی جێبەجێ بهێنن ، درێژی ئەوپایانە لە کردنی ئەو پرۆژانەی گرتۆتە نێوانی ٨-١١ مەترە ئەستۆ ، لە سەری پێویستە کە دادەبێت لەگەڵ جێبەجێ هەموو ئالەتومەکینەو کردنی ئەوپرۆژانەو کەرەسەیەکی ئەوپرۆژانە ئیشیان ، مۆڵەتی ئیش کردن ئامادە بکاتو هەر ئەویش دەخاتە دەست ٢٠٠ کرێکارو ئەومەکینانە بخاتە ئیش کردنو فەرمانبەر کە لەو کارگانەدا چاودێریان بکاتو ئەگەر ئیش بکەن ، هەروەها رێگا پارچەیەکیان شکا چاکی خۆش دەکات کە کارەبا ببرێتە کاتەوە ، وەیا ئەگەر ئیشیان نەکرد بیان خاتەوە ئیش کردن زووربەی دیهاتو لادێکانی ئەمە سەرەرای ئەوەی ئەبێ وڵاتەوە ٠

ئەو کۆمپانیەیە ئەوئەرکانە جێبەجێ بکات تا خۆی ئەوەی شایانی باسە ژمارەیەك لە کرێکارە عیراقیکان دەزگای ناوبراو بەر لەئەم وافیر ئەکات ، بتوانن ئیتر پرۆژانە پرۆژەیەکی پایەی لەوەو دوا ئەرکی بەرێوەبردنی کۆنکرێتی لە ئەبوغرێب دا ئەوپرۆژانە هەلگرن بەبێ جێبەجێ بکەن ، بەرهەم هێنانی ئەوەی ئەوپرۆژەیە ئەوپرۆژەیە سالی ٢٠ هەزار پایەی سالی ٢٠ هەزار پایەی کۆنکرێتیە ، ئەوپایانە بۆ کۆنکرێتیە ، ئەوپایانە بۆ زۆرمەرام بەکار دهێنرێنو زۆر زۆرمەرام بەکار دهێنرێنو زۆر کاروبارو پێویستی مەیسەر کاروبارو پێویستی مەیسەر دەکات ، پرۆژەکە لە ساڵی دەکات ، پرۆژەکە لە ساڵی ١٩٧٣ وە کەوتۆتەئیش کردنو ١٩٧٣ وە کەوتۆتەئیش کردنو بەرهەم هێنان ٠ بەرهەم هێنان ٠

واچاوەرون دەکرێت کە ئەو دوو پرۆژەیە لە ناوە ندی ساڵی ١٩٧٦ دا تەواو ببێت ٠ بەتەواوبوونی پرۆژەکانی ،

سیاسەتی ئیمپریالیزم، پاشماوە

حکوومەتی ئێران نەخشی پارێزەری قازانجەکانی ئیمپریالیزمو مونوپوڵەکانی ئیمپریالیستی وەئەستۆگرتوە ٠ هەر بۆیە لەخەباتو تیکۆشانی خەڵکو یەکهاتنی ئاڵو گۆڕی بنچینەیی لە وەزعی ئەم ناوچەیەدا مەترسیەکی بەکجار زۆری هەیە ٠حکوومەتی ئێران بۆ سەرکوت کردنی خەباتی گەلانی ئەو ناوچەیەو بۆ پێشگری لە هەموو ئاڵو گۆڕێکی دیموکراتیك ،دەست لە هیچ کردەوەیەکی نارەوا ناگێڕێتە وە ٠ ئەوەیە سیاسەتی دژی گەلی ریژیمی شا ٠

تەواوی ئەو خۆنیشان دانو مانۆڕانەی کە هێزە ئیمپریالیستیەکانو کۆنەپەرستە دەستکردەکانیان ڕێکی دەخەن ، بۆ ئاشتیو هیمنی سەرانسەری دنیا مەترسی پێك دێنێ ٠

پێگە لەشکریەکانی ئینگلیسو ئەمریکا لە بەحری عومانو لە خەلیجو ئێرانو عومان دا نەنیا بۆ بەربەرەکانی شۆرشی چەکدارانەی گەلی عومان پێك نەهاتوون ، بەڵکو بۆ مانەوەی دەستەڵات و بۆ پاراستنی قازانجی ئیمپریالیزم لە سەرانسەری ئەم ناوچەیە دامەزراون ٠ ئەوپێگە لەشکریانە بۆیە دامەزراون کە وەکوو زنجیرەیەکی لەشکری گەمارۆی وڵاتانی سوسیالیستی پێبدەنو جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوایەتی پێ سەرکوت بکەنو حکوومەتە پێشکەوتوو و دیموکراتیکەکانی ئەم ناوچەیەی پێ بێهێز بکەن ٠

له ژماره ٣ی گۆواری دنیاوەرگیراوە

پاشماوەی حەمەی ٠٠٠

نوسیویە تیایا ئەڵێ :

ساڵی جارێ هەر ئەبێ ئەمشارە بێتە مەزبەلە
یا بە بومبا ، یا بە ئاگر ،یان بە بارانی بەڵە
ئاگرت تێ بەربێ گەردون ،وا ئەبێ دەورو خولت
نایەتی قەتمەزرەعەی ئومیدی کورد بێ دوو پەلە
بۆ موزەڕەت هەر تەنەزولتان کە فەرمو بۆ زەمین
عادەتت وایە کە کوردستان بکەیتە مەرحەلە
بۆچی بوینەمەخسەرەی ئەرزوسەما ئەی مەملەکەت ؟
بۆچی بوینە مەعرەزی ئافات وفیتنەو وەلوەلە !

***

دواکەوتوی گەلی کوردو چۆنێتی ڕوخساری خاکی کوردستان کاری کردۆتە سەرشاعیرو پەیبەدڵ سکاڵای نیشتمان ئەکاو ئەڵێ :

ئەی خاکی وەتەن بێ فەرەحوزەوقو سەفا خۆت
پڕ حادیسە مەحکومی هەموحوکمی قەزا خۆت
باز بەچی یە سەرپەنجەیی ئەربابی ریا خۆت
بێ ئوردو بە بێ زەمزەمەیی شاەو سەرا خۆت
سەد ئاە کە بوینە هەدەفی دەردو بەلا خۆت

***

شاعیری مەزنو ئاین پەروەلە روژی ١٢ی تشرینی دووەم لە ساڵی ١٩٣٦دا بە نەخۆشیەکی کتوپڕی (دڵەوەستێ) گیانی پاکی بە نیشتمان سپارد وە لەهەمان سەرچاوەی لە دایك بونی (شاری سلێمانی) لەگەردی سەیوان نیژرا ٠

فەرهەنگی زانیاری - پاشماوە

نەبوونو روژنامەچیەتی پیویستی بە پراکتی زور هەیە٠ روژنامەنووسە تازە هەلهاتوەکانیش بویان دەرکەوت نوسینی خەست لەبارەی مەسەلەی قوولی سیاسیو ئابوریو کۆمەلایەتیەوە زۆر ئاسان نیە ٠٠

لەپاشان روژنامەچیەتی وەکو جوریك لە بازرگانیی لێهاتو بۆبە هۆی گۆرانی سیاسیو زمانی حاڵی حیزبو کوڕو کۆمەڵی سیاسی وکومەلایەتی٠٠ هەر لە هەوڵ وتەقەلای پارە پەیداکردندا ، « روژنامەچیەتی زەرد » پەیدابو ٠ نەك هەر ئەمە دوو روژنامەی نیویورکی بوون بەهۆی بەرزبوونەوەی ئاگری شەر لەبەینی ئەمەریکاو ئیسبانیاندا ٠

ا٠ش

لەئیسکوپیدیا بریتانیکاوە وەری گرتوە

: ● :

پاشماوەی : سەرنەکەوتنی

پەیمانی ژووروی ئەتلەسی بەرامبەر بەسەر نەکەوتنی ئەو نەخشەیەیان داناوەو ئەو کودەتایە ورایانگەیاند کە چەندین جار بەیارمەتی (کرامینلس) کە ئێستا سەرەك وەزیرانە بەرێگای هەلبژاردنێکی شەرعیانە هاتۆتە سەرکارو وەزیرانی ئێستا کۆبونەتەوە بۆ رەنگڕشتنی ئەوکودەتایە ٠٠ بەقسەی رۆژنامەکە ئەم ئەفسەرە گیراوانە فاشستیو پیاوی (سی ٠ ئای ٠ ئەی)ین ٠

(کرامنیلس)ی سەرەك وەزیرانی ئێستا کۆبونەتەوە بۆ ئەنقەرە دیموکراتیە !) کە پێویستە لە یونانی دراوسێی تورکیا دا بچەسپێنرێ ، چونکە رێژیمە میلیتاریستیەکەی پێشوو ئەو ئالۆزیانەیان خستە نێوان هەردوو دەوڵەتی تورکیاو یونانو گوایە وەکوو کاربەدەستانی تورکیا ئەڵێن ، کە ئەنجامەکەشی پەریشانیی دۆخی ناوچەی رۆژ هەلاتی ناوەراست بوو ٠٠

پاشماوەی : تەوا وبونی کاروباری ٠٠

مەقالانی خۆشەویست
ئاشتیو ئاسایشی ئاسیا لە ئاشتیو ئاسایشی ئەفەریقاو ئەمەریکای لاتینو تیکڕای ئاشتیو ئاسایشی جیهان جیا ناکرێتەوە ٠٠ دەبا تێبکۆشین لەپێناو ئاشتیو ئاسایشدا ٠٠ ئنجا نوێنەرو بەشدار بووان یەکەیەکە سەرو وتاریان خوێندەوە ٠ وە دوێنی کاروباری کۆنگرەکە تەواوبو و ، وە چەندین بریارو بەیاننامەیەکی سیاسی دەرچوو کە بەناوی « بەیاننامەی بەغدا لە پێناوی ئاشتیو ئاسایش لە ئاسیادا » ناوبرا ٠٠ بەشدار بووان نامەیەکیان ئاراستەی سەرکومار کردتیایدا رایانگەیاند کە پشتگیری عیراق ئەکەن دژی دەست درێژیەکانی کۆنەپەرستانی ئێران ، وە کومەك بە گەلی عەرەبو ناوچەی خلیجی عەرەب ئەکەن لە خەباتدا دژی نەخشە فراوان خوازیەکانی ئێران ٠٠ هەروەها رایانگەیاند کە ئەو دەست درێژیانەی رژێمی ئێران ئەیکات بەشێکە لە نەخشەکانی ئیمپریالیزم کە دژی گەلانی ئاسیا کێشراوە ٠

لەبەیاننامەکەدا چوار چێوەی کارکردن لە پێناو رزگاربوونی گەلانی ئاسیاو پێشکەوتنی کۆمەلایەتیو ئابوریان دیاری کراوە لەم بوارەدا وتراوە :-

ئیمرۆ پتر لە هەموو کاتێ ئاسیا پیویستی بەوە هەیە کە زروفێکی لە باری بۆ دابین ببێ بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکانیو بۆ جێگیر کردنی ئاشتیەکی هەمیشەیی و ئاسایش تیایدا ٠٠ بەڵام دەستە بەر بوونی ئەو ئاشتیو ئاسایشە شتێکی وا سوکو ئاسان نیە ، چونکە ، تائێستاش ئاسیا ، روو بەڕووی هەڕەشەو سیاسەتی دەست درێژی ئیمپریالیستەکان ئەبێ ٠٠ تا ئێستاش مەلبەندی گرژ بوونو شێراوی لە هیندی چینو رۆژهەلاتی ناوەراستو قبرص پتر تەشەنە ئەکەن ٠

---

institut kurde de paris

فەرهەنگی زانیاری

- رۆژنامەچیەتی -

مەبەست لە رۆژنامەچیەتی ، پیشەی کۆکردنەوەو نوسینو ریکخستنی دەنگوباسە • رۆژنامەچیەکانیش ، وەکو هەوالنیرو لێدوەرو چاودێر بارێکی تەواوتایبەتیان هەیە ، و ئەو ناوی «دەسەلاتی چوارەم »ە کە لێیان نراوە، پرر بەپێستیانە گرنگی رۆژنامەچیەکانو ئەو دەورەی کە لە کۆمەڵ دائەیبینن بە هەڵێنجانو راگەیاندنی هەواڵ ، تەنها لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە ناسراوەو دانی پیدانراوە • ئەم گرنگیەش زیاتر لەوەوە دێت کە گەلێک لە نوسەرانی بەناوبانگو پیاوی گەورە لەپێشدا وەکو رۆژنامەنوسێک کەوتوونەتە بەرچاو • لەمانە ، پیاوی وەکو راتییل ویفو (سەدەی هەژدەیەم) رچالس دیکنز (سەدەی نوزدەیەم) ونستون چەرچل (سەدەی نوزدەیەمو بیستەم) لەئینگلتەرە بنیامن فرانکلین (سەدەی هەژدەیەم) مارک تویین (سەدەی نۆزدەیەم) تیودور روزفلت (سەدەی بیستەم) لەئەمەریکا کومەلێکی گەورە لەسیاسیەکانی فەرەنسە هەرلە ریچیلووە (سەدەی حەفدەیەم) هەتا کلیمانسۆ (سەدەی بیستەم) ، وەنوسەری گەورەی وەکو گۆتە و شیلەر (سەدەی هەژدەو نۆزدە) لە ئەڵەمانیا •

لە چارەکی دووەمی سەدەی بیستەمدا ، خەڵکێکی زۆر رووبیان کردە رۆژنامەچیەتی وئەمە بو بەهۆی ئەوەی هەستێکی زور توند دروست ببێ بەرەو ئەوەی رۆژنامەچیەتی بکری بە پیشەیەکی جیاواز وسەربەخۆ •

«ریکخراوی رۆژنامەنو سەکان» لە سالی ١٨٨٣دا دروستبو ، لەگەڵ ئەویشدا ئەنستیتوی ناسراوی رۆژنامەنووسەکان لە بریتانیا دروستبو ، دوابەدوای ئەوان « نیقابەی رۆژنامەکانی ئەمەریکا » کە لە سالی ١٩٣٢ دامەزرا ، وفیدراسیونی نیشتمانی رۆژنامەکانی فەرەنسا

لەپاش بەشی دوهەمی سەدەی نوزدەهەم ، زۆربەی زۆری رۆژنامەچیەکان ئیشیان وەکو « شاگرد » یا ، کریکاری گواستنەوەی شتی نوسراو » دەست پی کرد ، هەندیکیشیان وەکو « هەوالنیری تازە هەڵچو» کەوتنە کار •

هەوەل کورسی رۆژنامەچیەتی لە دانشگا ، لە سالانی ١٨٧٤ - ١٨٨٤ لە دانشگای میسوری (کولومبیا) دانرا ••• لە سالی ١٩١٢ دانشگای کولومبیا لەنیویورک یەکەم پروگرامی خویندنی رۆژنامەنوسی دامەزراند لەژێر چاوەدێرو سەرپەرشتی « جوزیف پولتیزیر » نوسەرو بلاوکەرەوەی رۆژنامەی « نیویورک سیتی » دا • دوا بەدوای ئەمە ناکوکیەکی زۆر توند کەوتە نیوان رۆژنامەنوسە (مەسلەکیەکان)و رۆژنامەنوسە دانشگاییەکانەوە ، چونکە تاقمی یەکەم بەچاوی سووکیو نەزانی سەیری تاقمی دووەمیان ئەکرد لەپاشدا دەرکەوت کەوا تاقمی یەکەم زۆر لەسەر ناهەق

بروانە ل - ٧

• بالە خۆمانەوە دەست پێ بکەین • • • •

ئای چەند بەختیاریە کاتێک مرۆڤ بەلاپەڕەکانی رابوردووی خۆیدا ئەچێتەوەو سەربەرزرائەوەستێ بەرامبەر گەورەیی و پیرۆزی ویژدانو ڕووسپیی یەتی لەبەر دەم هەموو کردەوەیەکا کە لە هەموو ڕوویەکەوە کردوویەتی •• بەڵێ وەك لینین ئەڵێت : « ئەوی ئیش نەکات چەوتیش- ناکات » لەم ڕووەوە کورد ئەڵێت : هەر خوایە هەلەناکات ، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ، چەوتی تا چەوتی نیوانی هەیەو لەیەك جیاوازن ، چونکە چەوتی هەیە نارەوایەو کردەوەیەکی زۆر ناشیرینە کە زیانێکی گەورە بەکۆمەل ئەگەیێنێ ، چەوتی ناپاکی (خیانەت)یش لەپێشەوەی ئەو چەوتیو کردەوە ناشیرینانەیە ،جا ئەم ناپاکیە بەرامبەر نەتەوەو ولاتو مرۆڤایەتی یان بەرامبەر کۆمەلێك یا پارتیەك یا دڵداریو ژنو مێردایەتی بێت • لام وایە کەم کەس هەیە لە ژیانداتووشی چەوتیو هەلەکردن نەهاتبێ ، بەڵام ئەم چەوتیەش بەمرۆڤە چ نێر بێ چ مێ ، جاسروشتی ئەم چەوتیە هەرچۆنێك بێت ، هەڵوێستی خۆی لەو رووەوە ساغ کردۆتەوە باش گەز بۆتەوە لێی دوای ئەوەی کە چارەی بۆ دائەنێو جاریکی ترنایکاتەوە ، لەم رووەوە بەردباران کردنی ئافرەتە تاوانبارکراوەکەی سەردەمی (عیسی) چاکترین بەڵگەیە بەدەستمانەوە ، کەئەوانەی ویستیان بەردبارانی کەن کەسیان بێ گوناح نەبوون •

ئێمە هیچمان لەگەڵ چەوتی دانین ئەگەرچی ئەشی کەین ، هەروەها ئەگەر بیینە سەر ئایینیو ئایدیولوژیەت ، چ رێبازی ماتریالیزم چ ئایدیالیست • ئەمرۆ لەگەڵ ئەوە دانین کە خەڵك چەوتی بکات ، بەڵام ئەوەی کە ئێمە لەم نووسینەدا بایەخی پێ ئەدەین ئەوەیە چەوتی رووئەدات و مرۆڤیش ئەیکات ، بەڵام سەیر ئەوەیە کە ئێمە لەروی باسکردنی چەوتیەوە تا ئێستا لە چەرخەدا ئەژین تەماشا ئەکەین ئەم چەوتیە بەزۆری بەسەر ئافرەتدا ئەسەپێنیرێت و پیاویش هەزاران چەوتی ناڵەباری بکات لێ پرسینەوەی نیەو دەرگای بۆ خراوەتەسەرپشت •• کەس لەگەڵ چەوتی دانیە کە بکرێ ، بەڵام چەوتی دەستکردی ئەو کەسە خۆی نیە بەلکو زۆر هۆی مەوزوعی کاری خۆی ئەکات لەروودانی ئەم چەوتیە ، مروف کە لە دایك ئەبێت پاك و بێ گەردە ، چەوتیو تاوان لەگەڵ خوی دا ناخاتە دونیاوە ، بەپیچەوانەی ئەم رایەی کەوا- ئەزانن ئەو شتانە لەناچەوانی مروڤ نووسراونو بەدەست خۆی نیە •

بۆمان ساغ بۆتەوە کە هیچ جیاوازیەك نیە لە نیوانی ئافرەتو پیاوداکەچی هەرشتێك لە نیوان هەردولا کە ڕووئەدات هەر ئافرەتەکە تاوانبارە ، پیاوەش گەر لەناو چلپاوی کردەوەی ناشیرینەدا بخولێتەوە پەنجەی تاوانبارکردنی بۆ درێژ ناکرێت •

جا ئەبێ چۆن ئافرەت محاسبە ئەکرێت پیاویش محاسبەبکرێتو خۆی لەخۆی ببیچێتەوەو بەکردەوەکانیدا بێتەوەو چەوتیەکانی خۆی لەملی ئافرەت نەئالێنێو خۆی وەك بەرزەکی بانان بۆی دەرچێ •

أ• زەردەشت

★

گۆڕێك لەرابوردوو

« لە رۆژنامەی ژیانی ژمارە (٢١٢)ی رۆژی هەژدەی تشرینی دوهەمی ساڵی (١٩٢٩)ەوە » •

سعدون چۆن (انتحاری) کرد •

رۆژنامەکە ئەڵێ :

(••• سعات هشت انکلیزی شەوی سیازدەمانك لە نادی عراقیەوە اگریتەوە مالی خویان لەکراده شرقیە وەکو چون اصولی پیوە گرتوەهروا دەست اکابەنان خواردن ، لە دواییدا أچیتە ژوری نوسینو کاغدیك انوسی بو علی بك کوری کە ایستا لە بریطانیا لەکلیەی برمنکهام دا تحصیل اکاتو کاغزەکە أخاتە ظرفەوەو منتظم اردسەکەی انوسی • لە سعات نوی انکلیزی دا لە پریکادەنکی تقەییك لە ژورەکەدیتو عائلەکەی واهلی مالەکە لە تاوانا را اکەنە ژورەکەی ، تماشا أکەن مرحوم کەوتوەو لە دلیەوەخوین فەوەران اکات ••)

وا مختصرا صورتی وصیەتەکەشی عرض کرا •

ای کورم علی ، رجا اکەم عفوم بکە ، خاتمەم بەحیاتی خوم هینا چونکە لذەتیکو شرفیکم لی نەدی ، ملتەکە داوای خذمت اکات • انکلیزەکان موافقت ناکەن ، یارمەت دەریکم نیە • عراقیکان ضعیفن ، واظن ابن من خائنی وطنەکەمو پیاوی انکلیزم • أم مصیبتە گورەیەچیە ، تحملی همو حقارت واذیتیکم کرد لەری ترقی ام وطنەدا •• ای کورم وصیتی آخرم بوتوامەیە ١- لەگەل برا بچوکەکەتا زور مشفق بە وحرمتی دایکت بگرەو بەرامبەر بە وطن مشفق بە ٢- اخلاصیکی تواوت لەگەل جلالت ملك فیصل واولادو احفادەکانیا هەبی ••)

ئارام : خوات لێ رازی بێ سعدون کە چوارجار وەزارەتت پێك هێناو ئاخری خۆت کوشت گوایە ، گەلی عیراق (ضعیف)ن • گەل هەرگیز (ضعیف)نابێ و نافەوتێ دوینێ مافی دەستنەکەوت ، ئەمرۆ پێی گەیشت ، مەلیك نەماو ئینگلیز کرایەدەرەوە ، ئەو ئینگلیزەی ئێستا بەدەست دەردو گیروگرفتی خۆیەوە لە هەمو کەس زیاتر ئەنالێنێ ، پیاوی دلسوزیش هەمیشە لە دڵی میللەتدا ئەژی •

هەرچارەی نوسینێك

رۆژی قیامەت لە ئەمەریکا

ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا (و، یە، ئە = یو•أس•ئەی) یەکێك بوو لەو ولاتانەی کە باسی قیامەتو رۆژی حەشر مەگەر هەر لە کلیسەکانیدا بکرێت •• بەڵام لەم رۆژانەدا کە باری ئابوری ولات لاسەنگ بوە وشیرازەی گوزەرانی خەلکی هەڵتەقاوە چ گوڤارو رۆژنامەو چیروکی شانۆو فلیمێکی سینما ئابینیت باسی ئەو فەلاکەتە نەکات کە ئەمەریکا بوی غلور دەبێتەوە •• ئەوەبو مێژوونا سی ناسراو (جیوفری بارگلوگ) لە دوا ژمارەی (نیویورك تایمز)دا پڕ بە دەم هاوار دەکات کەوا ئەمەریکا بەرەو هەزار بە هەزاری تەنگو چەڵەمەیەکی جیهانی بەرباد دەروا •• هەروەها گوڤاری (نیویورك فیلاژفویس) بلاوی کردەوە کەوا ئەمساڵ جیهان توشی دەکۆستی گەورە دێت وەکو بومەلەرزەو لافاوو قاتو قریو گرانی •• وە گوڤاری (سکوایر) خەریکی بلاو کردنەوەی رملە ، کە گوایا دنیا بەرەو نەمان دەچێت •

سالی پێشو کتیبەکەی پەسپوری ئابوری (روبرت هیلبورنر) کە بە ناوی (پشکنینێك لە بارەی توانای مرۆڤەوە) زۆرترین ژمارەی لێ فرۆشرا چونکە باسی تەنگو چەڵەمەی ئابوری دەکات •• هەروەها زانای بیولوژی (پول ئرلینگ) لە کتیبەکەیدا (کۆتایی شادمانی) دەڵێت : گومەڵی پیشەسازی بەرەو نەمان دەچێت ••• وە لە دواییدا نا مۆژگاری خەلك دەکات کە روو بکەنە کیوەکانو لە ناو ئەشکەوتەکاندا پەنا بۆ خۆیان بدۆزنەوە لە ترسی بۆمبای ئەتۆم ••

ئای ماڵی (تەنگو چەڵەمەی ئابوری) کاول بێت کەواسەری لە عالەمی سەرمایەدار شێواندوە ووای لێکردون هەر ببرزکێنن ••

- رەنج -

(*) بۆ ئەم باسە سەیری رۆژنامەی (المحرر)ی لبنانی کراوە •

ئەحمەدی خانیی بیر رووناك و فەیلەسووف

دکتۆر عیزەددین مستەفا دەمێکە خەریکی لێکولینەوەیەکی گەورەیە دەربارەی ئەحمەدی خانی کەنزیکەی ٦٠٠ لاپەڕە ئەبێتو بەزمانی عەرەبی دایناوە ئەم لێکولینەوە وا لەژێر چاپدایە

قسەی بەجێ

ژن مەڵی هەرە جوانی سەرزەمینە •

ئەلفرد دۆمۆس

ئازادی بۆ مرۆڤ نایەتەخوار پێویستە مرۆڤ بۆی سەرکەوێ

هۆگۆ

پیاوی سەرکەوتوو سستە لەقسە کردناو گورجە لە کردەوەدا •

کونفوشیوس

لەسلیمانییەوە : عەباس شوان ناردوویەتی

شاعیری سەدەی بیستەم

ئێستا بخەوینو
پاش سەد ساڵی تر بەئاگابێین ، نەخێر
خۆشەویستەکەم
سەردەمی خۆم نامترسێنێو لەدەستی راناکەم
من ڕۆژێك لەڕۆژان پەشێمان نیم کە زوو
هاتوومەتە دونیاوە
من لەسەدەی بیستەمەو
شانازی بەوەوە دەکەم •

ناظم حکمت

پاداشتی پێشبرگەی ژمارەی "٢٥٢"ی هاوکاری

لێژنەی سەرپەرشتی کردنی دابەش کردنی پاداشتی پێشبرگەی هاوکاری ، ناوی بەشدارەکانی کۆبۆنی ژمارە (٢٥٢)ی راگێشا ، لەئەنجامدا ئەو برایانەی خوارەوە پاداشتی هاوکاریان بەرکەوتو پیرۆزبایی یان لێ ئەکەین :-

پاداشتی یەکەم : پەندانێکی پارکەری (٥١)ە بەر جبار حاجی کریم خان کەوت : لە سلیمانی ، پۆلی سی هەمی ناوەندی قوتابخانەی پەیمانگای ئیسلامی پاداشتی دووەم : پەندانێکی (٢١)ە بەر کاوە عبدالله کۆیی کەوت لە کۆیە : قوتابخانەی ناوەندی کۆیە :

پاداشتی سی یەم : بەشدار بوون لە هاوکاری وبەیان بو ماوەی (٣) مانگ بەر محمد احمد کریم کەوت : لە خانقین بە هۆی سید احمد شبرەوە •

ئەوەی کە شیاوی باسە (٤٠) کەس بەشداری ئەم پێشبرگەیە بوونو شیکارەکەیان راست بوو •

تابلۆی ژمارە

ساڵی ئافرەتانی جیهان

• دەست کردی هونەرمەند - عەبدوڵلا عەلی - •

لەم جیهانەدا

١ - کاتی هاتووە

(های تایمز) واتە کاتی هاتووە ، ناوی گۆڤاریکی تایبەتی یە بەبێهۆش داروو- کانەوە لە ئەمەریکادا دەرئەچێتو نرخەکەشی یەك دۆلارە ، بەرامبەر ئەم نرخە خەلك زانیاریەکی تەواو فیر ئەبن دەربارەی نوێترین داهێنانی لەدەرەوە هاتوو ، گۆڤارەکە ناوی ئەو شوێنانە بلاوئەکاتەوە کە دەرمانی بێهۆشی یان تیادا دەست ئەکەوێتو لیستەی هەموو بازارەکانیشیان بۆ دەست نیشان ئەکات هەر لەئەمیستردامەوە تا قییەنا •

٢ - بەڵگەیەکی پتەو

پولیسی بەریتانیا (تۆماس شۆ)ی بەتاوانی ئۆتۆمۆبیل دزین گرت ، بەڵام کاکی تۆماس بریاری دا کە ئەو شتەی ئەبێنە تاکە بەڵگەو دژی ئەوە ستێت لە ناوی بەرێت ، ئەویش (٣) سویچی ئەو ئۆتۆمۆبیلانە بوو کە دزی بوونیو لە گیرفانی خۆی نابوو ، سویچەکانی قوتدا •• بەڵام پولیس بەتیشکی ئێکس وینەی ورگی کێشاو بەلگەکەی دۆزیەوەو بەرامبەری راگرت •

٣ - مەیموونی هونەرمەند

دەمێکە شەمپانزی بەهونەری رووت (تجریدی)یەوە ناوی دەرکردووە بەشێوەیەکی تایبەتی چوارشەمپانزی باخچەی جانەوەرانی شاری بورتلاند لە ئەمەریکا ، ئەو هونەرمەندانە داخوازیەکانی ئەو خەڵکەیان پێ جێبەجێ ناکرێت کە بەردەوام داوای تابلۆیەکانیان دەکەن ، بۆ نموونە ئەو تابلۆیەی (٨) بە (١٠) گرێیە (٥ر١٢) دۆلار ئەکات ، تائێستا شاکارەکانی ئەوانە (١٥٠٠) دۆلاری کردووە •

**

گۆشەی منداڵان

- گۆڤاری منداڵان(١) -

دوای سەرماو سۆڵەو زەقیانەتی هەفتەیەك تیشکی رۆژ بە پرچی زەردیەوە خۆی یەکاڵا کردەوە ، ئاسمانی شینی پانو بەرینو لوتکەو قەد پاڵی سپی پۆشی رەنگین دیمەنێکی دڵ فرێنیان نیشانەی چاوی مرۆڤ ئەدا •

چلورەکان ئەتوانەوەو باڵندەکان باڵە فرێیان بوو ، منداڵانیش بەشداری ئەم خۆشیو کامەرانیەیان ئەکرد •

وانەی سێیەمە ، لە دەرگاکە درا یاریدە دەری بەرێوەبەر بە کۆمەڵێك کتێبی رەنگاو رەنگەوە خۆی کرد بەژوورا و قوتابی یەکان سەرنجی دەستیان ئەدا •

- کورم ئەمە دوو زنجیرە چیرۆکی کوردیە یەکێکیان لە ژێر ناوی پاکژی و دووەمیان لە ژێر ناوی سێودا بۆ منداڵان چاپ کراوە کە بەرێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی بەشی هۆی فێر کردن دەری کردووە کێ ئەیەوێت ؟

ووشەکانی دوایی گرنگ نەبو لە لایان ، ئەوەی گرنگ بو (چیرۆکی کوردی بۆ منداڵان) بوو •

هەموو وەك پورەی هەنگ لێی کۆبونەوە ، وەك گولێك بمژن لە سەرەتای بەهارو کۆتایی زستانداا •

منداڵەکان وەك گوڵ گەشانەوە • دوای سیس بوونی چەند ساڵە بە خۆیاندا هاتنەوەو تینوێتی دڵو دەروونو ئاکامی چاوەروانی رۆژانی پێشوویان شکاند •

ئای کە جوان بوو دیمەنیان ، ئەو چیرۆکانەیان بە دەستەوە بوو لاپەرەکانیان هەڵ ئەدایەوە، سەرنجی وێنە رەنگاو رەنگەکانیان ئەدا • چیرۆکە بەتامو چێژەکانیان ئەخوێندەوە •

بزەو خەندەو پێکەنین لە سەر لێویان دروست بوو ، پەژارەو دڵ تەنگیو برسێتی لە بیر بردنەوە ، جلە درواوەکانیان یە کاڵا بووەوە •

لە هەمووی خۆشتر و دڵ فرێن تر ئەوە بوو ، هەموان دەستیان ئەکرد بە گیرفانیانا وورۆژانەی ئەو رۆژیان کە وەریان گرتبوو ، دەرئەهێناو پێیان ئەکری •

- ماموستا زۆر هەرزانە •
- بە چەندە ؟
- بە بیستو پێنج فلسە •
- ماموستاتۆ تەماشای وێنەکانی بکە چەند جوانە ، ئەوە ماموستا بۆ پێیان ناڵێیت هەمو جارێك لەم چیرۆکانەمان بۆ چاپ بکەن •

ئەمە هەستی منداڵێکی هەشت ساڵانە بوو کە لە دڵو دەروونیکی پاکی بێ گەردو خاوێنەوە ئەهاتە دەرەوە •

هەمو گیروگرفتێك لەلای گرنگ نییە ، ئەوەی گرنگە بوونی ئەم زنجیرە چیرۆکانەیە •

- کورم باشە منیش بەشداری خۆشیو بەختیاریو کامەرانیتان ئەکەم بە چەند دێرێك لە سەر لاپەرەکانی رۆژنامەی هاوکاری بەرێزو سوپاسو چەپڵەم بۆ بەرێوەبەرێتی گشتی خوێندنی کوردی بۆ ئەم کارە گرنگە پڕ لێ پرسینەوەو هیلاك بوونو دلسۆزی یە هیوادارم لەمەودا بێ بەشمان نەکات لەم بابەتانە

ظاهر ئەحمەد سەوز سولەیمانی

(١) دەمێکە منداڵانی کورد چاوەڕوانی گۆڤاریکن تینوویەتی یان بشکێنێو دەرگای جیهانی منداڵانیان بۆ بخاتە سەرپشت • هەگەر ئەم ئەرکە پیرۆزەش بەریوەبەرێتی روشنبیری کوردی بیگرێتە ئەستۆی خۆی و ئاواتی منداڵانی کورد بینێتە دی •

(هاوکاری)

ژمارەی سپاردن بەکتێبخانەی نیشتمانی ١٥٦ی ساڵی ١٩٧٤

inaltuni kurde de paris